# جەلال تاڵەبانی

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی فەرەنسادا

(1968-1962)

دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی
PRESIDENT JALAL TALABANI FOUNDATION
مؤسسة الرئيس جلال طالباني

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی-یە

# جەلال تاڵەبانی

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی

## حکوومەتی فەرەنسادا

## (1968-1962)

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، پێشەکی و پەراوێزنووسینی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

سلێمانی – 2025

- **ناوی کتێب:** جەلال تاڵەبانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی فەرەنسادا 1968-1962
- **وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە:** د. نەجاتی عەبدوڵڵا
- **بابەت:** بەڵگەنامەیی
- **دیزاین:** دێنیێ ئەنوەر
- **چاپ:** چاپی یەکەم 2025
- **چاپخانە:** تاران

**ژمارەی سپاردن:** ( 1912 )ی ساڵی 2025 بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە.



**جەلال تاڵەبانی** (2017-1933)

بۆ خەباتی پێشمەرگەی ئازادیی کوردستان و ڕێی یەکسانیی

## هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد،

هاوژین و هاوسەنگەری مام جەلال

دیاری و پێشکەشـــــــــــــــــە

# پێشەکی وەرگێڕ

مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد تەنانـەت قۆناغـە زۆر تازەکانیشـی ئـاوا بـە وردی نەنووسراونەتـەوە و تۆمـار نەکـراون و کاری وا زۆریان لەسـەر نەکراوە. سـاڵانی شێستەکانی سـەدەی ڕابردوو لـە مێژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی باشـووردا، شـوێنێکی زۆر دیـار و بەرچاوی هەیە و چاوی هەمـوو کوردانـی جیهان تەنیا لەسـەر ئـەو پارچەیە بـووە، کـە خاوەنـی بزووتنەوەیەکـی چەکدار بـووە و بـۆ گەیشتن بـە ئـازادی هیـچ ڕێگەیەکـی دیکـەی لەبەردەمـدا نەماوەتـەوە جگـە لـە شـەڕ نەبـێ بـۆ ئـازادی. کاروانـی نەپسـاوەی ئـەم مێـژووە، خاوەنـی سـەدان لاپـەڕەی پڕ فیداکاریـی و بەهـەزاران شـەهید و سـەدان سـەرکردە و ڕێبـەر بـووە، لـەم کاروانـە دوورودرێـژە و سـەختەدا قوربانیـان بـە ژیـان و خۆشـییەکانی خۆیـان داوە. یەکێـک لـە ڕێبـەر و سـەرکردە دیـار و هـەرە بەرچاوەکانـی سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیستـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەک، جـەلال تاڵەبانـی یـا وەکـوو ئـەوەی بـۆ خۆشەویسـتی لەنـاو کـورد ئـاوای پـێ دەوترێـت، مـام جـەلال (1933-2017) بـوو. لەنـاو مێـژووی شێسـت سـاڵی خەبـات و کۆڵنەدانـی بـێ پسانەوەی خۆیـدا، مـام جـەلال بەتەنیـا مێژووی نەتەوەیەکە بـۆ خـۆی، سـەرکردەیەک کە هیچـی کەمتر نەبـوو لـە (چەرچـڵ)، (شـارل دوگـۆل)، (هۆشـی مینـە)، (گیڤـارا) و (ماوتسـی تۆنـگ).

ئـەم بەڵگەنامانـەی کـە لێـرەدا کراونەتـە کـوردی و کۆکراونەتـەوە، ڕووی گەشـی بەشـێکی زۆر کـورت لـە خەباتـی دوورودرێـژ و بـێ پسـانەوەی ئـەم سـەرکردە مەزنـەی گەلەکەمـان دەخەنـەڕوو، لەنـاو هەمـوو بەڵگەنامەکانیـش زۆر بەڕوونیـی ئـەوەت بـۆ دەردەکەوێـت، مـام جـەلال چەنـدە سیاسـییەکی زیـرەک و دیپلۆمـات و ژیـر و وردبیـن بـووە. زۆر بـە وریاییـەوە قسـەی کـردووە و زانیویەتـی چ دەڵێـت و ئامانجـی چییـە و زۆر دیپلۆماسـییانە ڕەوتـاری کـردووە. لەنـاو هەمـوو ئـەم بەڵگەنامانـەدا زۆر بـە گەورەیـی پۆرترێتـی سـەرکردەیەکی دیپلۆماتـکار و سیاسـییەکی زۆر ژیـر و کارامـە دەبیـن، کـە بەداخـەوە تـا ئێسـتا وەکـوو پێویسـت هەقـی خـۆی پـێ نـەدراوە. بـەو هیوایـەی کـە ئـەم هەوڵـە بچووکـەی ئێمـە، دانـەوەی

بەشێکی بچووکی ئەو قەرزە زۆرەبێ کە مام جەلال بۆ نیشتمان و گەلەکەی دای، وا ئەمڕۆ بەسەر شانی ئێمەوەیە بۆ دانەوە. بەو پێیەی کە مێژووی هەموو سەرکردە و ڕێبەرە کاریزماکان لە بنەواندا مێژووی گەلەکەی خۆشیانن، هەر بۆیە ئەم کتێبەیش هەر بە تەنیا کتێبێک نییە لەسەر مام جەلال و مێژووی خەباتی بە تایبەتیی دیپلۆماتیی مام جەلال، بەڵکوو لاپەڕەیەکی زۆر گرینگ و درەوشاوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیشە لە کوردستانی بندەستی عێراق لە گەرمەی ساڵانی جەنگی ساردا.

لەخوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانە بۆت دەردەکەوێت، مام جەلال لەو سەروبەندەدا، بەتایبەتی لەسەفەری بۆ فەرەنسا، کە تەمەنی تەنیا هەر (30) ساڵان بووە، بەڵام ڕۆژنامەنووس و ناوەندەکانی سیاسیی لە فەرەنسا زۆر بە لێهاتووییەوە باسی دەکەن: **(دەوروبەری 35 ساڵی تەمەن**[1]**، وشیار، ئاشکرا و ورد، کۆلۆنێل تاڵەبانی بەشێوەیەکی نایاب ئامانج و خواستەکانی گەلی کوردی بۆ دەستنیشان کردین)**، ئەمە وتەی ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە ساڵی 1963 نووسیویەتی.

مام جەلال زیاتر ئەو کاتە وەکوو دیپلۆماتکارێک بەدیار دەکەوێت، کاتێک دەبێتە سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ دانوساندن لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و دواتر سەفەری بەیرووت، دیمەشق، قاهیرە، ئەڵمانیا، فەرەنسا ،بەریتانیا، نەمسا دەکات و لێرەدا وەکوو دیپلۆماتکارێکی زۆر بە ئەزموون ، دونیادیدە و خوێندەوار هەڵسوکەوت دەکات و چاوپێکەوتنەکەی بەتایبەتی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئیزڤیستیا)ی ڕووسی (1963) لووتکەی ژیریی و ئەندێشەی ئەم سەرکردەیە بەدیار دەدەخات، کە چەندە خاوەنی پاشخانێکی سیاسی و فەرهەنگیی گەورە بووە.

بۆیە من پێموایە لەناو ڕیزی دیپلۆماتکارانی کورد، ئەوانەی کە زۆرترین پەیوەندی دیپلۆماسیی و نامە و یادداشتنامەی نووسراویان لە پاش بەجێماوە، لەدوای جەنەڕاڵ شەریف پاشا، سورەیا بەدرخان بەگ، سەیید عەبدولقادر ئەفەندی، مەمدوح سەلیم، مەلا مستەفا بارزانی و میر کامەران بەدرخان، ڕاستەوخۆ بێ دوودڵیی دەتوانم بڵێم مام

[1] ڕاستییەکەی مام جەلال لە سەروبەندی ئەم سەفەرەدا تەمەنی (30) ساڵ بووە، نەک (35) ساڵ (وەرگێڕ).

جـەلال نـاوی دواتـری ڕاسـتەوخۆی ئـەم کاروانەیـە پڕ شـکۆیە.

خوێنـدەواری خۆشەویسـت، گوڵبژێریـی ئـەم بەڵگەنامانـەی کـە لێـرەدا کراون بـە کـوردی، مـاوەی زیاتـر لـە دوو دەیە زیاتـر کاری گەڕان و سووڕانیان بـۆ کـراوە و کۆکراونەتـەوە و لەنـاو فایلێکـدا دانـرا بـوون بـۆ کارکـردن، زۆر بەداخـەوە کـە کێشـە و گرفتارییەکانـی کار و ژیـان لـە لایـەک، وەسـتان لەسـەر ڕێگەپێـدان بـۆ بەردەستخسـتنی فایلێکـی ئەرشـیڤ، بەهـەر جۆرێـک بووبـێ کاری وەرگێـڕان و تەواوکردنـی ئـەم پرۆژەیـە گەورەیـەی زۆر وەدواخسـت، دەنا بەڕاسـتی دەبـوو زۆر زووتـر بڵاو بکرێتـەوە[2]. هەرچۆنێـک بـێ ئـەم بەڵگەنامانـە بەشێکیان لـە ئەرشیڤی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسا پارێـزراون و بەشـێکی دیکەشـیان لـە ئەرشـیڤی سـوپای زەمینـی فەرەنسـا لـە کۆشـکی ڤانسـێن پارێـزراون[3] ئـەوەی ئێمـە لـەو هەمـوو مـاوە دوورودرێـژەدا بەدوایـدا گەڕاویـن، وا هەسـت دەکەیـن بەشـێکی زۆری ئـەو بەڵگەنامانـە بێـت، لەبارەی مـام جـەلال لـە ئەرشـیڤخانەکانی فەرەنساوە پارێـزراو بـن، خـۆ ئەگـەر لـە دواڕۆژیـش بەڵگەنامـەی زیاترمـان دەسـتکەوت، یـا دەسـت کەسـێکی دیکـە کەوتـن ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە بـۆ چاپـی تـازەی کتێبەکـە زیادەیـان دەکەیـن.

دیـارە جێگـەی خۆیەتـی لێـرەدا سـوپاس و پێزانینـی زۆر تایبەتیـی خـۆم بـۆ **دامـەزراوەی سـەرۆک جـەلال تاڵەبانـی** دەرببـڕم کـە پشـتگیری بڵاوکردنـەوە چاپـی ئـەم کتێبەیـان کـرد و زۆر بـە تایبەتیش سوپاسـی باڵیـۆز دکتـۆر محەممـەد سـابیر سـەرۆکی دامەزراوەکـە دەکـەم، ئەگـەر هـەوڵ و کۆشـش و دڵسـۆزیی بەڕێزیـان نەبوایـە ڕەنـگ بـوو، ئـەم کتێبـە وا زوو بڵاو نەکرابوایـەوە.

دواجـار حەزدەکـەم ئـەو بڵێـم وەک چۆن ئـەم کارە، کارێکـی دەکۆمێنتکاری و ئەرشـیڤخانەییە، بۆیـە زۆر بـە وردی لـە وەرگێڕانـی بەڵگەنامەکانـدا

[2] بەسوپاسـەوە سـەرەتا چـوار بەشـی ئـەم کتێبـە لـە گۆڤـاری گرانبەهـای (دۆکیۆمێنـت) بڵاوکرایـەوە و لـە دڵـەوە سوپاسـی دەسـتەی نووسـەرانی ئـەم گۆڤـارە ئازیـزە دەکـەم (وەرگێـڕ).

[3] تەنیا بەڵگەنامـەی ژمـارە (17) و بەڵگەنامـەی ژمـارە (21) لەبـەر گرینگیـان لـە ڕۆژنامـەی (لۆمۆنـد Le Monde)ی فەرەنساییەوە وەرگیـراون و کـراون بـە کـوردی (وەرگێـڕ).

ئەوەنـدەی بۆمـان کرابێـت، هـەوڵمان داوە، بەڵگەنامـەکان دەقـاودەق وەکـوو بەڵگەنامـە ئەسـڵییەکان خۆیـان بـن و بچووکترین دەسـتکاریی بەڵگەنامەکانمـان نەکـردووە. بۆیـە زۆر بـە وردی مەبەسـتمان بـووە ناوەڕۆکـی بەڵگەنامـە فەرەنسییەکان وەکـوو خۆیان بـە کـوردی بخەینەڕوو، بۆیـە پێـم خۆشـە ئـەوە بڵێـم کـە ئێمـە بەرپرسیار نین لـە نـاوەڕۆک و ناواخنی بەڵگەنامـەکان و بیـروڕای نووسـەرەکانی، بـەڵام بەرپرسـیارین لـە ڕاسـت و درووسـتی وەرگێڕانەکـە و بەرپرسـیارێتی ئەمانەتـی وەرگێڕانەکەیـش وەئەسـتۆ دەگریـن. مـاوەتـە ئـەوە بڵێـم کـە هەمـوو ئـەو پەراوێزانـەی کـە هیـچ ناوێکیـان لەبەردەمـدا نییـە، ئەوانـە پەراوێزگەلـی بەڵگەنامەکـەن و هەمـوو ئـەو پەراوێزانەیـش وا لەبەردەمـی نـووسراوە (وەرگێڕ) بەدڵنیاییـەوە ئـەو پەراوێزانـە لـە کاری ئێمـەن.

**نەجاتی عەبدوڵڵا**

8 **ی ئاگستۆسی** 2025

# له دیداری مام جەلال،
# ڕێبەری مێژوو و کاریزمای نەتەوەک

ئەنیستوتی کورد لە پاریس، ڕۆژی هەینی 29ی تشرینی دووەمی ساڵی 2002 لە هۆڵی ڤیکتۆر هۆگۆ ، لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرەنسا لە پاریس کۆنفراسێکی ڕێکخست بەناوی :**چ داهاتوویەک بۆ کوردەکانی عێراق ؟**[4] ، کە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆری بواری کورد و عێراقی لە خۆمانە و بیانی تێیدا بەشدار بوون و لە کوردستانیشەوە مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی داوەت کرابوون بۆ ئەوەی قسەی کۆتایی کۆنفراسەکە بکەن و کۆنفرانسەکە بە کۆتایی بگەیەنن. جەنابی مام جەلال دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە یەکسەر لە تریبۆنەکە هاتە خوارەوە و هاتە ناو ئێمەی خوێندکار و بەپێکەنینەوە تێکەڵ بە ئێمە بوو، بە خۆشییەوە وێنەی لەگەڵ دەگرتین، هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو و هێندە بە سۆز و خۆشەویستییەوە باوەشی بۆ کردینەوە دەتووت باوکێکە و ڕۆڵەکانی خۆی لە باوەش دەگرێ، بێ ئەوەی ناوی یەک کەسیشمان بزانێ و بماناسێ، لێرەدا من زۆر سەرسام بووم و ئەو پرسیارەم لا درووست بوو ئەم کەسایەتییە ڕابەرە گەورەیە بۆچی هێندە خاکی و هێندە بێ فیز و هێندەیش زوو دەچێتە ناو دڵان، لێرەوە بە کردەوە لە گەورەیی ئەم سەرکردەیە تێگەیشتم.

ڕۆژان ڕۆیشت و لە سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵی 2010 بوو،کاتێک بە یەکجاری گەڕابوومەوە بۆ کوردستان، بێ ماڵ و حاڵ و هیچ شوێن و نەوایەکم نەبوو و لە هەولێر لە ماڵی باوکم بووم. هێشتە مانگێک بەسەر گەڕانەوەمدا تێپەڕ نەبوو، کاتێک ڕۆژێک من لە هەولێر بووم، جەنابی دکتۆر کەمال فوئاد تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای هەڵپرسین گوتی تۆ مام جەلال دەناسی؟ گوتم بێ گومان کەس هەیە مام جەلال نەناسێ، بەڵام ناسینی ئەوەی لە نزیکەوە بیناسم نەخێر بەهیچ شێوەیەک نایناسم.

---

[4]Quel avenir pour les Kurdes en Irak?

ئـەو دەیوسـت بزانـێ داخـۆ هیـچ پەیوەندییـەک لـە نێـوان مـن و مـام جەلالـدا هەیـە، بـەردەوام بـوو و گوتـی جەنابـی مـام جـەلال دەیـەوێ بتبینـێ و سـبەی بەیانـی ئێـوارە لـە مەکتەبـی سیاسـیی لـە سـلێمانی چاوەڕێتـان دەکات. زۆر سوپاسـی دکتـۆر کەمـال فوئـادم کـرد و گوتـم بەچاوان بەیانـی لـە کاتـی خـۆی بەخۆشـییەوە ئامـادە دەبـم. تەلەفۆنەکـەم دانـاوە و لەگـەڵ خـۆم زۆرم هێنـا و بـردم و زۆرم پـێ سـەیر بـوو، خوایـە خـۆ مـن داوای بینینـی مـام جـەلالم نەکـردووە و مـام جـەلال ناناسـم، ئـەوە چ گەورەییەکـە، سـەرۆک کۆمارێـک لەنـاو ئـەو هەمـوو کێشـە و گرفتـە زۆر و زەوەندانـەی بەڕێوەبردنـی عێـراق و کوردسـتان، داوای بینینـی بەنـدە دەکات؟ هەرچۆنێـک بـوو بەیانـی زوو بەڕێکەوتـم بـۆ نەقلیـات و چـووم بـۆ سـلێمانی و لـە (بنکـەی ژیـن) مامـەوە و چـاوەڕێ بـووم لـە نووسـینگەی مـام جەلالـەوە تەلەفۆنـم بـۆ بکـەن تـا بچـم بـۆ دیدارەکـە. لای عەسرەکـەی تەلەفۆنێـک هـات و گوتـی دەتوانـن تەشریـف بینـن و مـام چاوەڕێتـان دەکات. منیـش نەمویسـت پێیـان بڵێـم کـە ئۆتۆمۆبیلـم لا نییـە و نەشمویسـت داوا بکـەم بێـن بـە شـوێنم و خـۆم تاکسـییەکم ڕاگـرت و دووریـی نێـوان بنکـەی ژیـن و مەکتەبـی سیاسـیی هێنـدە زۆر دوور نەبـوو و بەپەلـە خـۆم گەیانـدە مەکتەبـی سیاسـیی و لـە نووسـینگەکە گوتـم مـن فلان کەسـم و دیـدارم لەگـەڵ جەنابـی مـام جـەلال هەیـە و هـەر زوو منیـان کـردە ژوورەوە و دیـار بـوو، مـام جـەلال لـە نووسـینگەکەی خـۆی چاوەڕوانـی دەکـردم، هێشـتە نەچووبوومـە ژوورەوە و پێـم لەنـاو ئاسـتانەی نووسـینگەکە نەنابـوو بـە تـەواوی، ئـەم پیـاوە گەورەیـە لەبـەرم هەڵسـایەوە بـە گۆچانێکـەوە و هـەر لـەدوورەوە فەرمـووی بەخێـر بێـت کاک دکتـۆر و چوومـە خزمەتـی و باوەشـی گەرمـی باوکانـەی پیاکـردم و ماچـی کـردم، مـن تـا مـردن ئـەو باوەشـی میهرەبانـی و سـۆزە باوکانەیـەی مـام جـەلالم هەرگیـز لەبیـر ناچێتـەوە، هێنـدە گـەرم و گـوڕ و دۆسـتانە بەخێرهاتـن و پێشـوازیی لـێ کـردم و وا قسـەی لەگـەڵ دەکـردم دەتگـوت سـەد ساڵە لـە نزیکـەوە یەکتـر دەناسـین. چـاک و چۆنـی و هەواڵپرسـینی زۆر گەرموگـوڕ بـوو و منیـش لەگـەڵ خۆمـدا تەنیـا دیاریـم کۆمەڵێـک لـە چاپکراوەکانـی خـۆم بـوو بـۆ جەنابـی مـام جـەلال، کـە لەوانـە زیاتـر هیچـی دیکـەم بـە شـایانتر نەدەزانـی بـۆ دیـاری. کتێبەکانـی خۆیـم پێـی دا و زۆر سوپاسـی کـردم و بەشـێکیانی بینـی گوتـی ئەوانـەم خوێندۆتـەوە. دیاربـوو هـەر لەڕێگـەی ئـەم کتێبانەشـەوە منـی ناسـی بـوو و زانیبـووی کـە هاتوومەتـەوە، گەورەیـی نوانـد و داوای بینینـی

منی کرد بوو. ماوەیەکی باش بەیەکەوە قسەی دۆستانە و پێکەنین و تەنیا میهرەبانی و سۆزی گەرمی باوکانەم لە مام جەلال بینی، ڕێزێک کە مام جەلال لە منی نا، سۆز و گەرماییەکی باوکانەی بێسنوور، ئێستەیش پێم سەیرە تۆ بڵێی کەسێکی دیکە هەبێ بەم جۆرە پڕاوپڕ بێ لە سۆز و میهرەبانی، لێرە لە گەورەیی مام جەلال تێگەیشتم و وێنە ڕاستەقینەکەیم بۆ بەدیار کەوت. ئافەریم سەرۆک کۆماری عێراق، بێ ئەوەی من داوا بکەم داوای بینینی نووسەرێک بکەی، کە هیچ ڕووناکییەکی ڕاگەیاندنی بەسەرە نەبووە، ئەوە چ گەورەییەکە خودایە. چ ڕێزلێنان و پاداشتێکە بۆ نووسین و وشەی کوردی و بۆ من بە تایبەتی. مام جەلال لە کۆتایی دیدارەکە وەک باوکێک ڕووی لێم نا و فەرمووی کاک دکتۆر جێگە و ڕێگەت هەیە؟ گوتم جەنابی سەرۆک وەڵا ڕاستییەکەی وەک چۆن تازە گەڕاومەتەوە، نەوەڵا هیچ شوێن و جێگە و ڕێگەیەکم نییە، بەڵام ئەتۆ ساغ و سەلامەت بیت هیچ پێویستییەکم نییە. هەر دەمووودەست فەرمووی ئەپارتومانێک لە گوندی ئەڵمانی کە میوانخانەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و بۆ میوانەکانی خۆیان ئامادەکرا بوو، بدەن بە من و زۆر سوپاسم کرد و ئەو ئەپارتومانە بۆ ماوەیەکی باش و لە کاتێکی زۆر ناسکدا بەکەڵکم هات و تا ئەو کاتەی دواتر، دوای چەند مانگێک چوومە هەولێر و لە ئەکادیمیای کوردی دامەزرام، ئیدی بە پێویستم زانی ئەم ئەمانەتە وەکوو خۆی تەسلیم بە نووسینگەی سەرۆک مام جەلالم کردەوە، چۆن مەعقووڵ نییە من لە هەولێر دابنیشم و باڵەخانەیەک لە سلێمانی داگیر بکەم، بۆیە بە سوپاسێکی زۆرەوە هەر زوو ئەپارتومانەکەم وەکوو خۆی، بە هەموو کەلەوپەکانی ناوی، وەک چۆن وەرم گرتبوو، هەر ئاوها تەسلیم بە نووسینگەی مام جەلالم کردەوە و پسووڵەی ئیمزاکراوی تەسلیمکردنەوەی ئەپارتومانەکەشم وەرگرت و لای خۆم پاراستوومە.

ڕاستییەکەی مام جەلال هەر ڕابەر و سەرۆکێکی ئاسایی نەبوو بەتەنیا، نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس و خاوەن قەڵەمێکی ڕەنگین و لە مەجلیسیشدا تابڵیی خۆش مەشرەب بوو، زیاتر لەوەیش ئەو هەمیشە وەکوو باوکێک وابوو بۆ هەمووان، خەمی هەموانی دەخوارد و هیچ کەس وەکوو مام وردبین و زیرەک نەبوو لە هەڵبژاردنی کەسەکان و دۆزینەوەی کەسەکان بۆ شوێنی شیاو. زۆر باش کەسەکانی

دەخوێندەوە و دەیزانی کێ بۆ چ کارێک باشە. ڕۆژێک مام جەلال لە وتارێکیدا کە پەخشی ڕاستەوخۆ بوو باسی مێژوو و بەڵگەنامە و گرینگی نووسینەوەی بەڵگەنامەی بۆ مێژوو دەکرد، لەناو باسەکاندا یەکەم ناو لە ناوەکان ناوی بەندەی هێنا کە سەرقاڵیی کاری بەڵگەنامەییم لەسەر کورد و ستایشی زۆری کارەکانی کردم، ئەو ڕۆژە ئەوە بۆ من جوانترین مەدالیای ڕێزلێنان بوو، سەرکردەیەک لەو پایە گەورەیە باسی کارەکانی من بکات، ئەوە جێگەی شانازییەکی زۆر گەورە بوو بۆ من.

ئەم کارەی لێرەدا بۆ مام جەلال کراوە لەناو ئەرشیڤخانەکانی فەرەنسا، کارێکە خۆزگە هەزار خۆزگە مام جەلال خۆی لە ژیاندا بمابوایە و کتێبەکەی ببینیبوایە، هەزار حەیف کە نەمتوانی لەکاتی خۆیدا زوو کارەکە تەواو بکەم و هۆیەکەشی بەشێکی مەشغەڵەتیی من و بەشێکیشی دیکەی سەرەکیش ئەوەبوو، فایلێک هەبوو کە بەڵگەنامەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراقی تێدا بوو لە 1961 تا 1968 و لە ئەرشیڤی کۆشکی ڤانسێن پارێزرا بوو، نەیاندەهێشت ببینم و ڕێگەپێدانی ئاسایی نەبوو، بەو بیانووەی گوایە پەیوەندی بە ئاسایشی وڵاتەوە هەیە. تا دواتر بە درەنگەوە بەدەر لە ڕێنمایی و چەندین جار داواکردن و چەندین نامەی زانکۆ، دواجار ڕازی بوون دۆسییەکە بخەنە بەردەستم. کە دۆسییەکەشم وەرگرت بینیم هەموو دۆسییەکە لێواو لێوە لە بەڵگەنامە لەسەر شۆڕشی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵانی شێستەکاندا. سەرتاپای دۆسیەکەم کۆپی کرد و ئەوانەی تایبەت بوون بە مام جەلال لێرەدا هەر هەموویان کراونەتە کوردی. بۆیە ئێستە تەنیا ئەوەم بۆماوەتەوە ئەم کتێبە بکەمە دیاری بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی ئەو سەرکردەیەی، کە دووبارەبوونەوەی ئەستەمە. بە مام جەلال دەڵێم ئاسوودە بخەوە تا کوردێک مابێ ناوی تۆ لەناو دڵی هەموان دایە، تۆ شانازی و کاریزما و مێژووی شێست ساڵی بێ پسانەوەی نەتەوەیەکی بندەستەی، کە هەموومان قەرزاری تۆین. بۆیە هیوادارم ئەم کتێبەم، دانەوەی کەمێکی ئەو قەرزە گەورەیە بێ، کە تا ماوم خۆم بە قەرزباری گەورەیی و شکۆی ئەو ڕێبەرە گەورەیەی کورد دەزانم. گیانی مام شاد و ئاسوودە بێ. سڵاو لە ڕۆحی مام جەلال، سڵاو لە شکۆی گەورەی ڕێبەری نەتەوەیەک .

# پێڕەستی

## بابەتیی بەڵگەنامەکان


**بەڵگەنامەی ژمارە** 1

برووسکەی نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق: سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد، 13ی حوزەیرانی 1962 29

**بەڵگەنامەی ژمارە** 2

برووسکەی نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق- نەتەوە یەکگرتووەکان (کورد و نەتەوە یەکگرتووەکان)، 9ی تشرینی یەکەمی1963 32

**بەڵگەنامەی ژمارە** 3

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن لۆ گۆرێێک، لە 10ی نیسانی 1963 سەبارەت بە پێکەوەنانی وەفدی کوردیی بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی 34

**بەڵگەنامەی ژمارە** 4

برووسکەی نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق: کێشەی کورد، 16ی نیسانی 1963 38

**بەڵگەنامەی ژمارە** 5

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن لۆ گۆرێێک، لە 20ی نیسانی 1963 سەبارەت بە دانوستانی وەفدی عێراقی بەسەرۆکایەتیی ئەلسەعدی و وەفدی کوردی بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی 40

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 6

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە 23 ی نیسانی 1963 چاوپێکەوتنی دۆستانە لەگەڵ وەفدی کوردیی لە بەغدا، 42

**بەڵگەنامەی ژمارە: 7**

بالیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا، لـە لایـەن لـۆ گۆرێیـک، سـەبارەت بـە یادداشـتنامەی وەفـدی کوردیـی ، لـە 27 ی نیسـانی 1963 46

**بەڵگەنامەی ژمارە: 8**

بالیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا، لـە لایـەن لـۆ گۆرێیـک، یادداشـتنامەی سـەرۆکی وەفـدی کوردیـی بـۆ سـەرۆك و ئەندامانـی وەفـدی عێـراق لـە وتوێژەکانـی قاهیـرەدا، لـە 27ی نیسـانی 1963 48

**بەڵگەنامەی ژمارە : 9**

تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا، لـە لایـەن لـۆ گۆرێیـک، سـەبارەت بـە پچڕانـی گفتوگـۆی کـورد و حکوومەتـی بەغـدا، لـە 4 ی ئایـاری 1963 51

**بەڵگەنامەی ژمارە: 10**

تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا، لـە لایـەن لـۆ گۆرێیـک، سـەبارەت خراپبوونـی پەیوەندییەکانـی کـورد و حکوومەتـی بەغـدا، لـە 7ی ئایـاری 1963 53

**بەڵگەنامەی ژمارە: 11**

تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسا لـە بەغـدا، لـە لایـەن لـۆ گۆرێیـک، سـەبارەت بـە یادداشـتنامەی وەفـدی کوردیـی لـە 24ی نیسـان و هاوپێـچ دەقـی تـەواوی پـڕۆژەی وەفـدی کـوردی، لـە 7ی ئایـاری 1963 54

**بەڵگەنامەی ژمارە: 12**

تەلەگرامـی باڵیۆزخانـەی فەرەنسـا لـە واشـنگتۆن ، لـە لایـەن ئەلفەنـد، سـەبارەت بـە ڕەوشـی دانوسـتانەکان و هەڵوێسـتی واشـنگتۆن، لـە 11ی ئایـاری 1963 63

**بەڵگەنامەی ژمارە: 13**

66 بروسکەی باوە تۆمابوا سەبارەت بە سەردانەکانی سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ وڵاتان و هەوڵی بەردەستخستنی ئێستگەیەکی کوردی، 16ی ئایاری 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 14**

68 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق: لەبارەی کێشەی کوردەوە، 17ی ئایاری 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 15**

73 بەڵگەنامەیەکی زۆر نهێنی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندنەکانی کاروباری کورد، 17ی ئایاری 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 16**

75 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی، لە لایەن هێنری پرۆمێنت مۆریس ، قاهیرە، لەبارەی لێدوانەکانی سەرکردەی کورد تاڵەبانی، قاهیرە، 28ی ئایاری 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 17**

78 سەرۆک ناسر پێشوازی لە سەرۆکی وەفدی کوردی دەکا، ڕۆژنامەی لۆمۆند، 3 ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 18**

79 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەیرووت، لە لایەن بواسیسیۆن، لەبارەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی سەرۆکی وەفدی کوردی، تاڵەبانی لە بەیرووت، 6ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 19**

81 تەلەگرامی پۆستەیی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە قاهیرە، لە لایەن هـ. فرۆمێنت-مۆریس، ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام) لەبارەی سەرۆکی وەفدی کورد، جەلال تاڵەبانی دەنووسێ، 6ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 20**

83 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی ڕاپەڕینی کوردەوە، 7ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 21**

86 ڕۆژنامەی (لۆمۆند) باسی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی جەلال تاڵەبانی دەکات، لۆمۆند، 8 ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 22**

89 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن لۆ گۆرێیک، سەبارەت بە خراپبوونی ڕەوشی کوردستان و گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە بەیرووتەوە، 9ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 23**

91 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەیرووت، لە لایەن بواسیسۆن، سەبارەت بە گوتوبێژی تایبەتیی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و ڕەوشی خراپبووی کوردستان، لە بەیرووتەوە، 11 ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 24**

93 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە مۆسکۆ، لە لایەن مۆریس دی ژان، سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆژنامەی پراڤدا لەبارەی ڕەوشی کوردستانەوە، 12ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 25**

95 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی جانتای دیپلۆماسییەوە ، لە پۆل لۆ گۆریک شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق، لەبارەی کێشەی کوردە و دژە پێشنیازەکانی حکوومەت، 12ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە: 26

98 تەلەگرامی پۆستەیی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق، لە پۆل لۆ گۆریک شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق لە پۆل لۆ گۆریک شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق، لەبارەی ڕەوشی کوردە و حکوومەتی عێراق، 12ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە: 27

104 تەلەگرامی ئەتاشەی سەربازیی زەریایی وە هێزی ئاسمانیی، کۆلۆنێل فوگاس لە ئێران، لەبارەی تێهەڵچوونەوەی شەڕ لە کوردستاندا، 15ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە: 28

106 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، ناسر و کورد وە تێڕوانینی لەبارەی پرسی کوردەوە، 15ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە: 29

108 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە مۆسکۆ، هەڵوێستی چاپەمەنی سۆڤییەتیی لەبارەی کێشەی کوردەوە، 15ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە : 30

110 دیمانەی ڕۆژنامەوانیی جەلال تاڵەبانی لە پاریس لەگەڵ ڕۆژنامەی "کۆمبا "، پێنجشەممە، 20 ی حوزەیرانی 1963

## بەڵگەنامەی ژمارە: 31

115 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە تونس، لە لایەن سۆڤگانگروس لەبارەی گرینگی چاوپێکەوتنەکەی تاڵەبانی و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە چاپەمەنی تونسیدا، 22ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 32

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە قاهیرە، لە لایەن دۆندۆنە لەبارەی هەڵوێستی هەیکەل لەبارەی پرسی کورد و وەفدی کوردییەوە، 29ی حوزەیرانی 1963 116

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 33

نووسینگەی سەرۆکوەزیران، کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و پرسی کورد، 25ی حوزەیرانی 1963 119

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 34

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن بەی، لەبارەی هەڵوێستی بەغدا لەبارەی فەرەنسا، 25ی حوزەیرانی 1963 121

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 35

تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن بەی، لەبارەی نیگەرانیی حکوومەتی بەغدا لەسەردانەکەی تاڵەبانی بۆ فەرەنسا، 3 ی تەمموزی 1963 123

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 36

تەلەگرامی غەیرە شیفەریی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن لۆ گۆرریریک، زانیاری لەبارەی ئەندامانی وەفدی دانوسانتکاری کورد، 10ی تەمموزی 1963 125

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 37

تەلەگرامی غەیرە شیفەریی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا، لە لایەن لۆ گۆرریریک، زانیاری زیاتر لەبارەی ئەندامانی وەفدی دانوساتکاری کورد، 23ی تەمموزی 1963 127

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 38

نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی عێراق، ئوردن و یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەتی، 24ی تەممozی 1963 129

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 39

131 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی لەبارەی پرسی کوردەوە، 31ی تەمموزی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 40

134 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی ئێران-عێراق-ئوردن: ئوردن و کێشەی کورد، 3 ی ئاگستۆسی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 41

136 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق، لە لایەن لۆ گۆرییێرێک، بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی-کوردی لە دژی ڕێژیمی بەعس لە عێراقدا، 20ی ئاگستۆسی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 42

139 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئەمریکا، لە لایەن ئەلفەند، لەبارەی هەڵویستی ئەمریکا لەبارەی پرسی داواکەی مەنگۆلیا لەبارەی کوردەوە، 17ی ئەیلوولی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 43

141 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی لەبارەی کێشەی کوردەوە، 9ی کانوونی دووەمی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 44

143 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران، لە لایەن مسیۆ ڕێنۆ سیڤان، سەبارەت بە: ڕەوشی کوردستانی عێراق، 18ی کانوونی دووەمی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 45

146 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی پرسی ڕاپەڕینی کوردەوە، 25ی شوباتی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 46
تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئەمریکا، لە لایەن ئەلفاند، لەسەر ڕەشبینیی لەبارەی ڕێککەوتنی کورد و عێراق، 4ی ئاداری 1964 150

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 47
نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی "ئاگربەست"ی نێوان عێراق و کوردەکان، 11ی ئازاری 1964 152

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 48
نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق: دانوستانەکانی عێراق و کورد، 20ی نیسانی 1964 156

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 49
نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق-ئێران: زانیاری لەبارەی کێشەی کوردەوە، 17ی حوزەیرانی 1964 159

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 50
نووسینگەی سەرۆکوەزیران، بارودۆخی ناو شۆڕشی کورد، یەکی ئاگستۆسی 1964 163

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 51
تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران، لە لایەن گیرودۆن، پەنابردنی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئێران، ٤ی ئاداری 1964 168

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 52
تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق، لە لایەن دیومارکای، ڕەوشی کوردستانی عێراق، 6ی ئاداری 1964 170

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 53
تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق، لە لایەن دیومارکای، ئۆلتیماتیۆمێکی کۆتایی کورد بۆ حکوومەت، 13ی ئاگستۆسی 1964 172

**بەڵگەنامەی ژمارە: 54**

174 وەزارەتی کاروباریی هەندەران، تێبینی لەبارەی چاوپێکەوتنی کۆلۆنێل تاڵەبانی، پاریس، 14 ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 55**

177 تێبینی دەربارەی چاوپێکەوتنی کەسیی لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی، نوێنەری سەرۆکی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد، جەنەڕاڵ بارزانی، چوارشەممە، 19ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 56**

182 کێشەی کورد: چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنەڕاڵ جەلال تاڵەبانی لەگەڵ «ئیزڤێستیا”.ی ڕووسی، ڕۆژی 12ی حوزەیرانی 1963

**بەڵگەنامەی ژمارە: 57**

187 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران، لە لایەن گیرودۆن، حکوومەتی عێراق داوای تەسلیمکردنەوەی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران دەکات، 18ی ئاگستۆسی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە: 58**

188 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران، لە لایەن گیرودۆن، حکوومەتی ئێران مەزەندەی تێهەڵچوونەوەی شەڕی کورد و عێراق دەکات، 21ی ئاگستۆسی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە: 59**

189 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران، لە لایەن گیرودۆن، تاڵەبانی و ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسیی دووبارە پەنایان بۆ ئێران بردەوە، 29ی ئاگستۆسی 1964

**بەڵگەنامەی ژمارە: 60**

190 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی دۆخی جیابووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، 16ی تشرینی دووەمی 1964

## بەڵگەنامەی ژمارە: 61

192 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، لەبارەی پرسی کورد و ئاشتەوایی تاڵەبانی و بارزانی، 27ی ئازاری 1965

## بەڵگەنامەی ژمارە: 62

194 تەلەگرامی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە لەندەن، لە لایەن کورسیل، چوونی وەفدێکی بچووکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بۆ لەندەن، 21 ی ئایاری 1965

## بەڵگەنامەی ژمارە: 63

196 نووسینگەی سەرۆکوەزیران، عێراق-یەکیێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیێت- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیای گەورە لەبارەی پرسی کوردەوە، 28ی ئایاری 1965

## بەڵگەنامەی ژمارە: 64

199 وەزارەتی کاروباری هەندەران، یاسا و ڕێککەوتنامەکانی کونسولگەریی، پاریس، 31 ی ئایاری 1965

## بەڵگەنامەی ژمارە: 65

201 تێبینی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێککەوتنامەی کارگێری و کاروباری کۆنسولگەریی(هاتووچۆی بێگانان)، لەبارەی مانەوەی جەلال تاڵەبانی لە فەرەنسا، پاریس، 5 ی حوزەیرانی 1965

## بەڵگەنامەی ژمارە: 66

202 نامەی باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە پاریس بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا بۆ نارەزایی دژ بە چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانی لە فەرەنسا، 22 ی ئایاری 1965

**بەڵگەنامەی ژمارە:** 67
مسیۆ دی مۆنتیین لەبارەی داکۆکیکردنی دیپلۆماتکارانی ئێران لە فەرەنسا لە پرسی کورد لە دژی عێراق، 17ی تەمموزی 1965 204
**بەڵگەنامەی ژمارە:** 68
وەزارەتی بەرگریی فەرەنسا، لە بارەی کێشەی کوردەوە، 6 ی شوباتی 1968 205
**بەڵگەنامەی ژمارە:** 69
وەزارەتی بەرگریی فەرەنسا، لەبارەی پەیوەندییەکانی ئێران-تورکیا و کوردستان، 16ی تشرینی دووەمی 1968 208

## بەشی یەکەم

# دەقی
# وەرگێڕدراوی کوردیی
# بەڵگەنامەکان

## بەڵگەنامەی ژمارە[5]: 1

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )[6]

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

13ی حوزەیرانی 1962

ژێدەر: D 13503/A

ڕۆژ 14ی حوزەیرانی 1962

(نابێ بۆ هاوپەیمانان بڵاو بکرێتەوە)

(نهێنی)

## عێراق

## سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد

832 738 A

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

## B/2

[5] دانانی ژمارە بۆ ئەم بەڵگەنامانە، لە کاری ئێمەیە و لە دەقە فەرەنسییەکەدا نییە (وەرگێڕ).
[6] S.D.E.C.E : خزمەتگوزاریی بەڵگەنامەیی دەرەکی و دژ بە جاسووسکاریی.

بەپێـی هەندێـک داوودەزگـەی سـەربازیی ئێـران، فەوجـی چوارەمـی عێراقـی[7] سـەر بـە فیرقـەی 2ی پیـادەڕۆ لـە دواییـن ڕۆژانـی مانگـی ئایاری ساڵی 1962دا پێنجوین[8] یان داگیر کردەوە.

کوردە شۆڕشـگێڕەکان بـە فەرماندەیـی جـەلال تاڵەبانـی کـە ناوچەکەیـان کـۆنترۆڵ کـرد بـوو، پاشەکشـەیان کـردووە بـەرەو باکـوور. دوای گرتنـەوەی شـارەکە، هێـزە عێراقییـەکان کاری دڕندەییـان بەرامبـەر بـە خەڵکـی سـڤیل ئەنجـام داوە.

## تێبینی :

1) جـەلال تاڵەبانـی سـەر بـە عەشیرەتی تاڵەبانییە، کـە ژمارەیـان نزیکـەی 1500 کەسـە لـە دەڤـەری خانەقیـن[9]. سـاڵی 1960 سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی «خەبـات»[10] بـووە و لـە مانگـی ئەیلوولـی ئـەو سـاڵەدا لەگـەڵ وەفدێکـی ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق سـەفەری سـۆفیای کـردووە. یەکێـک لـە سـەرکردەی هۆزەکانـی تاڵەبانـی، شـێخ نەجیـب تاڵەبانـی[11]،

لـە دەسـت دەسـتەڵاتی دیکتاتۆریەتیـی کۆمۆنیسـتی حوکمـڕان لـە عێراقـدا لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی 1960 ڕاکـردووە و پەنـای بـۆ بـەر ئێـران بـردووە (بەمشـێوەیە)[12].

2) لەدەسـت دانـی پێنجوێـن لەلایـەن کـوردەوە دەتوانێـت لێکەوتـەی ترسـناکی بۆیـان هەبێـت. بەڕاسـتی هـەر بەنـاو ئـەم ناوچەیـەدا بـوو کـە پێدەچـوو هێـزی پشـتیوانیی لـە ئێرانـەوە تێپـەڕ ببـێ[13] .

نوسخە بۆ:

---

[7] بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ مەحموود عەسکەر.

[8] دەکەوێتە نزیکەی ٤٥ کم بە ڕاستی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

[9] دەکەوێتە نزیکەی ١٣٠ کم لە باشووری سلێمانی، لەسەر سنووری ئێران.

[10] ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان.

[11] Cheik Najid Attalebani

[12] سـی.ی. ROSE 5 532 لـە 16.3.60 لـە ناوەنـدی گوێگرتـن لـە قوبـرس. سـی.ی. ROSE 5 532 لـە 16.3.60 لـە ناوەنـدی ئەنصـات لـە قوبـرس.

[13] بڕوانە زانیارییەکانمان ژمارە 10. D2132/A لە 19.10.1961.

سەرکردایەتیی ئەرکانی گشتیی بەرگریی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- بەشی ئەفریقا ڕۆژهەڵات (لۆڤان)

- بەشی لۆڤان.

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

## بەڵگەنامەی ژمارە: 2

**سەرۆکوەزیران**

**(S.D.E.C.E خ.ب.د.ج )**

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

9ی تشرینی یەکەمی 1963

ژێدەر: D 27049/A

(بڵاو نەکرێتەوە/ نهێنی)

**عێراق- نەتەوە یەکگرتووەکان**

**کورد و نەتەوە یەکگرتووەکان**

**(تشرینی یەکەمی 1963)**

**B/2**

وەفدێکی کوردیی بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی، نێردەی تایبەتیی مەلا مستەفا بارزانی، بەم نزیکانە بەرەو نیویۆرک بەڕێ دەکەوێت، لەوێش پەیوەندی بە میر بەدرخانەوە دەکەن، کە پێش چەند هەفتەیەک دەبێ لەوێیە[14]. وەفدەکە کە ژمارەیەک کەسایەتی گرینگی

[14] پاش ئەوەی وڵاتی مەنگۆلیا سکاڵانامەکەی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کێشایەوە و بوارێک نەمایەوە بۆ خستنەرووی پرسی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مام جەلال سەفەرەکەی خۆی بۆ ئەمریکا هەڵوەشاندەوە (وەرگێڕ).

کـورد (پێدەچێـت لەوناویانـدا لـوقمان بارزانـی، کـوڕە گەورەکـەی مسـتەفا بارزانـی[15] لەخـۆ بگرێـت، هـەوڵ دەدەن ئەو پرسـە لـە نەتـەوە یەکگرتووەکان بوروژێنرێـت، سـەرەڕای کێشـانەوەی مەنگۆلیا بـۆ سـکاڵاکەی.

تاڵەبانـی کـە ئێسـتە لـە ئەڵمانیایـە، لـە دوای هاتنـی بـۆ ئەوروپـا، پەیوەنـدی بـە چەنـدیـن کوردەکانـی دانیشـتووی فەرەنسـا، سـوێسرە، کۆمـاری فیدراڵیـی ئـاڵمان، بەرلیـن، نەمسـا، ئیتالیا کـردووە؛ بـەڵام بەهـۆی ڕەتکردنـەوەی داواکاری ڤیزاکـەی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی بەریتانیـاوە نەیتوانیـوە سـەفەر بـکات بـۆ ئینگلتـەرا. هـەر بۆیـە وەفدی کوردیـی چاوەڕێی ئـەوە دەکات، کـە بەریتانیاییـەکان لـە بـەردەم ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان بـە سیسـتماتیک تەگـەرە دروسـت بکـەن.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- سکرتاریەتیی گشتیی

وەفدی فەرەنسایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان

سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

---

[15] Cf. Annexe de notre information n° D 1439/A du 28.9.19.63

# بەڵگەنامەی ژمارە: 3

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، 10ی نیسانی 1963 ، سەعات دووی پاشنیوەڕۆ

لە 10 ی نیسانی 1963، سەعات پانزە و چلوهەشت خولەک گەیشتووە.

ژمارە 35/130

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە (109)م دەکەم.

دانوستانەکان کە لەم دواییانەدا لە بەغدا لە لایەن وەفدی کوردی ڕاسپێردراوی کۆنفرانسی کۆیسنجاق[16] بە سەرۆکایەتیی بەڕێز تاڵەبانی

[16] کۆنفرانسی کۆیسنجەق لە (18 تا22)ی ئاداری 1963 بەڕێوەچوو و زیاتر لە هەزار ئەندام لە کەسایەتیی و سەرکردەی پێشمەرگە و سەرۆکهۆز و پیاوماقولانی کورد لە کۆنفرانسەکە بەشدار بوون و مام جەلال کۆنفرانسەکەی بەڕێوە دەبرد و دواتر وەفدێک پێکەوەنرا بۆ مفاوەزە بەسەرۆکایەتیی مام جەلال کە لە هەژدە کەس پێکهاتبوون و ناوی ئەندامانی ئەو وەفدە میللیەیش کە بەدروستی ناوەکانیان ساغ بوونەتەوە بەم جۆرە بوون: 1- جەلال تاڵەبانی (سەرۆکی وەفد)، 2-ساڵح یوسفی، 3-مەسعوود محەممەد، 4-شەوکەت عەقراوی، 5-حەبیب محەممەد کەریم، 6-عەگید سددیق، 7-شاخەوان نامیق، 8-سەمەد محەممەد، 9- حوسێن خانەقا، 10-(عەمید) مستەفا عەزیز، 11-ئیحسان شێرزاد، 12-بابەکر مەحموود ڕەسووڵ ئاغا پشدەری، 13- هاشم حەسەن عەقراوی، 14-محەممەد سەعید خەفاف، 15-عەبدولموحسین فەیلی، 16- ڕەشید عارف، 17-ڕەئووف ئەحمەد، 18-عەبدولقادر عەزیز (وەرگێڕ).

دەستی پێ کردووە، دوای دوو ڕۆژ گفتوگۆ، کە هیچ پێشکەوتنێکی تێدا نەهاتۆتە ئاراوە، ڕاگیراوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە کۆم کردۆتەوە، کوردەکان سەرەتا کێشەی گەرەنتی سەرەتایی دەوروژێنن و ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەت تا ئێستە بەڵێنەکانی خۆی نەبردۆتە سەر، بە تایبەتی سەبارەت بە ئازادکردنی زیندانییەکان، کۆتاییهێنان بە ئابلۆقەی ئابووری و هەڵگرتنی دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵەکان. هەروەها چەمکی لامەرکەزیی خۆیان ئاشکرا کردووە کە لە ڕاستیدا هاوشێوەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە لە چوارچێوەی عێراقدا. ڕاستییەکەی کورد داوا دەکات:

**یەکەم:**

حکوومەتێکی ناوخۆیی بەرپرسیار لە هەموو کاروبارەکانی ناوخۆ، بەڵام وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگریی نیشتمانی و ئابووری هەر لە چوارچێوەی دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە.

**دووەم:**

دامەزراندنی پۆستی جێگری سەرۆکی کۆمار، کە کوردێکی نیشتەجێی کوردستان ئەو پۆستە وەربگرێت.

**سێیەم:**

لە وەزارەتە هاوبەشەکاندا نوێنەرایەتییەکی توخمەیلی کوردیی هەبێ. بۆ نموونە ئەگەر وەزیری دەرەوە عەرەب بێت، ئەوا دەبێ بریکاری وەزیر کورد بێت.

**چوارەم:**

جێگیربوونی یەکەکانی سوپای عێراق لە باکوور کە زۆرینەیان لە کوردەکان بن، بەدەر لە هەموو ئەوانی دیکە و دروستکردنی هێزێکی نیشتمانیی بۆ پاراستنی ئاسایش.

هیچ وەڵامێک لەسەر ئەم ماددەیە بە نوێنەرانی بارزانی نەدرایەوە، وەفدی عێراق کە خۆی وەک وەفدێکی میللیی پێناسە کردووە، ناتوانێت حکوومەت  پابەند بکات.

بەڕێز تاڵەبانی کاتێک دوای ئەوەی داوای کرد بەردەوام بێت لە گفتوگۆ، لەگەڵ نوێنەرانێکی دەسترۆیشتووتر، سەرۆکوەزیران دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی گفتوگۆکان بکات، بەڵام جەنەراڵ ئەلبەکر[17] ڕۆژی دواتر ڕۆیشت بۆ ئەوەی بەشداری لە گفتوگۆکانی قاهیرەدا بکات.

دواتر وەفدی کوردی یادداشتێکی نوێی پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد و تیایدا دیدگەی خۆی لەسەر پلانەکانی یەکێتیی عەرەبیی ڕوون کردەوە.

**ئەلیف:** کورد بە ئاماژەدان بەوەی کە نزیکەی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، لەسەر ئەو بنەمایە داوای نوێنەرایەتیی لە دانوستانەکانی قاهیرە دەکەن.

**بێ:** ئەگەر دانوستانەکان دەبنە هۆی دامەزراندنی کۆنفیدراڵییەکی زۆر نەرمونیان، ئەوا (کوردەکان و.) تەنیا داوای یەکخستنی سیاسەتی لامەرکەزیی دەکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

**جیم:** ئەگەر دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو قەراربێ دامەزرێ، کە هەرێمەکانی میسر و سووریە و عێراق لەخۆوە بگرێت، ئەوا کوردەکان داوای جیابوونەوە لە عێراق و پێکهێنانی هەرێمی کوردستان دەکەن کە

(17) ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (1914-1982). لە دایکبووی عۆجەیە و لە عەشیرەتی بیجات بوو و خانەی مامۆستایانی تەواو کرد و بوو بە مامۆستا و دواتر ساڵی 1938 چووە ناو کۆلێژی سەربازی و دەرچووی کۆلێژی شاهنشاهی عەسکەریی عێراق بوو. لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی دژ بە دەسترۆیشتوویی ئینگلیز لە عێراق  بەشدار بووە (1941) و دواتر بەشداری لەو ڕاپەڵەی ئەفسەرانی عێراق کرد، کە کۆتاییان بە ڕژێمی مەلکی هێنا (1958). لە ساڵی 1959 لەبەر چالاکی دژ بە حکوومەت لە سوپا دەرکرا و بەنهێنی سەرۆکی نووسینگەی عەسکەریی لقی حیزبی بەعسی عێراق بوو و لە کودەتای 8ی شوباتی 1963 ڕژێمی قاسمی هەڵگێڕایەوە و بوو بە سەرۆک وەزیران. دواتر لە حکوومەتی ئیئتیلافی نێوان بەعس و ناسرییەکان بوو بە جێگری سەرکۆمار و لە تشرینی دووەمی 1963 لە دەسەڵات لادرا. دوای گەڕانەوەی دووەمین جاری بەعس بۆ دەسەڵات، لە 17ی تەمموزی 1968 تا 16ی تەمموزی 1979 سەرکۆماری عێراق بوو (وەرگێڕ).

لـە خاکـی کـوردەکان پێکهاتبێـت لـە عێـراق و هەروەهـا لـە سـووریەدا.

هـەر بـە گەڕانـەوەی بەرپرسـەکانی عێـراق لـە قاهیـرە، گفتوگـۆکان دەسـت پـێ دەکەنـەوە. چـاوەڕوان دەکرێـت لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق بگەنـە ڕێککەوتـن. وا دیـارە کـوردەکان حـەز دەکـەن خۆییـان لـە دواخسـتنی زیاتـری ئەمـڕۆ بـە سـبەینێ کـردن بـەدوور بگـرن.

لـە کاتێکـدا باوەڕیـان بـەوە هەیـە کـە داواکارییەکانـی بارزانـی زیادەڕۆیـی تێدایـە و قەبـوڵ کراونابـێ لای بەغـدا – بـەڵام بەبـێ هیـچ گومانێـک ئەمـە سـەرەتای ساتوسـەودایەکە – ئـەوا بازنـەی دیپلۆماسـیەتی ڕۆژئاوایـی، ترسـی ئـەوەی هەیـە کـە سـۆڤیەتییەکان هەوڵـی سـوود وەرگرتـن لـە ئەگـەری هـەر سـەرنەکەوتنێک بقۆزنـەوە، هیـوادارن کـە حکوومەتـی عێـراق چارەسـەرکردنی کێشـەکە زیاتـر دوا نەخـات.

نیگەرانییەکانیـان بـەو سـەرنج و تێبینیـی دەربڕینیانـە بـوو کـە نوێنەرانـی دیپلۆماتیکـی وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات و بـە ئامادەبوونـی سـەرجەم باڵیۆزانـی بلۆکـی شـیوعی لـە جەژنـی نەتەوەیـی کـورد، کـە یەکشـەممەی ڕابـردوو لـە بەغـدا بەڕێوەچـوو، پشتڕاسـت کرایـەوە. وا دیـارە یەکێتیـی سـۆڤێیەت و هاوپەیمانەکانـی، کـە چیتـر ناچـار نیـن دەسـت لـە پشـت دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـدەن، لەوەتـای چەنـد هەفتەیـەک دەبـێ بـەدوای نزیکبوونـەوەدا دەگەڕێـن لـەو بزووتنەوەیـە کـە تـا ئێسـتە، هێشـتە بـە توندی دوژمنایەتیـان لەگەڵـدا دەکات بەهـۆی هەڵوێسـتەکانیان لەگـەڵ دەسـەڵاتی قاسـمدا.

## لۆ گۆرییێك

## بەڵگەنامەی ژمارە: 4

### سەرۆکوەزیران

### ( S.D.E.C.E) خ.ب.د.د.چ )

**(نهێنی)**

(مێژوو: سەیری دەقەکە بکە)

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

16ی نیسانی 1963

ژێدەر: D 22559/A

### کێشەی کورد

### B/3

لەوەتای کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی 1963 وە، وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی نەیتوانیوە دانوستانە پلان بۆ دانراوەکان لە بەغدا لەسەر پرسەکانی لامەرکەزیی و ئۆتۆنۆمی دەست پێ بکاتەوە.

هەفتەی ڕابردوو لەلایەن جەنەڕاڵ حەسەن بەکرەوە[18] پێشوازی لە تاڵەبانی کرا و داوای لێ کردووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پرسە گرینگانەی کە ئێستە حکوومەتی عێراقیان بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئارام بگرێت.

[18] ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر تازە لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی 1963، هەمووی دوو مانگێک دەبوو، کە بەتازەگی بوو بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق (وەرگێڕ).

بەو پێیەی بەکر بەبێ ئەوەی جارێکی دیکە تاڵەبانی ببینێتەوە بەرەو قاهیرە بەڕێ کەوتووە، ئەمەی دووەمیان داوای ڕێنوێنیی نوێی لە بارزانی کردووە.

بەگوێرەی بڕێک لە ناوەندە سیاسییەکانی بەغدا، لەوانەیە بارزانی دووبارە سەرلە نوێ شەڕ دەست پێ بکاتەوە ئەگەر ببینێ، کە حکوومەتی عێراقی زۆر دوادەکەوێ لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لەگەڵ ڕێژیمێکی عێراقی بەهێز و دووبارە ڕێکخراو، کە ڕەنگە یەکێتییەکی فیدراڵیی وای بەسەردا بسەپێنێ کە بە تەواوی ڕەتی دەکاتەوە.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- بەشی ڕۆژهەڵات (لۆڤان).

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

# بەڵگەنامەی ژمارە: 5

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: AI-AL-

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، 20ی نیسانی 1963 ، سەعات پێنج و سی خولەکی ئێوارە

گەیشتوو لە هەمان ڕۆژدا، سەعات دەی شەو و هەشت خولەک

ژمارە: 161/160

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە (130)م دەکەم.

ئێوارەی ئەمڕۆ گفتوگۆکان لەنێوان وەفدی حکوومەتی عێراق -کە بەڕێز سەعدی، جێگری سەرۆک وەزیران و جەنەڕاڵ عەمماش[19] وەزیری بەرگریی نیشتمانی- و وەفدی کوردیی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز تاڵەبانی دەست پێ دەکاتەوە.

لەم کەشوهەوا گرژییەدا، کە ئەم قۆناغە نوێیەی دانوستانەکان دەست پێ دەکاتەوە، لە ناوەندەکانی کوردیدا، لە دوای ئەوەی کە پڕۆژەی یەکێتیی فیدراڵیی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە، بانگەوازیی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد داوا دەکەن، ڕەشبینی خۆیان بەدیار

---

[19] ساڵح مەهدی عەمماش ئەلنەداوی (1924-1985). سیاسەتوان، مێژوونووس و شاعیری عێراقی بوو. دوای کودەتای 14ی ڕەمەزان (بزووتنەوەی 8ی شوباتی 1963) بوو بە وەزیری بەرگریی و دواتر نەفی کرا بۆ قاهیرە و دوای کودەتای تەممووزی 1968 کرایەوە بە وەزیری ناوخۆ (وەرگێڕ).

دەخەن و پەیوەندییەکانیان دووهێندە زیاتر کردۆتەوە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ شاندە دیپلۆماسییە جیاوازەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ سەر ترسناکیی دۆخەکە. لە لایەنی حکوومەتییەوە وا دیارە خواستێک هەیە لە نیشاندانی سووربوونی خۆیان. ڕاپۆرتەکان ئەوە دەگەیەنن، کە دوو فیرقەی نوێی (سوپای عێراق. و.) بۆ باکوور نێردراون لەوکاتەی کە وەفدی عێراقیی لە قاهیرە گەڕاوەتەوە.

هەردوو لایەن- بە ڕوونی هەوڵی ترساندنی یەکتر دەدەن-، هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنن، کە متمانەیان بە ئەنجامی شەڕ هەیە لە ئەگەری کۆتایی هاتنی ئاگربەستەکەدا.

## لۆ گۆڕییێك

# بەڵگەنامەی ژمارە : 6

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، 22ی نیسانی *1963* ، سەعات دە و پەنجا خولەکی شەو

لە ڕۆژی23 ی نیسانی 1963، سەعات پێنج و سێ خولەکی بەیانی گەیشتووە.

ژمارە 180/172

(زۆر نهێنی)

(بڵاوبوونەوەی دیاریکراو)

(دابەشکردنی بەشێوەیەکی سنووردار)

لەم دواییانەدا دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا لە ماڵی هاوکارێکی بیانیدا، چاوم بە سەرۆکەکانی وەفدی کورد بکەوێت، کە ئێستە لە بەغدادن، کە بە شێوەیەکی تایبەتی داوای بینینی منیان کردبوو بۆ ئەوەی تێڕوانینەکانیان لەسەر بارودۆخەکە بۆم ڕوون بکەنەوە.

لە کاتی کۆبوونەوەمەم کە لەگەڵیاندا بووم – لە ساتەوەختی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکاندا (تێلێگرامی ژمارە 161/160 م)، بەڕێزان

تاڵەبانی، یوسفی و بەڕێز عەقراوی[20] نیگەرانیی زۆری خۆیان لە دەرئەنجامی ئەو دانوستاندنە کە لەگەڵ حکوومەتی بەغدا دەستی پێ کردووە، دەربڕی. ئەوان هەڵوێستی مەبدەئی خۆیان دوای ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەکانی قاهیرە بۆ ڕوون کردمەوە.

دوای قەبووڵکردنیان بە چوونەپاڵ کۆماری یەکگرتووی نوێی عەرەبی، وڵاتی عێراق نامێنێت، وەکوو یەکەیەکی نێودەوڵەتی کە لەلایەن وڵاتە گەورەکان ددانی پێدانراوە و لەلایەن بزووتنەوەی کوردیشەوە قەبووڵکراوە، لەگەڵ سنوورەکانی وەک ئەوەی لەلایەن ڕێککەوتننامەکانی فەرەنسا-ئینگلیز و کۆمەڵەی گەلان ناسێندراوە. کوردەکان، عێراقین بەڵام عەرەب نین، هیچ پەیوەندییەکیشیان بە دەوڵەتی فیدراڵیی عەرەبییەوە نابێ، مەگەر داواکارییەکانیان بۆ دروستکردنی هەرێمێکی چوارەم، وەک هەرێمی کوردستان، قەبووڵ بکرێت، لە حاڵەتی پێچەوانەدا، بێ گومان کوردەکان جارێکی دیکە دەجەنگن بۆ ئەوەی ئەمجارە چیتر داوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا نەکەن، بەڵکوو داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن.

بەڕێز تاڵەبانی و هاوڕێکانی دەیانویست زۆر بە تایبەتی سەرنجی حکوومەتی فەرەنسا بۆ چارەنووسی گەلی کورد ڕابکێشن، بەهۆی ئەو هاوسۆزییەی کە وادیارە ڕای گشتیی فەرەنسایی بۆیان هەیەتی (گفتۆگۆکارەکانم ئەوەیان دەرخست کە ئەوان زۆر بە وردییەوە بەدوای ئەو ڕاپۆرتانەدا چوون کە بەم دواییە لە ڕۆژنامەکانی پاریسییدا بڵاو کراونەتەوە) و هەروەها لە سۆنگەی ئەو بەرپرسیارێتیانەی کە فەرەنسا لە داڕشتنی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵیدەگری- کە بەشێوەیەکی ڕێگوزەر ئاماژەیان بەوە دا، کە دانیشتوانە کوردەکان بەخۆیان، خۆیان بەڕێوە دەبرد و بە سەخاوەتێکی زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی دیکە بۆ دانیشتوانە کوردەکان لە سەروبەندی دەورانی ئینتیدابی فەرەنسادا بۆ سەر سووریە، ئیدارە دەدران.

---

[19] کۆلۆنێل شەوکەت عەقراوی (وەرگێڕ).

ئـەوان ڕاyانگەیانـد کـە زۆر متمانەیـان بـە توانـای خۆیـان هەیـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوە و لـە دەرئەنجامـی کۆتاییـدا، لـە ئەگەری دەسـتپێکردنەوەی شـەڕدا. گەلـی کـورد دوای چەنـد سـاڵی زۆر لـە خەبـات، بەسـەرلەبەرییەوە لـە نزیکـەوە یەکگرتـوو بـوون-وەک ئـەوەی هەرگیـز- لەژێـر سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـاوا یەکگرتـوو نەبـوون، شکسـت بـە سـوپای عێـراق دەهێنـن هاوشـێوەی ئـەوەی لـە سـەردەمی قاسـمدا بەسـەریاندا هێنـا، بـەڵام بـێ گومـان جەنـەڕاڵ بـارزانی، لـەم حاڵەتـەدا، ناچـار دەبـێ وەسیلەگەلێک بەکاربهێنێـت کـە نەیویسـتووە تـا ئێسـتە بـەکاری بهێنێـت. بـە تایبەتـی فەرمـان دەرکـردن بـۆ تێکوپێکدانـی ڕێگەکانـی پەیوەنـدی (کۆمینیکاسیۆن)، یـان ڕەنگـە تەنانـەت دامـەزراوە نەوتییـەکان و تۆڕەکانـی دابەشـکردنی نەوتیـش بگرێتـەوە.

لـە دیدی ئەوانـدا فەرەنسـا لـەم کارەدا، بەرژەوەنـدی لەوەدایـە بەرگرییـان لـێ بـکات و ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ، لـە پێنـاو پەرۆشـیی بـۆ ئـەوەی داهاتـوو بپارێزێـت، نـەوەکا خـۆی بـە یەکێتیـی سـۆڤێیەت ببەسـتێتەوە، کـە ئـەوان ئـەوەی هیوایـان دەخواسـت لـە ئەوروپـا و پێـش هەمـوو شـتێکیش لـە وڵاتەکەمـان، پشـتگیریی مەعنەویـان لـێ بکـرێ، کـە ئـەوان ئـاوا دیارییـان دەکرد کرد، کـە مەبەسـتیان لـەو پشـتگیرییە بـە تایبەتـی: ئـەو پشـتگیرییەی کـە فەرەنسـا و دۆسـتە ئەفریقاییەکانـی دەتوانـن پێشـکەش بـە دۆزی ئەوانـی بکـەن لەنـاو نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، پشـتگیرییەکی مرۆییـە (ناردنـی نوێنەرایەتیـی پزیشـکی و ئامێـری تەندروسـتی لەڕێگـەی خاچـی سـووری فەرەنسـایی، وەک ئـەوەی پێـشتر کۆمیتـەی ئەنتەرناسـیۆنالی خاچـی سـوور) هەوڵـی دابـوو، و پێشـوازیکردنی قوتابخانـە و فاکەڵتییەکانی فەرەنسـا بـۆ خوێندکارانـی کـورد، کـە لـە ئەنجامـی شـەڕدا بەکۆمـەڵ زانکـۆی بەغـداد بەجێدەهێڵـن. ئەگـەر بزووتنـەوەی کـورد لەگـەڵ ڕۆژئـاوا ئـەو لێکتێگەیشـتنە بەردەسـت نەخـات، کـە هیـوای بـۆ دەخـوازێ، ئـەوا ناچـار دەبـێ ئـەوەی یەکێتیـی سـۆڤێیەت پێشکەشـی دەکات قەبووڵـی بـکات، وەک بەڕێـز تاڵەبانـی وتـی، کـە کوردەکان هەمـوو ئـەو یارمەتییانـە بەدەسـتدەهێنن، کـە داوای یارمەتـی لـێ بکـەن.

مـن وەڵامـی نێردراوەکانـی جەنـەڕاڵ بارزانیـم دایـەوە، کـە مـن بـە هیـچ شـێوەیەک شایسـتەیی ئـەوەم نییـە وەڵامـی داواکارییەکـەی ئـەوان

بدەمەوە، سەرباری ئەوەش، من وەکوو نوێنەری حکوومەتی فەرەنسا لە عێراق، بە شێوەیەکی تایبەتی پەرۆشی ئەوەم کە خۆم لە هەر ئاماژەیەک بەدوور بگرم کە وەکوو دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتە تەماشا بکرێ. سەرنجی ئەوانم بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشا کە فەرەنسا تازە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا دامەزراندووەتەوە و بە دڵنیاییەوە نایەوێ ساتوسەودا بە ڕووبەڕوونەوەی ئاڵۆزیی نوێ بکات. لە لایەکی دیکەوە، ئێمە هاوپەیمانیی تورکیا و دۆستی ئێرانین (ئەوەی پەیوەندی بەم خاڵەی کۆتاییەوە هەبوو، بەڕێز تاڵەبانی پێی وتم کە بزووتنەوەکەی ئامادەیە هەموو دڵنیایی و گەرەنتییەک بدات بە ئەنقەرە و تاران کە ئەوان بیخوازن).

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەماندا، نوێنەرەکانی کورد ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەوان لەو خۆپارێزییە (خۆوەدوورگرتنە)ی فەرەنسا تێدەگەن کە ڕەوشەکە ئەو هەڵوێستەی بەسەردا سەپاندوون، و ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کە بەم زووانە دکتۆر عەقراوی بنێرن بۆ پاریس، بەو پەڕی نهێنی، بۆ ئەوەی ئامادەکاریی بۆ هاتنی وەفدێکی کوردەکان بکات.

من زانیم کە کوردەکان لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لەڕێگەی باڵیۆزخانەکانی ئەڵمانیا و سویسرە بەدوای هەمان ڕاپرسیدا گەڕاون و هەمان باسوخواستییان لەوێش بووە و پێدەچێت هەر هەمان ئامانجیان هەبووبێت، ئەویش بۆ گەڕان بەدوای یارمەتی مەعنەوی و مرۆیی – هەڵبەت من پێم وانییە ئەوان وەک ئەوەی لای ئێمە پێداگر بوون، ئاوا لای ئەوانیش هەر ئاوا پێداگر بووبن و ڕاستییەکەی من پێم وایە کە کوردەکان هیوایەکی گەورە لەسەر هەڵوێستی فەرەنسا هەڵدەچنن و وەک ئەوەی بۆم دەرکەوت کە هیوایەکی گەورەیان بە ئێمەیە، لەبارەی سووکردنەوەی ئەوەی کە دەکرێ سووک بکرێ.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 7

باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا

IR-V-8(Kurdes)

بەغدا، 27ی نیسانی 1963

ژمارە: AL 21

لە پۆل لۆ گۆریریك، شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق بۆ

ڕێزدار جەنابی وەزیری دەرەوە.

-دیپارتومانی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات-

## سەبارەت بە یادداشتنامەی وەفدی کوردیی لەبارەی پڕۆژەی یەکێتیی عەرەبی

لە ڕاگەیەندراوێکم بە مێژووی ١٠ی نیساندا، ئەوەم بۆ وەزارەت ڕوون کردەوە، کە وەفدی کوردیی بەرپرسیار لە دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ناوەند لەسەر شێوازەکانی «لامەرکەزییەت»[21] دا، لە سەروبەندی گفتوگۆکانی قاهیرەدا، یادداشتنامەیەکی ڕادەستی قسەکارەکانی ئەو نوێنەرایەتییە کردبوو و هەڵوێستی بزووتنەوەی کوردی، سەبارەت بە پڕۆژەکانی پەیوەست بوونی عێراق بە فیدراسیۆنێکی عەرەبی تێدا ڕاگەیاند بوو.

[21] décentarlisation

مـن لێـرەوە هاوپێـچ وەرگێڕانـی ئـەم بەڵگەنامەیـە بـۆ وەزارەت دەنێـرم. تێبینـی دەکـەم ئـەو داواکارییـەی کـە بەڕێـز تاڵەبانـی پێشکەشـی کـردووە، و بـە ئامانجـی خسـتنە نـاوی چەنـد ناوچەیەکـی کوردیـی لـە سـووریە بخەنـە نـاو «هەرێمـی کوردسـتان»، لـەم دەقـەدا بەدیـار ناکەوێـت.

وێنەیـەك لـەم یادداشـتنامەیە دراوە بـە : ئەوروپـا، لەنـدەن، واشـنگتۆن، مۆسـکۆ، بـۆن، تـاران، بەیرووت، دیمەشـق، عـەممان، قاهیـرە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 8

(وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ فەرەنسایی)

### یادداشتنامەیەك بۆ  سەرۆك و ئەندامانی وەفدی عێراق لە وتوێژەکانی قاهیرەدا.

بە بۆنەی بەشداریکردنی چاوەڕوانکراوی داهاتووتان لە کۆبوونەوەکانی قاهیرە کە لەنێوان نوێنەرانی کۆماری عێراق و کۆماری عەرەبی سووریە و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بەڕێوە دەچێ، ئێمە، ئەندامانی وەفدی کوردی بەرپرس لە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق پەیوەست بە پێدانی بەخشینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزییەتدا، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجام دراون و کاردانەوەکانیان لەسەر گەلی عێراق دەبێ بە گەلی کوردیشەوە، لەو هەڵوێستەی سەبارەت بە شێوازەی پەیوەندییەکان کە دەشێ  لەنێوان عێراق و لەنێوان یەک یان چەند وڵاتێکی عەرەبیدا بێنە کایەوە، ئەو دڵناییە وەربگرین، بەجۆرێک کە ئەو بڕیارانەی کە لەسەر ئەم بابەتە دەدرێن، لەگەڵ هەڵوێستی گەلی کورد لە عێراقدا بگونجێت و دژایەتی مافەکانیان نەکات.

یەکەم: بە سەرنجدان لە سرووشتی دانوستانەکانی قاهیرە، دەبێت بە جۆرێک یان بە جۆرێکی دیکە نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکرێت، چونکە ئەو بڕیارانەی کە دەدرێن سەبارەت بە دامەزراندنی پەیوەندییەکانی نێوان سێ کۆمارەکە دەشێ کاردانەوەی هەبێت لەسەر گەلی کورد و مافەکانی لە سووریە، لە کۆماری عێراقدا هەروەها  لەبارەی کێشەی لامەرکەزییەوە.

بـە دڵنیاییـەوە دەکـرێ بڵێیـن کـە وەفـدی کۆمـاری عێـراق لـە ڕوانگـەی دەستووری و هەروەهـا لـە ڕوانگـەی یاسـاییەوە نوێنەرایەتیی تـەواوی گەلی عێراق دەکات. وێڕای بـەرز نرخاندنـی ڕەچاوکردنـەکان، ئێمـە پێمان وایـە کـە کێشـەکانی ئێسـتە، لـە لایـەک، و سرووشـتی دانوسـتانەکانی قاهیـرە، لـە لایەکـی دیکـەوە، وا دەخوازێـت کـە ئـەو وەفـدەی کـە نوێنەرایەتیـی عێـراق دەکات زیاتـر نوێنـەری دوو نەتـەوە گەورەکـە بێـت: عـەرەب و کـورد ، کـە پێکـی دەهێنـن، بـۆ ئـەوەی ئـەو بڕیارانـەی کـە دەدرێـن زیاتـر لەگـەڵ واقیعـی عێراقـدا بگونجێـت. ئامادەنەبوونـی نوێنـەری گەلـی کـورد لەنـاو شـاندی عێـراق هـۆکاری سـەرەکی ناردنـی ئـەم یادداشـتنامەیە.

دووەم: جەخـت لـەوە دەکەینـەوە کـە گەلـی کـورد لـە دژی خواسـتی گەلی عـەرەب ناوەسـتێتەوە بـۆ دامەزراندنـی ئـەو پەیوەندییـەی کـە درووسـتی دەکات لەنێـوان فراکسیۆنەکانی و حکوومەتەکانیـدا. گەلـی کـورد شـانازی بـەوە دەکات و دەیکاتـە شـانازی بەشـداریی خـۆی لـە کەمکردنـەوەی ئـەو سـەختییانەی کـە لـە دامەزراندنـی پەیوەندییـە خوازراوەکانـی نێـوان بەشـە جیاوازەکانـی ناوچەکانـی عەرەبـی بـە گشـتی و لەنێـوان وڵاتانـی عەرەبـی ڕزگاربـوودا بەتایبەتـی دەیبێنـێ، جـا سرووشـت و کاریگەرییەکانـی ئـەو پەیوەندییانـە هەرچییـەک بـن.

سێیەم: بـۆ پێشـگرتن لـە ئەگـەری هـەر ئاستەنگییەک کـە لـە دوارۆژدا بێنـە پێشـەوە و بـۆ بەدوورگرتـن لـە هـەر دژەبەرییـەک کـە لـە نێـوان ئـەو بڕیارانـەی کـە لـە کۆبوونەوەکانـی قاهیـرەدا دەردەچـن لەگـەڵ مافـە نەتەوەییەکانی گەلـی کـورد لـە عێـراق، لـە خـوارەوە کورتـەی بۆچوونـی ئـەم گەلـە دەخەینـەڕوو ، بۆچوونێـک کـە لـە سروشـتی بـوون و پێگـەی خـۆی لـە عێراقـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، هەروەهـا لـە خەبـات و ئەزموونەکانـی خـۆی بـە درێژایـی مێـژوو بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ گەلـی عـەرەب لـە هەلومەرجـی جیاجیـادا گرتوویەتییـە بـەر.

ئەلیـف: ئەگـەر عێـراق وەکـوو خـۆی مایـەوە و هیـچ گۆڕانکارییـەک بەسـەر سـتاتووەکەیدا نەهـات، ئـەوا گەلـی کوردسـتان داخوازینامەکانـی خـۆی سـنووردار دەکات لەسـەر جێبەجێکردنـی ڕاگەیاندنـی بەیاننامەیەکـی دەرچـوو لەلایـەن کۆمـاری عێـراق سـەبارەت بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد لەسـەر بنەمـای پرەنسـیپی لامەرکەزیـی.

بـێ: ئەگـەر عێـراق بچێتـە نـاو یەکێتییەکـی فیدراڵـی، ئـەوا بەگوێـرەی مانـای ئێسـتەی ئـەم دەسـتەواژەیە ئۆتۆنۆمییەکـی سـەربەخۆ بـە گەلـی کـورد لـە عێـراق دەدرێـت.

جیـم: خـۆ ئەگـەر عێـراق لەگـەڵ یـەک یـان چەنـد وڵاتێکـی عەرەبیـدا بـە تـەواوی یەکبگرێتـەوە، ئـەوا دەبێـت گەلـی کـورد هەرێمێـك پێـك بهێنـێ لـە دەوڵەتـی یەکگرتـووی (عەرەبـی)دا، بـە شێوەیەک کـە ئامانجـی لـەوەدا زامنکردنـی بوونـی خـۆی بێـت و لـە هەمـان کاتـدا هـەر جـۆرە جیابوونەوەیـەک ڕەت بکاتـەوە و لـە هەمـان کاتـدا گەرەنتـی پەرەپێدانـی پەیوەندییـە پتەوەکانـی بـدات لـە نێـوان ئـەو دوو گەلـە برایـە لـە هەنگاونـان بـەرەو داهاتوویەکـی بـاشتر.

بەڕێزەوە سڵاو و ڕێزمان قەبووڵ بفەرموون

لە برێتیی وەفدی کوردی

سەرۆکی وەفد

**جەلال تاڵەبانی**

8ی نیسانی 1963

# بەڵگەنامەی ژمارە : 9

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، 4ی ئایاری 1963 ، سەعات حەوت و چوار خولەکی ئێوارە

لە 5 ی ئایاری 1963، سەعات یەک و چلوپێنج خولەکی بەیانی گەیشتووە.

ژمارە 12/210

(تایبەتیی)

ئاماژە بە تێلێگرامی ژمارە ( 204 ) مم دەکەم.

چەند هەفتەیەکە گفتوگۆی دانوستاندنی عەرەبی و کوردیی وەستاوە بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێک لە لایەنی عێراقی لەبارەی دوایین پێشنیازەکانی بەڕێز تاڵەبانی هەبێ، جگە لە شێوە ڕاگەیەندراوێکی پڕ لە دەرئەنجام نەبێ، کە بەڕێز حازم جەواد، وتەبێژی ڕەسمیی حکوومەت، کە تیایدا ڕایگەیاندووە، کە (ئەو دەسەڵاتەی لە منداڵدانی شۆڕشەوە لەدایک بووە ئامادە نییە، لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێ، هیچ شتێک قەبووڵ بکات کە ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەو یەکێتییەی کە لەنێوان عەرەب و کورددا هەیە و ئەوەیش دووپات دەکاتەوە کە هەر هەوڵێک بەم ئاڕاستەیە مەحکوومە بە شکستی تەواوەتی).

سەرەڕای ئەو هۆشداریانەی، کە ناوبەناو لەلایەن بارزانییەوە دەدریّ، وا پێدەچێت کە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەیانەویّ جڵەوی دەستپێشخەریی شکاندنی ئاگربەستەکە بگرنە دەست، چونکە دەزانن کە پێدەچێت بەلای زۆرییەوە شەڕەکە قووڕس بێت و بە مەبەستی بەدەستهێنان یان بەدوای ڕاکێشانی هاوسۆزیی گشتیی ڕای نێودەوڵەتین بۆ تاوانبارکردنی لایەنی بەرامبەر. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر گۆڕانکارییەکی چاوەڕواننەکراو لە دۆخەکەدا ڕوونەدات- کە ئەمە لە دوایین ساتدا بە هۆی ملدانەکانی کوردەکان دێتە پێشەوە کە دەیخەنەڕوو - دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین کە وەفدەکە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز تاڵەبانی بەم نزیکانە بەڕێ بکەویّ، چونکە چیتر هیچ ئومێدێک بۆ چارەسەرێکی لەبار بۆ ئەوان نەماوەتەوە، کوردەکان دەیانەوێت درێژبوونەوەی ماوەی ئاگربەستەکە بقۆزنەوە بۆ گەڕان بەدوای زانینی نیازی بڕێک لە هێزە گەورەکان بەرانبەریان. نێردراوی پارتی دیموکراتی کوردستان دکتۆر عەقراوی[22] دوێنیّ بەرەو ئەوروپا بەریّ کەوتووە: ئێستە لە بەیرووتە و لە نیوەی دووەمی مانگی ئایار لە پاریس دەبیّ، هەروەها سەری لەندەن و لۆزان و میونخ دەدات. جەنەڕاڵ فوئاد عارف[23]، وەزیری دەوڵەت، داوای کردووە هەفتەی داهاتوو، هەر ڕاستەوخۆ دوای جەژنی گەورە (جەژنی قوربان) ، چاوی پێم بکەوێت.

## لۆ گۆرییێك

[22] کۆلۆنێل شەوکەت عەقراوی (وەرگێڕ).

[23] فوئاد عارف (1913-2010). لە عەممارە لە دایک بووە و کۆلۆنێل و سیاسەتوان بووە و دەرچووی کۆلێژی سەربازیی بووە. دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 کرا بە پارێزگاری کەربەلا. لە 1960 تا 1961 وەزیری کشتوکاڵ و دواتر لە 1961 تا 1963 وەزیر بووە بە بێ پۆست. لە ١٠ ی ئایاری 1967 تا 19 ی تەمموزی 1967 جێگری سەرۆک وەزیران بووە (وەرگێڕ).

## بەڵگەنامەی ژمارە: 10

کاروباری هەندەران

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەکردنەوە

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

[گەیشتوو : لە 7ی ئایاری 1963]

بەغدا، 6ی ئایاری 1963: سەعات 20 و 35 خولەك

لە 7ی ئایاری 1963: سەعات 03 و 15 خولەك گەیشتووە

ژمارە : 222

ئاماژە بە تێلێگرامی ژمارە ( 210 م) دەکەم.

خراپتربوونی گرژیی و ئاڵۆزی لە کوردستاندا، بەو ڕەتکردنەوەییە دیار بوو کە لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە نیشان درا بۆ داواکارییەکانی گەشتیارانی بیانی کە دەیانویست بچن بۆ باکووری وڵات، لە کاتێکدا کە، لە دوای گۆڕینی ڕێژیمەوە، مۆڵەتەکان تاڕادەیەک ئازادانە دەدران.

لە لایەکی دیکەشەوە پەیامنێری ئاژانسی ڕۆیتەر، بەهۆی ئەوەی شیکارییەکی بۆ ئاژانسەکەی گواستبۆوە سەبارەت بە دوایین پێشنیازەکانی وەفدی دانووسانتکاریی کورد، لە بەغدا دەرکرا.

وا دەقی تەواوی ئەو یادداشتەی کە بەڕێز تاڵەبانی داویەتی بە نوێنەرانی حکوومەت، بە جانتای دیپلۆماسی بۆ وەزارەت دەنێرم.

**لۆ گۆریریك**

## بەڵگەنامەیژمارە: 11

پۆل لۆ گۆریریك

بالیۆزخانەی فەرەنسا لە بەغدا

بەغدا، 7 ی ئایاری 1963

ژمارە: AL 36

(بەشی ئەفریقا ڕۆژهەڵات، ڕۆژی 9 ی مانگ گەیشتوە)

لە پۆل لۆ گۆریریك، شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق بۆ

ڕێزدار جەنابی وەزیری دەرەوە.

(مۆری دیپارتومانی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات/ 9ی ئایاری 1963، گەیشتوو)

ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات

### سەبارەت بە یادداشتنامەی کوردیی لە 24ی نیسان

هاوپێچ وەرگێڕانی ئەو یادداشتە دەخرێتە بەردەست وەزارەت، کە لە 24ی نیسان لەلایەن بەڕێز تاڵەبانی سەرۆکی وەفدی کورد بۆ دانوستانەکانی بەغدا پێشکەش بە بەڕێز ئەلسەعدی وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی وەفدی حکوومەتی عێراقیی کردووە.[٢٤]

[24] دوای مۆرکردنی میساقی سیانیی نێوان عێراق و سووریە و میسر لە 17 ی نیسانی 1963، ئەم یادداشتنامەیە لە 24 ی نیسانی 1963 پێشکەش بە دەسەڵاتکارانی بەعس کراوە (وەرگێڕ).

ئـەم بەڵگەنامەیـە بـۆ یەکەمجـار بـە شـێوەیەکی ورد چەمکەکانـی بزووتنـەوەی کـورد سـەبارەت بـە شـێوازەکانی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا دەخاتـە ڕوو. پێشـەکییەکی تێدایـە، کـە بـۆ موخاتبـەی هەسـتی برایەتـی نـووسراوە «کـە لـە سـەرەتای ئیسلامـەوە گەلـی عـەرەب و گەلـی کوردیـان یەکخسـتووە»، وا داوا دەکات بـۆ ئـەوەی حکوومەتـی عێراقـی «یەکێتییەکـی ئارەزوومەندانـە کـە بـە ئـازادی لەسـەری ڕێـك بکـەون، قەبـووڵ بـکات، لەگـەڵ وەلانانـی هـەر بیرۆکەیەکـی پێکەوەلکانـدن یـان یەکگرتنـی بـە زۆرەکیـی»، وەک ئـەوەی یادداشـتنامەکە نموونـە بـە دەسـتوورە فیدراڵییەکانـی سـوێسرە، یوگۆسلاڤیـە، چیکۆسـلۆڤاکیە (ئەوانـی دیکـە)و ، هیندسـتان و نەیجیریـا دەهێنێتـەوە و ئەوهیـش دووپـات دەکاتـەوە کـە ئـەم جـۆرە فۆرمانـە لـە یەکێتیـی (فیدڕاڵیـی) لەنـاو یـەک دەوڵەتـدا بـۆ کۆمەڵـە دانیشـتوانێکی فرەجـۆر، (نموونـەی باشتریـن یەکێتیـی ئازادانەیـە کـە پێکهاتـوون بـۆ دەسـتەبەرکردنی یەکێتیـی دەوڵـەت).

پێشـەکییەکە بـە وەبیرهێنانـەوەی ئـەو بەڵێننامەیـە کۆتایـی دێـت، کـە لـە بۆنـەی جۆراوجـۆردا لەلایـەن ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش داڕێژراوە، بـۆ ڕێزگرتـن و دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد.

## (هاوپێچ)

IR-S-8 Kurdes

(وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی فەرەنسی)

## یاداشتێک کە لە 24ی نیسانی 1963 لە لایەن وەفدی کوردەوە بۆ وتووێژەکانی بەغدا پێشکەش کراوە[25]

**یەکەم**:کۆماری عێراق دەوڵەتێکی ئیتیحادییە، لە دوو پێکهاتەی دانیشتووی سەرەکی: عەرەب و کورد پێک دێت، کە مافی یەکسانیان هەیە. ئەم دوو گرووپەی دانیشتوان کە لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، خواستی خۆیان بۆ پێکەوەژیان دەربڕیوە.

**دووەم**: دەستووری عێراق بڕگەی تایبەت بە دەستەی باڵای یاسادانانی کۆمار و سەرۆکی کۆمار و حکوومەت لەخۆ دەگرێت. هەروەها لە دەستووردا پێ لەسەر ڕێکخستنی ئۆرگانیزاسیۆنێکی نەتەوەیی بەرپرس لە مومارەسەکردنی مافە نەتەوەییەکانی لەلایەن گەلی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان، لە بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، دادەگرێ.

**سێیەم**: ئەم کاروبارانەی خوارەوە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی:

1. سەرۆکایەتیی دەوڵەت.

[25] کاتێک ئەم یادداشتنامەیە پێشکەش بە حکوومەتی عێراق کرا، دواتر وەڵامی حکوومەت بۆ ئەم پرۆژەیە ئەوەبوو ، کە پرۆژەکە ڕەتکرایەوە و حکوومەت بە وەفدی کوردیان گوتووە: ئێوە ئەگەر سەربەخۆییتان دەوێ، دەتوانن بیخەنەڕوو و ئێمەیش گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەڵام ئەگەر داخوازینامەگەلێک گەڵاڵە دەکەن و سەربەخۆیی تێدا نییە، بەڵام لەدواجاردا دەبێتە هۆی دابەشبوونی وڵات و عێراق دەگۆڕێ بۆ کیانێکی نەخۆش، ئەوەیان کارێکی قەبووڵکراو نییە، بڕوانە صلاح الخرسان، التیاراتْ السیاسیة في کردستان العراق: قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ، بیروت، 2001، ص 110.

2. کاروباری دەرەوە.

**ئەلیف-** نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و کونسوڵگەریی.

ب. ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.

ج. کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان.

د. ڕاگەیاندنی شەڕ و پەیماننامەی ئاشتی.

3. بەرگریی نیشتمانیی (هێزەکانی زەوینی، زەریایی، ئاسمانیی).

4. دراو و دەرکردنی دراو.

5. بابەتی نەوت.

6. گومرگ.

7. بەندەر و فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان.

8. پۆستە و تەلیگراف و تەلەفۆن.

9. هێڵی ئاسن و ڕێگە سەرەکییەکانی گشتیی.

10. پرسەکانی تایبەت بە وڵاتنامەیی (ناسیۆنالیتیٚ).

11. ڕێکخستنی بودجەی گشتی دەوڵەت.

12. کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن و پەخشی ناوەندیی.

13. وزەی ئەتۆمیی.

**چوارەم:**

1. مافی گەلی کورد لە پیادەکردنی مافە نەتەوەییەکانی لە ڕێگەی ئەنجوومەنێکی تەنفیزییەوە ئەنجام دەدرێت، کە لە ئەنجومەنی

یاسادانانەوە سەرچاوە دەگرێت و، ئەندامەکانی بە دەنگدانی نهێنی و ئازاد و ڕاستەوخۆ لەناو دانیشتوانی کوردستان هەڵدەبژێردرێن.

2. ئەو داوودەزگە نیشتمانییەی لە مادەی دووەمدا ئاماژەی پێ کراوە، تایبەتمەندە بۆ بوارەکانی تایبەت بە دادوەریی، ناوخۆ، پەروەردە، و فێرکردن، تەندروستی، کشتوکاڵ، شارەوانی، کاروباری کۆمەڵایەتی، و ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی هەوارگەی گەشتیاریی و، هەموو شتێک کە پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییەوە هەیە. گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە لەناو ئەو دەسەڵاتانەدا نەهاتوون کە لە دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی دەبن.

3. ئەنجومەنی یاسادانان هەموو قانوونە پێویستەکان دەردەکات بۆ مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە مادەی دووەمی سەرەوەدا ئاماژەیان پێ کراوە. ئەنجومەنی یاسادانان، سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزیی هەڵدەبژێرێت و مافی ئەوەی هەیە متمانەی لێ بسەنێتەوە، هەروەک چۆن مافی ئەوەی هەیە متمانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیش وەر بگرێتەوە.

4. ئەنجومەنی تەنفیزیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سنووری دەسەڵاتەکانی دەزگای نیشتمانیی بەکاردەهێنێت کە لە مادەی ٢ی سەرەوەدا پێناسە کراوە. ئەو قانوونانە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە دەردەچن و هەروەها ئەو قانوون و ڕێسا گشتیانەی کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە دەردەچن و پەیوەندی ئەمەی دواییان لەگەڵ کوردستان ڕێک دەخات.

ئەنجومەن بەرپرسانی داوودەزگەی کارگێڕیی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە لە ناوچەکەدا دادەمەزرێنێ، کە ئەوە کاری ئەنجومەن دەبێت و بەرپرسیار دەبێ لە هەموو کارەکانی لەبەردەم ئەنجومەنی یاسادانان‌دا.

5. سەرچاوەکانی دارایی داودەزگەی نیشتیمانیی لە کوردستان پێک دێت لە:

**ئەلیف-** داهاتەکانی ناوخۆ، کە لە باج وخەراجەکان و ئەوماڵیاتەوە دێت کە لەناو هەرێمدا وەردەگیرێن.

**بێ-** بەشێک بەڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەو داهاتانەی کە لە عێراق بەدەست دەکەوێت، لەم داهاتانەی خوارەوە: داهاتی نەوت، گومرگ، فڕۆکەخانەکان، بەندەرەکان، بانکە حکوومییەکان، ڕێگەوبانەکان، هێڵی ئاسنینەکان، پۆستەخانەکان و تەلەفۆنەکان، دەست دەکەون

لەوەدا خەرجییەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتیی، بەرگریی، کاروباری دەرەوە، دەرکردنی دراو، ئیدارەی وەزارەتەکانی نەوت و پۆستە تەلیگراف و تەلەفۆن و بانکەکان دەبردرێن، هەمیشە بە گوێرەی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەراورد بە دانیشتوانی عێراق دیاریی دەکرێت. سەبارەت بە تێچووی چاککردنەوەی تۆڕی ڕێگەوبانەکان، بە ڕێژەیی لەگەڵ ئەو ماوە دوورییەی کە لە کوردستان و عێراق دەبیرێت حیسابی بۆ دەکرێت.

**جیم-** هەروەها پشکی کوردستان لە یارمەتیی دەرەکی و قەرز و قەرەبوو کە لە لایەن حکوومەتەوە وەریدەگرێت بەو ڕێژەیە دەبێت کە لە سەرەوە باسمان کرد.

د. قەرزی ناوخۆ، هەروەها پارە و هاوکارییە ناسەربازییەکان کە لە دەرەوە دێن، کە کوردستان بەردەستی دەخات.

هـ. داهاتی تووتن و هاوینەهەواریی و دارستانەکان.

و. کوردستان بەشدار دەبێت لە داوودەزگە و پڕۆژە و ئیدارەکانی سوودی گشتی، بە بەشێکی ڕێژەیی لەگەڵ دانیشتوانەکەی بەراورد بە عێراق.

6. هەرێمی کوردستان لیواکانی سلێمانی، کەرکووک، ئەربیل، قەزا[٢٦] و ئەو ناوچانەی لیواکانی مووسڵ و دیالە[٢٧] لەخۆدەگرێت کە دانیشتوانەکانی زۆرینەیان کوردن.

---

(26) الاقضية: Akdia

(27) دیالی: Kiali، بەهەڵەی تایپی نووسراوە (Kiali) (وەرگێڕ).

7. جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کورد دەبێت و بە بەکارهێنانی هەمان شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆماری عێراق، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت.

8. دەستووری دەزگای نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، مافە کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، و ئازادییە دیموکراسی و ئایینییەکان، بۆ هاووڵاتیانی کەمینەی تورکمان، ئاسووری، کلدان، ئەرمەن و پێکهاتەکانی دیکە کە سەر بە ڕەگەز یان ئایینەکانی دیکەن دابین دەکات.

هەروەها گەرەنتی یەکسانیی ماف و ئەرکەکانیان بۆ دابین دەکات. هەروەها بۆ هاووڵاتیانی عەرەب و کورد، هەروەک چۆن گەرەنتی نوێنەرایەتیان دەکات لەناو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەروەها لە ڕێکخراوە جیاجیاکانیشدا، بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە، بەشدار دەبن.

## مادده گشتییەکان

1. گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا نوێنەرایەتیان لە (پەرلەمانی نیشتمانیی) عێراقدا دەبێت بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە پەرلەمانتار، بەرێژەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەراورد بە دانیشتوانی عێراق.

2. کورد لە حکوومەتی ناوەندیدا وەزیری دەبێت بەو ڕێژەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد.

3. فەرمانبەرانی دەوڵەتیی لە کوردەکان لە وەزارەتەکانی ناوەند بە هەمان ڕێژە دادەمەزرێندرێن.

4. ئەلیف: لە زانکۆ و پەیمانگە باڵاکانی بەغداد، خوێندکارانی کورد بەپێی هەمان پشک وەردەگیرێن.

بـێ- حکوومـەت لـە ناردنـی میسـیۆن بـۆ دەرەوەی وڵات و زەمالـە (بـورس) دەدات بـە خوێندکارانـی کـورد بەپێـی هەمـان مـەرج.

5. یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، کورد دەبێت.

6. سـوپای عێـراق نـاوی ئێسـتەی خـۆی دەهێڵێتـەوە. ئەگەرنـا یەکـە کوردییـەکان ناویان "فەیلەقی سوپای کـورد" دەبـێ. ئەمەیش دەبێت سـەرجەم ئەفسـەر و ئەفسـەرانی سـەف و پیـاوە وەرگیراوەکانـی کوردسـتان بگرێتـە خـۆی، کـە لـە سـوپای عێراقـدا خزمـەت دەکـەن.

7. کـورد خزمەتـی سـەربازیی خـۆی دەکات. ئـەو ئەفسـەر و ئەفسـەرە سـەفانەی، کـە بـە هـۆکاری سیاسییەوە فەسـڵ کراون و لەکارەکانیان دوورخراونەتـەوە، دەخرێنـەوە نـاو سـوپای عێـراق و دەگەڕێنـەوە نـاو ئـەو یەکـە سـەربازییانەی کـە ئۆردووەکانیـان لـە کوردسـتانە.

8. خوێندکارانـی کـورد لـە کۆلیجەکانـی سـەربازیی، پۆلیـس، ئەرکانـی گشـتیی و فڕۆکەوانیـی، و دامودەزگـە سـەربازییەکانی دیکە وەردەگیرێن، بـەو ڕێژەیـەی کـە لـە سـەرەوە بـاسمان کـرد.

9. لـە حاڵەتـی دەسـتدرێژیی یـان هەڕەشـەی ڕاسـتەقینەی لـە دەرەوە هاتـوو دژ بـە کۆمـاری عێـراق، ئـەوا حکوومەتـی ناوەنـد هێـزی ئیزافـە دەنێـرێ بـۆ کوردسـتان . لـە هـەر ڕەوشـێکی دیکـەدا ڕەزامەنـدی ئەنجومەنـی یاسـادان و تەنفیـزی کوردسـتان پێویسـتە.

نابـێ ئـەم ئەحکامانـە ڕێگـە لـە مومارەسـەکردنی سـوپای عێـراق بگـرن لـە بەجێهێنانـی ئیلتیزاماتـە ئاسـاییەکانی خۆیـی و ڕاهێنانـی بـۆ مـاوە ئاسـاییەکان.

10. یەکەکانی سوپا نابێ لەناو کوردستاندا ئۆپیراسیۆنی داپلۆسینیی بەڕێـوە ببـەن، تەنیـا بـە ڕەزامەنـدی ئەنجومەنـی تەشریعـی یـا لەسـەر داوای ئەنجومەنـی تەنفیـزی نەبـێ.

11. هـەر ئەحکامێکـی تەشریعـی سـەرچاوەکەی هـەر دەسـتەڵاتێك بـێ کـە دەری دەکات، پێشـێلی مافـە نیشـتمانی و دیموکراتییەکانـی گـەل

بـکات یـا مومارەسـەکردنی پابەنـد بـکات، کاری پـێ ناکـرێ.

12. پیادەکردنـی ئەحکامـی عورفـی لـە کوردسـتان بـەدەر لـە حاڵەتەکانـی ڕاگەیاندنـی جەنـگ یـا مەترسـی ڕاسـتەقینەی دوژمنکاریـی بـە ڕەزامەنـدی ئەنجومەنـی یاسـادانان دەبـێ.

13. یەکێـک لـە وەزیـرە کوردەکانـی ئێسـتە بەرپرسـیاریەتی پێکهێنانـی ئەنجومەنـی تەنفیـزی کاتیـی لـە ئەسـتۆ دەگـرێ بـۆ ئـەوەی ئەنجومـەن بتوانێـت بەشـێوەیەکی کاتیـی دەسـەڵاتەکانی خـۆی بەکاربهێنێـت. هەڵبـژاردن بـۆ ئەنجومەنـی یاسـادانان لـە مـاوەی چـوار مانـگ لـە پێکهێنانـی ئـەم دەسـتەیە ئەنجـام دەدرێـت.

14. لابردنـی شـوێنەواری ڕژێمـی سـتەمکار بـە قەرەبووکردنـەوەی دادپەروەرانـە و خێـرا بـۆ قوربانیانـی شـۆڕشـی کوردسـتان لـە ماوەیـەك کـە لـە چـوار مانـگ زیاتـر نەبێـت، بـەدی دێـت.

15. لـە ئەگـەری گۆڕینـی ڕەگەزنامـەی عێراقـی بـە ڕەگەزنامەیەکـی دیکـەی عەرەبـی، ئـەوا لـە بەڵگەنامـەی لەدایکبـوون و تۆمـاری تۆمارکـردن و پاسـپۆرتدا ئـەوە دەنـووسرێ، کـە هەڵگرەکـەی هاووڵاتیـی «کوردسـتان» دەبـێ، لـە کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو و، ئەگـەر هاوڵاتیـی کوردسـتانیش بێـت، و دەنـووسرێ ”کـورد “ ئەگـەر بـە ڕەچەڵـەک کـورد بێـت.

16. لـە ئەگـەری دەسـتکاریکردنی ئـاڵا یـان دروشـمی دەوڵەتـی عێـراق، دەبـێ هێمایەکـی کـوردی بـۆ زیـاد بکرێـت.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 12

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

وانشگتۆن، 11ی ئایاری 1963

گەیشتوو لە 11ی ئایاری 1963، سەعات 22 شەو و 50 خولەک

ژمارە: 91-2889

بڵاوکراوە: لەندەن 1309-11

نیویۆرک 196

وەزارەتی دەرەوە پێشبینی ناکات کە حکوومەتی عێراق یان کوردەکان بەم زووانە دەستپێشخەریی ئەوە بکەن دانوستانەکان بپچڕێنن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەرژەوەندیی گەورەی هەر لایەنێک لە ڕێککەوتن دایە.

بە دڵنیاییەوە لە واشنگتۆن دان بەوەدا دەنرێت کە بێمتمانەیی هەیە، بەڵام جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە تا ئێستە پەیوەندییەکان نەپچڕاون. لەم دواییانەدا بارزانی بە بیانووی ئەوەی دەسەڵاتدارانی

عێراقی بە نیازی ئەوەن دەستگیری بکەن، نوێنەرەکەی خۆی، تاڵەبانی لە گفتوگۆکاندا بانگهێشت کردەوە. بەڵام دەوترێت کە تاڵەبانی پابەند نەبووە بە فەرمانەکانی سەرکردەی کورد و وای دەبینێ، کە پێویستە درێژە بە گفتوگۆکان بدرێت و بگەنە ڕێککەوتنێک. بۆیە ئەو کەللەڕەقییەی سەرکردەی کورد هەموو هاوکارەکانی لەگەڵیدا کۆک نین.

لە لایەنی بەغداوە، بە تایبەتی لە لایەن عەسکەرتارەکان و ئەفسەرەیلی سوپا، هەڵوێستی توندیان وەرگرتووە: ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دڕۆدۆنگیی قاسم[28]، وای کرد هەر دەستپێشخەرییەک لە فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنەکان قەدەغە بکات ، بەوە بەرپرسیار بووە لەو شکستانەی تۆمار کراون.

وا پێدەچێت بەرگریکردن لەم تێزە قورس بێت، بەجۆرێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێی وایە دەسەڵاتدارانی عێراق، لە لایەن خۆیانەوە، هەوڵی بەخشینی هەر میسداقیەتێک دەدەن. بۆیە واشنگتۆن پێی وایە کە ناردنی هێزی پشتگیریی بۆ باکوور تەنیا هەنگاوهەڵگرتنێکی خۆپارێزییە و ئاماژە بەوە ناکات کە ئۆپەراسیۆنەکان لەنوێوە دەست پێ دەکەنەوە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە بنەمای ئەگەری ڕێککەوتنەوە هەیە، ئەوا وەزارەتی دەرەوە وا دیارە داخوازینامە توندەکانی کورد بە قەبووڵنەکراو بۆ هەموو حکوومەتێک دەزانێت. وەک دەوترێت، بابەتی ژیان یان مردنە بۆ دەوڵەتی عێراق.

---

[28] عەبدولکەریم قاسم (1914-1963/2/9). لە دایکبووی گەڕەکێکی هەژارنشینی بەغدا بوو، ئەفسەری عەسکەری و سالی 1932 چۆتە کۆلێژی عەسکەری و لە سالی 1934 بە پلەی لیوتینان-کۆلۆنێل دەرچووە. لە شەری فەلەستین و لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی (1941) بەشدار بووە. لەگەڵ عەبدولسەلام عارف لە 14ی تەمموزی 1958 ڕژێمی مەلیکیان لە گۆڕنا و لە 14ی تەمموزی 1958 تا 8 ی شوباتی 1963 یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کۆماری عێراق بوو و سەرکردەی هێزە چەکدارەکان بوو. دوای شۆڕش، دەستووری کاتیی ڕاگەیاند و پەیمانی دۆستایەتیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت بەست و هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا هەڵوەشاندەوە و چەند ڕۆژێک دوای شۆڕش لە ئیتتیحادی هاشمی نێوان عێراق و ئوردن کشایە و لە ڕۆژی 9ی شوباتی 1963 بە گوللە کوژرا (وەرگێڕ).

بۆیـە مـرۆڤ دەتوانێـت بـاوەڕ بـەوە بـکات کـە ئەمریکاییـەکان هەمـوو توانایەکـی خۆیـان کـە هەیانـە دەخەنـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی سـەرکردەکانی کـورد بـە داخوازینامـەی ماقـووڵ ڕازی بکـەن.

## ئەلفەند

## بەڵگەنامەی ژمارە[29]: 13

16 ی ئایاری 1963

ش 4695 ش

بەیروت بۆ پاریس

ژمارە 51987

(ژمارەی نهێنی)

ڕێزدار باوە تۆمابوا، قەشەی دۆمینیکان و دۆستی کورد، ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەیاندم:

(تاڵەبانی، نێردراوی بارزانی بۆ لای حکوومەتی عێراق، دەوترێت لە دەوروبەری 10ی ئایار گەیشتۆتە بەیرووت، لە 14ی ئایار بەرەو دیمەشق بەڕێکەوتووە و دەبێت لە 16ی ئایاردا بەرەو قاهیرە دەڕوات. لە 18ی ئایاردا دەگەڕێتەوە بۆ بەیروت. تاڵەبانی پێی خۆشە لە ڕێگەی مامۆستا محسن سەلیم، کە شیعەیەکی بەرچاوە، چاوی بە سەرۆک شەهاب[30] بکەوێت، بە تایبەتی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت بدات بۆ دامەزراندنی نووسینەگەیەکی ڕاگەیاندنی کوردیی لە بەیرووت. دەگوترێ تاڵەبانی هەواڵی گەشبینانەی سەبارەت بە بارودۆخی کورد داوە:

[29] ئەم بەڵگەنامەیە هیچ ڕۆژی لەسەر تۆمار نەکرا بوو، تەنیا لەناو مۆری گەیشتنی بروسکەنامەکەدا نووسرا بوو (16ی ئایاری 1963)، بۆیە بەدڵنیاییەوە مێژووی بەڵگەنامەکە یا ئەو ڕۆژە یان ڕۆژێک پێش ئەوەیە (وەرگێر).

[30] سەرۆک فوئاد شەهاب (1902-1973)، لە بنەماڵەیەکی کریستیانی مارۆنیتی بوو و لە 23 ی ئەیلوولی 1958 تاوەکوو 22 ی ئەیلوولی 1964 سەرکۆماری لوبنان بوو (وەرگێڕ).

پشـتگیری بـۆ بارزانـی لەلایـەن دانیشـتووان، هـەردوو کۆمەڵـەی شـیعە و مەسـیحی (ئـەم دوایـن خاڵـە لەلایـەن مۆنسـەنییۆر غەنـی، ئۆسـقۆفی کلدانەکانـی بەیرووتـەوە پشـت ڕاسـت کرایـەوە، کـە لـەم دواییانـەدا لـە بەغـدادەوە گەڕاوەتـەوە، مۆنسـەنییۆر غەنـی، کـە دیـاری کردبـوو کـە لایەنگیرەکانـی لـە عێـراق دەسـتگیر دەکرێـن وبـە نـاڕەوا بـە کۆمۆنیـزم تۆمەتبـار دەکرێـن) و وەدەسـتهێنانی ئێسـتگەیەکی پەخـش و بڵاوکردنـەوە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا.

سـەربازگیریی کـوردەکان هـەر بەردەوامـە بەهـۆی ڕاکردنیـان لـە سـوپای عێـراق و پێداویسـتی خـۆراک دابیـن دەکرێـت. لـە لایەکـی دیکـەوە، ناڕازیـی لـە عێـراق بەرزبۆتـەوە، کـە بەپێـی ڕاپۆرتـەکان ژمـارەی زیندانییـە سیاسـییەکان زۆرن (80 هـەزار لەوانـە 150 مامۆسـتای زانکـۆ و 1000 ئەفسـەر) هەیـە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 14

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )[31]

(ڕێگەپێدراو نییە بۆ بڵاوکردنەوە)

(نهێنی)

ناوونیشانی وەرگر: 541

17ی ئایاری 1963

ژێدەر : D 23480/A

## لەبارەی کێشەی کوردەوە

(مێژوو: سەیری تێکستەکە بکە)

## A/1

## یەکەم: کورد و ئێران

ئەلیف: ڕۆژی 19ی نیسان، جەنەڕاڵ فوئاد عارف[32] جارێکی دیکە پێشوازی لە نوێنەرێکی ڕەسمیی حکوومەتی ئێران کرد، کە ئەم لێدوانانەی خوارەوەی دا.

---

[31] S.D.E.C.E : خزمەتگوزاریی بەڵگەنامەیی دەرەکی و دژ بە جاسووسکاریی.

[32] بڕوانە زانیاریی ژمارە D 23125/A لە 6ی ئایاری 1963.

1) خواسـتی حکوومەتـی عێـراق بـۆ لەژێردەسـت هێشـتنەوەی یەکلاییکردنـەوەی پرسـی کـورد بـۆ دانوسـتانەکانی کـە لەگـەڵ قاهیـرە ئێسـتە بەڕێـوە دەچـن، بەوجـۆرەی کـە بەرزبوونـەوەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی، سـەرکردەکانی بزووتنەوەکـە بەتەواویـی نیگـەران دەکات. **بۆیـە بڕیاریـان داوە، کـە بـە تـەواوی پشـت بـە ئێران و بـە شـای ئێران ببەستن بـۆ بەدەسـتهێنانی داخوازییـە ڕەواکانیـان.**

2) بۆیـە گرینگـە کـە (شـا)ی ئێـران نیازەکانـی خـۆی ڕوون بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرکردەکانی کـورد بتوانـن هەڵوێسـتێک بگرنەبـەر، کـە لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتە ڕێـک بێتـەوە کـە تـاران دەیـەوێ پەیـڕەوی لـێ بـکات.

بۆ ئەم مەبەستەیش ویستراو دەبێت، کە (شا):

– هەڵوێسـتی وڵاتەکـەی سـەبارەت بـە «فیدراسـیۆنی عەرەبـی» نـوێ، دیاریـی بـکات.

– ڕونکردنـەوەی هەڵوێسـتی خـۆی بەرامبـەر بـە داخوازییەکانـی کـورد بـۆ ئـەوەی سـەرکردە شـۆڕشـگێڕەکان بزانـن ئایـا پێویسـتە هەڵوێسـتی خۆیـان توونـدتـر بکەنـەوە یـان نـەرمتری بکەنـەوە.

– ئامـاژە بـەوە بـکات کـە لـە ئەگـەری تێکچوونـی دانوسـتانەکاندا ئامادەیە چ پشـتیوانییەک پێشـکەش بـە کـوردەکان بکـات.

هەروەهـا جەنـەڕاڵ فوئـاد عـارف ئـەوەی زیـادی کـردووە: کـورد حسـاب بـۆ بایەخپێدانـی شـا دەکـەن بـۆ ئـەوان و بەتـەواوی ئامـادەن **بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێنوێنییەکانـی**. وتووێژکارانـی ئێرانـی بـۆ وەزیـری دەوڵـەت ئـەم لێدوانانـەی بـۆ حکوومەتەکـەی داوە بـەوەی ئامـاژەی بـەوەدا داوە کـە:

– فوئـاد عـارف ئاگـەداری دانوسـتانە نهێنییەکانـی نێـوان حکوومەتـی تـاران و مـەلا مستەفای بارزانـی نییـە[33] (کـە لـە ڕێگـەی جـەلال تاڵەبانـی و سـاڵح یوسـفی[34] بـووە).

[33] سـەیری زانیارییەکانمـان بکـەن ژمـارە D 21180/A لـە 26ی شـوباتی 1963، و ژمـارە D 22570/A لـە 18ی نیسـانی 1963.

[34] سـاڵح عەبـدوڵڵا یوسـف (سـاڵح یوسـفی (1915-1981/6/25). لـە سـاڵی 1958 سـەرۆکی

– لە ڕەوشی ئێستادا، هاوپەیمانییەکی نێوان ئێران و کورد، دەتوانێ بە شێوەیەکی ترسناک پێگەی ناسر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکوپێک بدات.

بێ/ لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٣، حکوومەتی تاران ڕێبەرانی کوردیان ئاگەدار کردۆتەوە **کە «گەلی ئێران بە دڵسۆزییەوە لەگەڵیان دەبێ»**. ئاماژەی بەوەیش کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە نەژادی، مێژوویی و فەرهەنگییەکان کە یەکگرتووی ئەو دوو گەلە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، **کورد دەتوانێت حیساب بۆ پشتیوانیی ئێران لە دژی «ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی» بکات.**

جیم- لە دەوروبەری هەر هەمان سەروبەنددا، جەلال تاڵەبانی نوێنەرانی ئێرانی لە پشێویی پەیوەندییەکانی نێوان نوێنەرانی کورد و ئەندامانی حکوومەتی عێراق ئاگەدار کردۆتەوە. پێ دەچوو یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان دانوستانکارەکان پرسی ڕاکردنی سەربازانی سەر بە یەکەکانی جێگیر بووبێ لە باکووری عێراق[35].

تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاندووە، کە ئەو پەیوەندی بە شێخ محەمەد ئەلخالیسی[36] کردووە بۆ ئەوەی داوای پشتیوانی لێ بکات لە کوردەکان. دەوترێت ئەو ڕێبەرە ئایینییە، دوای هێرشکردنە سەر سیاسەتی «بەعس»ی حکوومەتی عێراق، بەڵێنی داوە لە وتاری داهاتوویدا باسی چارەسەری کێشەی کورد بکات و «ڕاسپاردە»

بۆ سەرۆک کۆمار بخاتە ڕوو. هەروەها ئاخێوەرەکەی خۆی لە هەستی برایەتیی بەرامبەر شیعەکان دڵنیا کردەوە و بە نهێنی ڕایگەیاند کە بە بۆچوونی خۆی هێرشەکانی بازنە ئایینییەکان لە نەجەف و کەربەلا بۆ

---

لێژنەی مەحەلیی موسڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. لە ئەیلوولی 1960 بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی پێنجەم (143 دەنگی هێنا و لە دوای بارزانی کە 148 دەنگی هێنا، دووەم بوو). ئاداری 1962 بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە. لە حوزەیرانی 1963 هەموو موڵک و سامانی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دەستی بەسەردا گیرا. لە ڕۆژی 25ی حوزەیرانی 1981 لەڕێگەی نامەیەکی بۆمبڕێژکراو لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە تیرۆر کرا (وەرگێڕ).

[35] بڕوانە بڕگەی دووەم.

[36] سەیری زانیارییەکانمان بکە: ژمارە D 19578/A بە مێژووی 11ی کانوونی دووەم و پێشتر.

سەر شا و حکوومەتەکەی بە هۆی پیلانگێڕییەکانی سەرکردەکانی بەغدا و لە پڕوپاگەندەی ناسرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

## A/3

## دووەم: ڕاکردنەکان لەناو سوپای عێراقدا

ئەلیف) لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگی نیساندا، حکوومەتی عێراق[37] پێی وابوو، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی ئەو ڕاکردنانەی لەناو یەکینەکانی ژێر فەرماندەیی ئەو ڕوو دەدەن، سەرکردەی فەرماندەیی فیرقەی دووی پیادە[38] داوای لە نوێنەری پارتی[39] کردبوو کە ئەم پرسە ئاڵۆزەی لەگەڵدا تاوتوێ بکات.

بێ) لە 24ی نیساندا حکوومەت لە ڕاکردن (فیرار) لە سەرجەم یەکەکانی جێگیرکراو لە کوردستانی عێراق ئاگەدار کرایەوە، بەتایبەتی لە فەوجی 3ی پیادە[40]، کە ٨٠ عەریف و سەرباز بە چەکەکانیانەوە چوونەتە ناو ڕیزەکانی یاخیبووانەوە.

(سەرەتای مانگی ئایاری 1963)

## 370 863 A

## B/3

جیم) جگە لەوەش، بەپێی هەندێک ناوەندیی سیاسی لە بەغدا، زۆرێک لە سەربازانی عێراقی، لەوانە:

-لیوا عەلی دیبانی، لە حامیەی مووسڵەوە،

-ڕائیدی هێزی ئاسمانیی عەبدولکەریم ئەلمەلیح، لە بنکەی حەببانیە،

---

[37] لە دەقەکە بەهەڵە نووسرابوو (ئێران) (وەرگێڕ)

[38] جەنەڕاڵ ئیبراهیم فەیسەل ئەنساری.

[39] پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو.

[40] لە فیرقەی دووەمی پیادە. فەوجی 3ی پیادە لە ڕواندز و شەقڵاوە جێگیرە.

-بـەدر مەنسـور پایرجـی[41]، لـە فیرقـەی دوو، کـە گومانـی کۆمۆنیـزم بوونی لێوە دەکرا، پەنایان بۆ لای کوردەکان بردووە.

هـەر ئـەم بازنانـە پێیـان وایـە کـە حکوومەتـی عێـراق پێشـنیازی بـۆ سـەرکردەکانی یاخیبـووان کـردووە، کـە شـەش سـەرکردەی سـەربازی کـورد کـە لـە سـەردەمی ڕژێمـی قاسـمدا بـە دیـل گیرابـوون، بـە فایەرجـی بگۆڕنـەوە، بـەڵام مـەلا مسـتەفا بارزانـی ئـەوەی ڕەت کردۆتـەوە.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- سکرتایەتیی کشیتی.

سەرۆکی ئەرکانی گشیتی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

[41] بڕوانە زانیاری ژیاننامەیی لە پاشکۆی، 2019.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 15

(زۆر نهێنی )

ژمارە: DN/124 لە 63/5/17

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## پەرەسەندنەکانی کاروباری کورد

ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن هەندێک داوودەزگەی ڕاگەیاندنی بیانییەوە سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق بڵاو کراونەتەوە، هێشتە پشتڕاست نەکراونەتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە گفتوگۆکان پچڕاون و وەفدی کوردی بەغدایان بەجێهێشتووە. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی لوبنانیی، سەرۆکی ئەم وەفدە، فەرماندە تاڵەبانی، ئێستە لە لوبنانە و ئامادەکاریی دەکات بۆ سەفەر بۆ سووریە و دواتر بۆ قاهیرە، پێدەچێت گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە عەرەبەکان بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان دەوترێت، کە سەرۆک ناسر تێگەیشتنی خۆی بۆ هەستی نەتەوەیی کورد هەیە و بە حکوومەتی عارفی ڕاگەیاندووە، کە ئەو بە توندی خوازیاری چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەکەیە.

لە عێراقیشدا بۆخۆی دۆخەکە بۆ کورد لەبار دەردەکەوێت: کەمینە شیعە و مەسیحییەکان پاڵپشتی بزووتنەوەکە دەکەن، سەربازگیریی کوردەکان لە سایەی ڕاکردن (فیرار) لەناو سوپای نیزامیی بەردەوامە، ئاگربەست و هەڵگرتنی ئابڵوقە لە سەروبەندی دانوستانەکاندا وای کردووە بتوانرێت بە سەرکەوتوویی دووبارە ئازووقە بگەیەندرێتەوە بۆ گرووپە شۆڕشگێڕەکان و بە سەرکەوتووی ڕێکبخرێنەوە. تەنانەت

باس لە دامەزراندنی ڕادیۆیەکی کوردیش دەکرێت. لەژێر ڕووناکی ئەم هەلومەرجانەدا، و بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی ناڕەزایی لە عێراقدا کە دەوترێت ژمارەی زیندانیانی سیاسی دەیان هەزار کەس دەبێ، پێناچێت حکوومەتی ئێستەی بەغدا کە لە دوو بەرەدا کەوتۆتە ململانێی، بتوانێت پێشهاتەکانی دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 16

باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی.

ژمارە AL/94

قاهیرە، 28ی ئایاری 1963

هێنری پرۆمێنت مۆریس، شارژ دەفێری[42] کاروباری فەرەنسا لە کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی بۆ مەعالی وەزیری دەرەوە،

ئەفریقای ڕۆژهەڵات- ڕۆژهەڵاتی عەرەبی

## لەبارەی لێدوانەکانی سەرکردەی کورد تاڵەبانی

لـەم هەفتەیـەدا هەفتەنامـەی ڕۆز الیوسـف[43] بـاس لـە کێشـەی کـورد و پێکەوەگرێدانـی هۆزەکانـی باکـووری عێـراق دەکات بۆنـاو یەکێتییەکـی فیدراڵیی داهاتـوو. دوای ئـەوەی دووپاتی کردەوە کە بەپێویسـتی دەزانرێت چارەسـەرێکی دیموکراسـی و ئاشـتیانە بدۆزرێتـەوە بـەو پێیـەی کـورد و عـەرەب خاوەنـی ڕابردوویەکـی مێژوویـی هاوبـەش و ئایینیـی هاوبەشـیان هەیە، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ماوەی دە سـەدە، هەفتانەمەکە چاوپێکەوتنێک بڵاو دەکاتـەوە کـە لەگـەڵ بەڕێـز تاڵەبانـی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەنجامـی داوە. بەڕێـز تاڵەبانـی هەفتـەی ڕابـردوو لـە قاهیـرە بـوو بـۆ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ بەرپرسـانی مـیسری و لەگفتوگـۆدا بـوو سـەبارەت بـەو پێگەیـەی، کـە بـۆ کوردەکانـی عێـراق لـە کۆمـاری نوێـی یەکگرتوویـی عەرەبـی تەرخـان دەکرێـت.

---

[42] شارژ دەفێر charges d’affaires: قائم بالاعمال.

[43]Rose El Youssef

ئـەو سـەرکردەیەی کـورد سـەرەتا پێداگریـی لەسـەر سـنووردارکردنی کێشـەکە لـە سنوورەکانی عێراقـدا کـرد، لـە کاتێکـدا دان بـەوەدا دەنـێ کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە هۆزەکانـی کـورد لـە ئێـران، تورکیـە، سـووریە و یەکێتیـی سـۆڤییێتدا دەژیـن، بـەڵام ئـەو هیـچ نیازێکـی نییـە بەنـاوی نەتـەوەی کوردەوە قسـە بکات. بـە گوتـەی بەڕێز تاڵەبانـی، ئەو گرژییـەی کـە ئێسـتە لـە کوردسـتاندا هەیـە، لـە دایکبـووی ئـەو مانـۆڕە درۆینانەیـە کـە ڕێژێمـی سـەرۆک قاسـم ئەنجامـی دەدا. ئـەوە وەبیـر دێنێتـەوە کـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز، قاسـم «بەڵێنـی زۆر زیاتـری بـە کـورد دابـوو لـەوەی کـە داوای دەکـرد»، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو بـۆ پاڵپشـتی سیاسـەتی خـۆی کۆیـان بکاتـەوە. بارزانـی ڕێگـەی پـێ درا لەگـەڵ 500 کـەس لـە لایەنگرەکانـی خـۆی کـە پەنایـان بردبـووە بـەر یەکێتیـی کۆمـارە سۆسیالیسـتەکانی سـۆڤییێت بگەڕێنـەوە بـۆ نـاو عێـراق و بەڵێنێـک درا کـە ڕێگـە بـە چاپکردنـی ڕۆژنامەیەکـی کـوردی بـە زمانـی کـوردی بدرێـت و فەرمانگەیەکـی وەزاریـی بـۆ خوێندنـی کـوردی دروسـت کـرا. بـەڵام تـا سـەرەتای سـاڵی 1960 سیاسـەتی بەغدا گـۆڕا و «قاسـم دەسـتی کـرد بـە لێـدان و داپڵۆسـینەوەی کـورد». بـە بـڕوای تاڵەبانـی، هـەر ئـەم گۆڕانکارییـە ڕیشـەییانەی سیاسـەت بـوو، کـە بـوو بەهـۆی هۆشیارکردنەوەی کـورد لـە درۆودەلەسـەکانی قاسـم بەرامبەریـان، هـەر ئـەم گۆڕینەیـە ڕیشـەیەش بـوو لـە سیاسـەتدا، کـە ململانێـی چەکداریـی نێـوان ئـەوان و هێزەکانـی قاسمی لـێ کەوتـەوە، ململانێیـەک کـە تا شۆڕشـی 8ی شـوباتی 1963 هـەر بـەردەوام بـوو.

لـەو کاتـەوە ڕێژیمـی نـوێ دەسـتی بـە دانوسـتان کـرد و سـەرکردەکانی کـورد داوایـان دەکـرد دەسـەڵاتی نـوێ لـە بەغـدا بەڵێنەکانیـان، کـە پێیـان داون بەجێبهێنـن. بەڕێـز تاڵەبانـی جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە ئەگـەر لـە حاڵێکـدا بارزانـی پێداگریـی لەسـەر داوای مافـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ هاووڵاتیانـی وڵاتەکـەی بـکات، ئـەوا زۆرینـەی دانیشـتووانی کوردسـتانی عێـراق دژایەتیـی ئـەو داوایـە دەکـەن و دەشـڵێت: «هیـچ نیازێکمان نییـە تـا دەوڵەتێکـی کوردیـی دروسـت بکەیـن یـا لـە عێـراق جیـا ببینـەوە».

بەڕێـز تاڵەبانـی ئـەو ڕێککەوتنـە وەبیـر دێنێتـەوە کـە لـەو کاتـەدا کرابـوو، کـە بریتـی بـوو لـە ئازادکردنـی زیندانییـە کـوردەکان و هەڵگرتنـی

گەمارۆی ئابووریی لەسەر کوردستان و کشانەوەی هێزەکان و پاکتاوکردنی داوودەزگە کارگێڕییەکان لە «هەموو ئەوانەی کە کوردیان دەچەوساندەوە». هەروەها ددان بەوەیشدا دەنێت کە گەماری ئابووریی وەستاوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستە سێ هەزار کورد لە زینداندان و هێشتە بەشێک لە فەرمانبەرانی مەدەنیی کورد نەگەڕاونەتەوە بۆ سەر کارەکانیان.

بە حوکمدان بەگوێرەی ئەم چاوپێکەوتنە، دەشێ گریمانەی ئەوە بکەین کە بەڕێز تاڵەبانی داوای لە بەرپرسانی میسری کردبێ، کە ئامۆژگاریی حکوومەتی بەغدا بکەن بۆ جێبەجێکردنی تەواوەتیی ئەو رێککەوتنانەی کە لە دوای شۆڕشی 8ی شوباتەوە مۆر کران. پێویستە هەڵکەوتەی کوردی جێگیر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ببێتە هۆی جیابوونەوەی کوردستان و، لەبەرامبەردا هەندێک ڕەزامەندیی سەبارەت بە ئیدارەی ناوچەیی و زمانییان پێ بدرێت، کە ڕەنگە لەوەدا کورد ئامادە بێت لەگەڵ ئەگەری فیدراسیۆنێکی عەرەبی تێکەڵاو ببێت. لانی کەم، ئەوە ئەو تێڕوانینەیە کە مرۆڤ لە قاهیرە لە ڕوانگەی کۆمێنتەکانی سەردانەکەی بەڕێز تاڵەبانی بۆ کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی بۆی بەدیار دەکەوێت.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 17

کۆماری یەکگرتووی عەرەبی

ڕۆژنامەی لۆمۆند، 3 ی حوزەیرانی 1963

### سەرۆک ناسر پێشوازی

### لە سەرۆکی وەفدی کوردی دەکا[44]

قاهیـرە: ١ی حوزەیـران (ئاژانسـی ڕۆژنامەوانـی فەرەنسـایی)[45]، ڕۆژی هەینـی سـەرۆک نـاسر پێشـوازی لـە کۆلۆنێـل جـەلال تاڵەبانـی، نێـردراوی مـەلا مستەفا بارزانی کـرد، کـە ئێستە لـە پایتەختـی میسر دایـە، بەگوێرەی ئـەوەی ئاژانسـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕای گەیانـدووە.

کۆلۆنێـل جـەلال تاڵەبانـی سـەرۆکی وەفـدی کوردییـە، کـە ئەرکـی دانوسـتاندنی لەگـەڵ بەرپرسـانی عێراقـی پێسـپێردراوە بـۆ ڕێککەوتنێـک کـە ئامانـج لێـی کۆتاییهێنـان بـە ململانێـی نێـوان شۆڕشـگێڕانی کـورد و حکوومەتـی بەغدایـە.

ڕۆژێـک پێـش ڕۆشـتنی سـەرۆک نـاسر بـۆ ئەدیـس ئەبابـا، کۆلۆنێـل جـەلال تاڵەبانی بە یاوەریی کۆلۆنێـل شـەوکەت عەقراوی ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گەیشـتنە قاهیـرە.

**سەرچاوە: لۆمۆند، 2-3ی حوزەیرانی 1963، ل.** 5

---

[44]Le président Nasser a reçu Le chef de la délégation kurde
[45]A.F.P

# بەڵگەنامەی ژمارە: 18

کاروباری هەندەران

تێلیگرامی گەیشتوو

شیفرە کردنەوە

ڕێکخستن:

2-AI-AI-AL

3-EU-EU/SP

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

[گەیشتوو لە 11ی حوزەیرانی 1963]

بەیرووت، 6ی حوزەیرانی 1963: بە پۆست

لە 10 ی حوزەیرانی 1963: سەعات 17 و 40 خولەك گەیشتووە.

ژمارە 411

بەرێز جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی وەفدی کوردی، بەرپرس لە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، دوێنێ لە بەیروت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی لە دوای گەڕانەوەی لە قاهیرە بەست،کە تازە دوای مانەوەی دوو هەفتەی لەوێدا، گەڕابۆوە.

ناوبراو ڕایگەیاند کە بۆ سەرۆک ناسری ڕوونی کردۆتەوە[46]، کە کورد داوای سەربەخۆیی بێ ئەملاو ئەولا ناکەن بەڵکوو زیاتر داوای ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیی دەکەن و بەهرەمەندبوون لە ئازادییە دیموکراسییەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراق یان دەوڵەتی فیدراڵی عەرەبیدا. دەوترێت سەرۆک ناسر (تێگەیشتنێکی تەواوەتیی نیشان داوە) بەڵام لە هەمان کاتدا خواستی خۆی بۆ پاراستنی یەکڕیزیی گەلی عێراق دەربڕیوە،

ئەو سەرکردەیە کوردە ئاماژەی بەوەیش دا کە ئەو وەفدەی کە سەرۆکایەتیی دەکات ئێستە وا لە بەغدایە و چاوەڕێی ئەوە دەکات کە وادەیەک دیاری بکرێت بۆ تێهەڵچوونەوەی دانوستانەکان. ئەو کردەی شەڕێکی نوێیی بۆ ئێستە بەدوور زانی، بەجۆرێك کورد ئامادەیە ددان بەخۆیدا بگرێ بە ئامانجی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکە.

بەڕێز تاڵەبانی بەنیازە سبەی بەیروت بەجێبهێڵێت بەرەو ئەورووپا و ڕەنگە وەک خۆی وتەنی لەوانەیە بەرەو ئەڵمانیا و فەرەنسا بەڕێ بکەوێ.

## بواسیسۆن

[46] سەرۆکی وەفدی کوردی مام جەلال و شەوکەت عەقراوی ڕۆژی هەینی 1ی حوزەیرانی 1963 لە (منشية البكري) لە قاهیرە چاویان بە سەرۆک جەمال عەبدولناسر کەوتووە و ناسر پێی وابووە کە چارەسەری یۆگسلاڤیە بۆ کێشەی کورد گونجاوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وریایی پێ داون، کە نەکەونە ناو تەڵەی (شا)ی ئێرانەوە، بڕوانە صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق: قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ، بيروت، 2001، ص 111-112 (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 19

کاروباری دەرەوە لە قاهیرە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

قاهیرە، 6ی حوزەیرانی 1963 ، (بە پۆستەدا)

لە 8 ی حوزەیرانی 1963، سەعات یانزە و سی خولەک گەیشتووە

ژمارە 169

ئاماژە بە نامەی ژمارە ( 157)م لە ١ی حوزەیران دەکەم.

ڕۆژی ٤ی حوزەیران ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام) بابەتێکی پەیامنێرەکەی لە بەیرووت بڵاوکردەوە کە تایبەت بوو بە کێشەکانی کورد. ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەی زانیوە، کە بەم زووانە دانوستانەکان لە بەغدا لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراق دەست پێ دەکەنەوە.

ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە بۆ ڕۆژنامەیەکی میسریی ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە هەڵوێستی قاهیرە لەسەر ئەم کێشەیە دووپاتە بکاتەوە. میسر پێی وایە دەبێت چارەسەرێکی قەبووڵکراو بۆ هەردوولا بدۆزرێتەوە. سەردانەکەی ئەم دواییەی تاڵەبانی بۆ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و پێداگریی قاهیرە لەسەر ئەوەی کە چارەسەری ئاشتییانە ئەگەری هەیە، ئەو بڕوایە دەبەخشێت کە کۆلۆنێل عەبدولناسر دەیەوێ پاڵەپەستۆ بخاتە سەر بەغدا بۆ ئەوەی لە هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم پرسە نەرمی بنوێنێ.

هەروەها ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام) لێدوانێکی تاڵەبانی بۆ ڕادیۆی بەیرووت دەگوازێتەوە، کە دەوترێت ئەو سەرکردەیەی کورد خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بەو ئاسوودەییەی کە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بەدەستی هێناوە.

## هـ .فرۆمێنت-مۆریس

## بەڵگەنامەی ژمارە: 20

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

7ی حوزەیرانی 1963

ژێدەر : D 23954/A

(بۆ بڵاوکردنەوە نییە/ نهێنی)

### عێراق - ئێران

### لەبارەی ڕاپەڕینی کوردەوە

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

### A/1

1. لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی 1963، جەلال تاڵەبانی بە نوێنەری ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی ئێرانی گوتووە، سەرکردە شۆڕشگێڕەکان قەناعەتیان هەبووە کە حکوومەتی بەغدا، لەژێر پەردەی دانوستانەکاندا، تەنیا بە دوای قاچاندنەوەی کات کوشتنەوەیە بۆ ئەوەی ئامادەیی سەربازیی خۆی قایم بکاتەوە، بە ئامانجی دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان. دواتر تاڵەبانی ئەوەی بۆ ئاخێوەرەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە ئەگەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕەکاندا، کورد نەتوانێت بە توندی شوێنە سەرەکییەکانی پێنجوین و چوارتا بگرێت[47]،

---

[47] شوێنگەلێک کە بە دووری 50 کم ڕۆژهەڵات و 20 کم باکووری سلێمانی، بەدوای یەکدا هەڵکەوتوون.

ئـەوا هـاوكاری زیاتـری حكوومەتـی تـاران بـە هیـچ شـێوەیەک ڕەوشـەكە بـاشتر نـاكات. بۆیـە داوای دابینكردنـی 20 موشـەكی هاوێـژەر (لانـس-ڕۆكێـت) و موشـەكی تێكشـكێنەر لەگـەڵ تەقەمەنـی و كەرەسـتەی هاوتـا كرد و داوای ناردنـی ئەفسـەرێكی مەشـقی ئێرانـی كرد بـۆ هێـزە كوردییەكان بـۆ بەكارهێنانیـان[48].

دووەم: لەهەمـان كاتـدا جـەلال تاڵەبانـی و سـاڵح یوسـفی نیگەرانـی سـەركردە كوردەكانیـان لـە بەهێندهەڵنەگرتنـی حكوومەتـی تـاران بـۆ دیاریكردنـی وادەیـەک بـۆ كۆبوونەوەیەكـی هاوبـەش كـە تیایـدا هـەردوولا لەسـەر دۆخەكـە بـوەستن بـۆ تاوتوێكردنـی ڕەوشـەكە، بـە ئێرانییەكانیـان ڕاگەیانـد.

ئێرانییـەكان لـە وەڵامـدا ئاماژەیـان بـەوەدا كـە حكوومەتەكەیـان تەنیا بـۆ ئـەوەی بـە وردی لـە لایەنـە جۆراوجۆرەكانـی كێشـەكە و بـە تایبەتـی لە دۆخی كوردەكانـی سـوریا بكۆڵێتـەوە، وادەی ئـەم گفتوگۆیانەیان دواخستووە.

ڕێككەوتـن لەسـەر ئـەوە كـرا كـە نوێنـەری دەسـەڵاتدارانی ئێـران بێـت و سـەردانی» باكـوور» بـكات و دوای گەڕانـەوەی جـەلال تاڵەبانـی لـە قاهیـرە، چاوپێكەوتنێكـی لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـۆ ڕێـک بخرێـت.

سـێیەم: لای خۆیـەوە حكوومەتـی ئێـران لـە ڕێگـەی هەندێـک لـە چاودێرانـی ئەمریكاییـەوە بـەوەی زانیـوە كـە؛

[48] سەیری زانیارییەكانمان بكە ژمارە D 22964/A لە 29ی نیسانی 1963.

**ئەلیف)** لە ڕۆژی 17ی ئایارەوە، شەڕ لە باکووری عێراق دەستی پێ کردۆتەوە[49].

**بێ)** ئەو تاقمە کوردانەی کە هێرشەکەیان دەست پێ کردۆتەوە، بە دەستپێشخەری خۆیان و بەبێ ڕەزامەندی بارزانی ئەو کارەیان کردووە.

**جیم)** هێزە کوردییەکان بڕێکی بەرچاو چەک و تەقەمەنییان پێگەیشتووە، لەوانە بۆمباهاوێژی چیایی 75 ملم.

ئەم چاودێرە ئەمریکییانە بە دوای دیاریکردنی سەرچاوەکانی ئەم چەکانەدا دەگەڕان.

تێبینی - پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چەندین یەکەی جۆراوجۆری فیرقەی 2ی پیادەی چیایی هەیە. ئەم زانیاریانە لەوانەیە پەیوەندییان بە بڵاوکردنەوەی ژمارە D 23011/A لە ٢ی ئایاری 1963ەوە هەبێت.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- سکرتایەتیی گشتی.

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

[49] ڕاستییەکەی شەڕ و تەقوتۆق لێرە و لەوێ هەر لە کۆتایی نیوەی یەکەمی مانگی ئایارەوە دەستی پێ کرد بوو و لەگەڵ سەرەتای حوزەیرانی 1963 کاتێک پێشمەرگە لە سپیلیک کاروانێکی سوپای عێراق، کە لە پشوو دەگەڕانەوە دەخەنە ناو بۆسە و بیست کەسیان لێ دەکوژرێ، ئەمە ئیدی سەرەتای کۆتایی ئاگربەست بوو و لای خۆشییەوە ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش (عێراق) لە کۆبوونەوەی خۆیاندا بەزۆرینەی دەنگ، بۆ تێهەڵچوونەوەی شەڕ دەنگیان دا و وەزارەتی بەرگریی عێراق هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ دەست پێ کرد و لە 1963/6/9 قەدەغەی هاتووچۆ لە سلێمانی ڕاگەیەندرا و لە ١٠ حوزەیران بەڕەسمیی شەڕ دەستی پێ کردەوە، بڕوانە: صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق: قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ، بيروت، 2001، ص112.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 21

### ڕۆژنامەی (لۆمۆند) باسی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی جەلال تاڵەبانی دەکات

ڕۆژنامەی لۆمۆند، 8 ی حوزەیرانی 1963

### سەرۆکی وەفدی کوردی ڕەزامەندی خۆی لە وتووێژەکانی لەگەڵ سەرۆک ناسر دەردەبڕێت(50)

(لە پەیامنێری تایبەتیمانەوە) (بەیروت، 7ی حوزەیران). بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی وەفدی کوردی ڕاسپێردراو بۆ دانوستان لەگەڵ حکوومەتی بەغداد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عەرەبی-کوردی، لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردووەوە لە بەیرووتە لە دوای مانەوەی لە قاهیرە، کە لەلایەن سەرۆک ناسرەوە پێشوازی لێ کردووە، گەڕاوەتەوە بۆ بەیرووت و لە یەکێک لە هۆتێلە لوکسەکانی پایتەخت لە بەیرووت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بەست و لەوێوەوە «داواکارییە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی» دووپات کردەوە.

ئەو ڕایگەیاند کە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین لە چوارچێوەی قانوونیی و هەرێمایەتی دەوڵەتی عێراق یان فیدراسیۆنێکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی تێناپەڕێت لەحاڵێکدا کە ئەگەر کوردستان وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ بەسەر پێ بکەوێ. بەڕێز تاڵەبانی پێی وایە ئەو مافانەی کە کورد داوایان دەکات هەمان ئەو مافانەیە کە ئەمڕۆ لە هەموو ئەو وڵاتانەدا ددانی پێدانراوە، کە پێکهاتە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا پێکەوە دەژین. ناوبراو نموونەی چیک و سلۆڤاکییەکانی چیکۆسلۆڤاکیای هێنایەوە و لەبەردەم ئامادەبووانێکی زۆر چڕ و پڕی

(50) “Le chef d’une délégation kurde se déclare satisfait de ses conversations avec le président Nasser”

ڕۆژنامەنووساندا ڕایگەیاند کە «کورد جیاخواز نین و بەڵکوو زیاتر لەوە ئەنتێگراسیۆنیستن (تێکەڵاوخوازن)، ئەوان داوای سەربەخۆیی ناکەن و لەناو عێراقدا دەمێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ئەوەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی ددان بە سەربەخۆیی ناوخۆیی پێویستیاندا بنێ کە پێویستە بۆ گەشەپێدانیان. ئەمەش لەڕێگەی دروستبوونی چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کوردیی پێکدێت، کە لە ئەنجومەنێکی یاسادانان پێک بێ، کە لەلایەن گەلانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت و لەم ئەنجومەنەوە حکوومەتێکی لامەرکەزیی دێتە کایەوە کە دەسەڵاتی قانووندانانی هەیە.

ڕەواندنەوەی ئەو ترسانەی کە ڕەنگە یەکێتیی عەرەبی بیهێننە ئاراوە و سەرەڕای ئەوەش، کوردەکان تەنیا ئاواتەخوازن بەوەی بە پێکەوەژیانێکی تەواو دۆستانە لەگەڵ کۆمەڵگە عەرەبییەکانی وڵاتانی دیکە پێکەوە بژین، داوای ئەوە دەکەن «ئەو ترسانەی کە ڕەنگە یەکێتیی عەرەبی بیهێننە پێشەوە بڕەوێنرێنەوە، ئەگەر لەسەر بنەوانێکی دیموکراسیانە بنیات بنرێت".

جگە لەوەش وتەبێژی جەنەڕاڵ بارزانی بڕوایەکی پتەوی بەوە هەیە کە هەمیشە ئاسانە کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا چارەسەر بکرێت. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا ئەم مەرجە پێویستە لە ئێستەدا لە بەغدا هەیە، بەڕێز تاڵەبانی مەرجەکانی دیموکراسی ڕاستەقینەی وەبیرهێنایەوە: هەڵبژاردن، ڕێژیمێکی پەرلەمانیی، حکوومەتی گەل لەلایەن خەڵکەوە و بۆ خەڵک. بەڵام ئەو ڕێبەرە کوردە ڕەتیکردەوە بچێتە ناو دادگاییکردنی ڕێژیمی ئێستای عێراق ، هەرچەندە ئەو لێدوانانەی زۆر بێلایەن و تا دواڕادە شایان بوون کە کردبووی، بە هیچ شێوەیەک سەبارەت بە دەرئەنجامی کۆتایی بۆ کێشەی عێراقی- کوردی دڵنیاکەرەوانە نەبوون.

هەروەها خۆی ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەو گفتوگۆیانەی کە بەم دواییە لە قاهیرە لەگەڵ سەرۆک ناسر ئەنجامی دابوو، دەربڕی. بەجۆرێک کە دەوترێت ئەمەی دووەمیان تێگەیشتنێکی زۆری بۆ کێشەکە نیشان داوە. ڕاستە ئەرکی تاڵەبانی تەنیا ئەوە بووە کە ئەوە بۆ سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ڕوون بکاتەوە، کە کورد بە پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی کە لەلایەن هەندێک ناوەندەوە دەخرێنەڕوو، هیچ

پێشـداوەرییەکیان لـە دژی یەکگرتوویـی عەرەبـەکان نییـە و تەنیـا ئەوەیـە ئـەوان داوای مافەکانـی خۆیـان دەکـەن.

ئێ.س.[51]

**سەرچاوە: لۆمۆند، شەممە، 8ی حوزەیرانی** 1963، **ل.** 4

---

[51] E.S

## بەڵگەنامەی ژمارە: 22

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

( IR-5-8 Kurdes)

ڕێکخستن: 2-Al-Al-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، ٩ی حوزەیرانی 1963 ، سەعات نۆی ئێوارە و نۆزدە خولەک

گەیشتوو لە 10ی حوزەیرانی 1963، سەعات پێنج و هەژدە خولەک

-دەستبەجێ-

ژمارە: 346/345

لەناکاو دۆخەکە لە کوردستان بەشێوەیەکی ترسناک زیاتر بوو، کە لەو شوێنانەی حکوومەت تازە بڕیاری داوە ناوچەیەکی سەربازیی دروست بکات کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی مووسڵ، ئەربیل، کەرکووک و سلێمانی، خراونەتە ژێر یەک فەرماندەیی و ملکەچن بۆ ئەحکامەیلی عورفیی. دوو حاکمی سەربازیی دوو پارێزگای یەکەم لابردراون.

لە لایەکی دیکەوە قەدەغەی هاتووچۆ لە ناوچەکانی نزیک بە کۆگاکانی چەکوتەقەمەنی سەپێنراوە، بە ناوچەی حەببانیەشەوە. قەدەغەی هاتوچۆکە سەرتاپاگیرە و لە کەرکووک لە بەیانی ئەمڕۆوە قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندراوە، خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق نەیتوانیوە ئەمڕۆ لەم شارەدا کار بکات. لە بەغدا، پێیان وایە کە ئەم گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە پێشەکین بۆ هێرشیی هێزەکانی

حکوومەتیـی بـۆ سـەر کـوردەکان.

دەنگـۆی ئـەوە هەیـە، کـە بەڕێـز تاڵەبانـی لـە بەیرووتـەوە ڕاسـتەوخۆ گەڕاوەتـەوە بـۆ کوردسـتان. هەرچـی ئەندامانـی دیکـەی وەفـدی کوردیـن، کـە لـە بەغـدا لـە گفتوگـۆدا بـوون، خراونەتـە ژێـر چاودێریـی بەردەوامـی پۆلیسـەوە، ئەگـەری ئـەوە هەیـە لـە ئێسـتەوە لـە هـەر ڕۆژێکـدا بـێ، دەسـتگیر بکرێـن[52].

## لۆ گۆرییێرێک

---

[52] بەشێکی ئەندامانـی وەفـدی کـوردی، لـە هۆتێلـی سـەمیر ئەمیـس هـەر زوو خۆیـان دزیوەتەوە و ڕزگار کـردووە و ئەوانـی دیکـە ڕۆژی 1963/6/9 بـە فرۆکـەی هەلیکۆپتـەر گواستراونەتـەوە بـۆ بنکەیەکـی سـەربازیی لـە کەرکـووک و دوای دابەزینیـان بـە فەرمانـی سـاڵح مەهـدی عـەمماش دەسـتگیر دەکرێـن، بڕوانـە صلاح الخرسـان، التیـارات السیاسـیة في کردسـتان العـراق: قـراءة في ملفـات الحـرکات والاحـزاب الکردیـة في العـراق 1946-2001، مؤسسـة الـبلاغ، بیروت، 2001، ص. 114.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 23

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

بەیرووت، 11 ی حوزەیرانی 1963، لە سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ ڕەوانەکراوە

سەعات 16 و 24 خولەك گەیشتووە.

ژمارە 437/38

(نهێنی)

عەممان، بەغدا، دیمەشق، جەددە

بەڕێز تاڵەبانی لە گوتوبێژێکی تایبەتدا زۆربەی ئەو شتە بنچینەییانەی یەکەمین ئەو ڕاگەیاندنەی کە بۆ ڕۆژنامەوانیی پێشکەشی کرد و لە ڕۆژی گەیشتنی بۆ بەیرووت بۆی گێڕامەوە، دووپاتی کردەوە (بڕوانە تێلێگرامی ژمارە 411-م).

لەگەڵ ئەوشدا وادیارە ئاگەدارکراوەتەوە لەسەر تێهەڵچوونەوەی شەڕی تازەی سەربازیی حکوومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان[53]، بۆیە لە پەیوەندییەکانی دواتری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان پێی باش بوو دەربارەی سرووشتی پەیامەکەی بۆ ئەوروپا و بە تایبەت لەبارەی سەردانی داهاتووی بۆ فەرەنسا زۆر نهێنگیر بێت. هەر تەنیا بەوەندە دەستبەردار بوو ڕاییگەیەنێ کە سەردانی نەمسا و سویسرە دەکات، یەکێك لە زانیارییدەرەکانی ئەم باڵوێزخانەیە پێی وایە، کە تاڵەبانی ئەرکی ئەوەی پێسپێردراوە لە فەرەنساوە چەك بەردەست بخات، بە تایبەتی چەکی دژە ئاسمانیی و هەر بۆیێ ویستوویە خۆی بەدوور بگری لەوەی بانگەشە بۆ مانەوەی خۆی بکات لە وڵاتەکەمان، بانگەشەیەك کە دەشی زیان بە سەرکەوتنی ئەرکەکەی بگەیەنێت.

## بواسیسۆن

[53] دوای کەمتر لە چوار مانگ ئاگربەست، ڕەوشی کوردستان لە 1963/6/9 بەرەو خراپی دەڕۆیشت و لە 1963/6/10 ئاگربەست بەشێوەیەکی ڕەسمیی بە کۆتایی گەیشت و شەڕ بە تەواوی دستی پێ کردەوە و عەبدولسەلام عارف گوتی من بۆ خۆم سەرکردایەتیی شەڕەکە دەکەم و عەلی ساڵح سەعدیش مۆڵەتی (24) سەعاتی بۆ پێشمەرگە دانابوو تا بە چەکەوە خۆیان تەسلیم بکەنەوە. بەم جۆرە شەڕێکی سەخت لەهەموو کوردستان تا 18ی تشرینی دووەمی 1963 (کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسییەکان ) هەر بەردەوام بوو و لەم جەولەیەی شەڕدا وڵاتانی ئێران و سووریە کۆمەگییەکی زۆری حکوومەتی عێراقیان دەکرد. بڕوانە: صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة في کردستان العراق: قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ، بیروت، 2001، ص 114-116 (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 24

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

مۆسکۆ، 12ی حوزەیرانی 1963

لە 12ی حوزەیرانی 1963، سەعات 18 شەو و 10 خولەک گەیشتووە.

ژمارە: 3108

ژمارە: -3108-3110.

بەیاننامـەی 10ی حوزەیرانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، لـە بنەڕەتـدا، ئاگەدارکردنـەوەی کۆتاییـە. پراقـدا بـەم شـێوەیە حوکـم لەسـەر دەستپێشـخەریی 12ی حوزەیـران دەدا، کـە دوایـین دەستپێشـخەری گروپـە ڕاستڕەوەکانی عێراق بـوو بـە سـەرۆکایەتیی بەعس، کە بە کـردەوە کۆتایی بـەو دانوسـتانانە هێنـا کـە لەوەتـای مانگـی شـوباتی ڕابـردووەوە لەگـەڵ کـورد دەسـتی پـێ کـرد بـوو.

گێڕانـەوەی مێـژووی گەلـی کـورد لـە 11ی حوزەیرانـدا لـە ڕۆژنامـەی ئیزڤستیا مایەی بەدواداچـوون بـوو، کـە تێیدا چاوپێکەوتنێکیشـی لەگـەڵ جەنـەراڵ تاڵەبانـی ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کـورد تێـدا بڵاو کردۆتـەوە.

بـە پێچەوانـەی ئـەو هەڵوێسـتە خـۆ لـێ بواردوانـەی کـە لـەم دواییانـەدا ڕۆژنامەنووسیی سـۆڤیەتیی بەرامبـەر بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەیگرێتـە

بـەر، ئـەوا هـەردوو بابەتەکـە بـە شـێوەیەکی ڕاشـکاوانە جەخـت لەسـەر هەڵوێسـتی سـۆڤێیەت دەکەنـەوە سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد.

1. داخوازینامـەی سـەربەخۆیی بنەوانیـی خـۆی هەیـە، و قاهیـرە و جەزائیـر پەسـەندی دەکەن.

2. مێـژوو فێـری ئەوەمـان دەکات کـە بەرگریـی کـورد ناکـرێ بەهێـز بەسـەریدا زاڵ بیـت.

3. نیازپاکیـی کـوردەکان لـە کاتـی دواییـن وتووێژەکانـدا بـە ئاشـکرا دیـارە، و لەبەرامبەریـدا تەنیـا دووڕوویـی حکوومەتـی بەغـدا دیـارە، کـە تەنیـا کاتـی دزیوەتـەوە بـۆ ئـەوەی هێزەکانـی خـۆی کۆبکاتـەوە و هەوڵـی دابەشـکردنی کـوردەکان لـە نێـوان خۆیانـدا بـدات.

4. دژە کۆمۆنیزمـی بەعـس ڕێگریـی لـە سـەرکردەکانی دەکات کـە ڕێگەی عەقڵانیـی بگرنـە بـەر. بۆیـە هەمـوو بەرپرسـیاریەتێکی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە ئەسـتۆی ئـەوان دایـە.

ئـەم هەڵوێسـتە لێرەدا کـە ئێمـە مشـووریی ئـەوە دەخۆیـن ئاماژەی پـێ بدەیـن هاوهەڵوێسـتە لەگـەڵ دەسـتپێشـخەرییەکانی قاهیـرە و جەزائیـر، لـەو کاتـەدا دووپـات دەکرێتـەوە کـە ماریشـاڵ عامـر سـەردانی یەکێتیـی سـۆڤیەت دەکات. بـۆ سـۆڤییەتییەکان کـە دوودڵـن لـە پابەندبوونـی ڕاشـکاوانە بـە پرسـی یەکگرتوویـی عەرەبـەوە، ئـەوە وەرچەرخانـی پرسـی کـوردە، دەرفەتێکـە بـۆ دووپاتکردنـەوەی هاوپەیمانیـی خۆیـان لەگـەڵ سـەرکردەکانی یەکێتیـی عەرەبـی. وا پێدەچێـت کـە ڕاگەیاندنـی ١٠ی حوزەیران نارەزایـی قووڵـی ئەوانـی زینـدوو کـرد بێتـەوە لـە دژی حکوومەتـی دژە کۆمۆنیسـتی بەغـداد (ME3 TGS 1136, 1378) سـەبارەت بـە هاوسـۆزیی سـۆڤێیەت بـۆ جەنـەڕاڵ بارزانـی، کـە لـە مێـژە نـاسراوە.

## مۆریس دی ژان

## بەڵگەنامەی ژمارە: 25

باڵیۆزخانەی فەرەنسا

لە عێراق

بەغدا، 12ی حوزەیرانی 1963.

IR-5-8 Kurdes

ژمارە 90

لە پۆل لۆ گۆریک شارژ دەفێری فەرەنسا لە عێراق

بۆ خاوەنشکۆ بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوە

(ئەفریقا -ڕۆژهەڵات)

### لەبارەی کێشەی کوردەوە: دژە پێشنیازەکانی حکوومەت.

وا هاوپێچ وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی، کە لە 10ی حوزەیرانی 1963 لەلایەن بەڕێز عەلی ساڵح ئەلسەعدی، جێگری سەرۆکی وەزیران و وەزیری ئیرشادی نیشتیمانی، لەبارەی کێشەی کورد و بڕیاری حکوومەت بۆ پچڕاندنی دانوستانە بەردەوامەکان لەگەڵ لایەنگرانی جەنەڕاڵ بارزانی بەڕێوەچوو، بۆ وەزارەت دەنێرم.

هەروەها پڕۆژەی حکوومەتیش بۆ لامەرکەزیی ئیداری بۆتان دەنێرم، کە پێشکەش بە وەفدی کورد کراوە، کە بریتییە لە وەڵامی بەغدا بۆ

دوایین یادداشتنامەکەی بەڕێز تاڵەبانی (برووسکەنامەی ژمارە AL/36 -م لە 7ی ئایاری 1963) هاوپێچ دەکەم.

بەدەر لە دامەزراندنی قەوارەیەکی ئیداریی کوردی لە نەبوونی ئەو سەربەخۆییەی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دەکات، ئەوا ئەم بەڵگەنامەیە تەنیا دابەشبوونێکی ئیداریی نوێی وڵات بۆ شەش پارێزگا (محافظە) درووست دەکات، کە سێیان لەوانە دانیشتوانەکانی کوردن و پرەنسیپی لامەرکەزیی تەنانەت بەسەر ئەم دابەشبوونە هەرێمییە نوێیەیەش جێبەجێ ناکرێت، کە بەهۆی شێوازی دانانی ئۆرگانەکانی (پارێزگار لەلایەن بەغداوە دیاری دەکرێت، ئەنجومەن تەنیا بەشێکی لە ئەندامانی هەڵبژێردراو پێک دێت)، ئەوە جگە لە سنووردارێی توانا و دەسەڵاتەکانی.

جگە لەوەیش، پڕۆژەی یاساکە، زمانی کوردی بە تەنیا لە پارێزگای سلێمانی وەک زمانێکی ڕەسمیی ناساندووە، کە خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی تێدا دەخوێندرێ. بەڵام لە ناوچە دراوسێکانی لە کەرکووک و مووسڵ زمانی کوردی ئەم پێگەیە ڕەسمییەی نییە. لەسەر ئەم خاڵە کۆتاییەدا بەتایبەتی، پڕۆژەکەی حکوومەت بریتییە لە هەنگاوێک بۆ دواوە بەراورد بەو مافانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لەژێر چاودێریی کۆمەڵەی گەلان بۆ کورد ناسێندرا بوون، ئەو مافانەی کە لەلایەن حکوومەتی جەنەڕاڵ قاسمەوە دووپات کرابوونەوە.

ئاشکرایە کە ئەم «دژە پێشنیازانە»ی حکوومەت، کە بە هیچ شێوەیەک وەڵامی خواستی نوێنەرانی گەلی کورد ناداتەوە، ناکرێ لەلایەن نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانییەوە قەبووڵ بکرێن، کە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە من کۆم کردوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ئامادە بوون زۆر دوورتر بڕۆن بۆ ئەوەی مل بنەوێنن. هەموو شتێک ئەوە دەردەخات کە ئەوان لە شێوەی ئۆلتیماتۆمێکدا لە ڕۆژی شەممە 9ی حوزەیران پێشکەشیان کردوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕەتدەکرێتەوە و ئەم ڕەتکردنەوەیش ڕەوایەتی دەدات و، لە چاوی ڕای گشتیدا، ڕەوایی بەو کارە سەربازییە دەدا، کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر درا بوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دوێنێ پێم گەیشتووە، وەفدی کوردیی توانیویەتی بەغدا بەجێبهێڵێت. تا ئێستە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی هەردوو ئەندامە کوردەکەی حکوومەت، جەنەڕاڵ فوئاد عارف، وەزیری دەوڵەت و بەڕێز بابا عەلی[54]، وەزیری کشتوکاڵ بڵاو نەکراوەتەوە.

[54] بابا عەلی (1996-1913/1912). لە سلێمانی لە دایک بووە و کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدە. لە 1946 و 1963 ماوە ماوە سێ جاران لە حکوومەتەکانی عێراق وەزیر بووە. لە حکوومەتی قاسم، وەزیری گەیاندن بووە و لە حکوومەتی پاش کودەتای یەکەمی بەعس لە ساڵی 1963 بووەتە وەزیری کشتوکاڵ. لە دوای هاتنە سەرکاری عەبدولڕەحمان بەززاز (لە دەورانی سەرۆک وەزیر)یدا، بەززاز هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی داوە و لەونێوانەدا بابا عەلی بوو بە جێگری سەرۆککۆمار. لە 8ی شوباتی 1963 تا ئاگستۆسی 1963 وەزیری کشتوکاڵ و بەرووبومی ئاژەڵیی بووە. لە ساڵی 1996 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 26

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات

(15 ی حوزەیرانی 1963)

بەغدا، 12ی حوزەیرانی ، 1963، سەعات 19 و 10 خولەک

لە 12 ی حوزەیرانی 1963 ، سەعات 22 و 00 خولەک گەیشتووە.

(تایبەتی)

ژمارە 368/356

ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی جانتای دیپلۆماسییەوە بۆ بەیروت و دیمەشق و عەمان و قاهیرە بڵاو دەکرێتەوە.

سەرەڕای ئامۆژگاریی میانڕەویی بوون، کە لە لایەنە سەرکردە جیاوازەکانی عێراقەوە (بەتایبەتیش لە لایەن ئینگلیز و ئەمریکاییەکان) دراوە، کەچی هێرشی حکوومەت بۆ سەر شۆڕشگێرە کوردەکان ئێستە بەخێرایی بەتەواوی لەئارادایە، بەجۆرێک کە حیزب دەستی بەسەر جەنگەکەدا گرتووە، کە لە بنەواندا لە عەسکەرتارە بەعسییەکان پێک دێ و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە. ئەوەی پەیوەندی بەم خاڵانەوە هەیە، ئەوا ئەو ئاگربەستەی کە لە دوای شۆڕشی 14ی ڕەمەزانەوە دەستیان پێ کرد، بۆ ئەوان تەنیا وچانێک بوو کە ڕێگەی پێ دان چاوەڕێی ساتەوەختێکی گونجاو بکەن. دوای ئەوەی گفتوگۆکان

دواخران، حکوومەت تەنیا بە دژە پێشنیازی درەنگوەختە و نا بەرپرسیار و درەنگوختە وەڵامی داخوازییینامەکانی کوردی دەدایەوە.

سەرکردە کوردەکان لە مێژ بوو بە تەواوی ئاگەداری ئەم هەڵوێستە بوون، هەر وەک ئەوەی بە تایبەتی بە ڕێز تاڵەبانی پێی وتم (تەلەگرامی ژمارە 172-م) و جەنەڕاڵ فوئاد عارف (تەلەگرامی ژمارە 233-م). ئەوەی کە هەموو هیوایەکیان بە چارەسەرێک لە ڕێگەی دانوستانەوە لەدەست داوە، ئەوان پێیان باشە بەهۆی هۆیەیلی پسیکۆلۆژییەوە دەستپێشخەریی پچڕانی گفتوگۆ بۆ نەیار بەجێبهێڵن، کە لە ناوەوەڕا چاوەڕێیان دەکرد. هەموو شتێک ئەوەی دەگەیاند کە سەرکردە بەعسییەکان چ لەسەر ئاستی سەربازی و چ لەسەر ئاستی سیاسی لەبەرچاوگرتنێکی هەڵەیان هەبوو و دۆخەکە لە قازانجی ئەواندا نەبوو.

یەکەم: ئەو هێزانەی کە بەشدارن بەم شێوەیەن:

ئەلیف) لە لایەنی بارزانییەوە، لە ئێستەدا نزیکەی 20 هەزار جەنگاوەری شۆڕشگێری هەیە، کە ئێستە چەکیان هەڵگرتووە و بڕێکی زۆر چەکی سووکی بەهێزیان هەیە (بە بۆمباهاوێژیشەوە) بەڵام چەکی دژە فڕۆکە یان دژە تانکیان نییە.

گرینگترینی ئەوەی خەباتکارانی کورد هەیانە، کە دەیان هەزار هاووڵاتیی ئامادەن بۆ پەیوەندی پێوەکردنیان، بریتییە لە هەستی نەتەوەیی و ڕۆحێکی جەنگاوەریی و شارەزایی زۆریان بە بەرزونزماییەکانی ناوچەکە هەیە.

بێ) لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە ڕاهێنراوانەدا، کە بە تایبەتی لەسەر شەڕی گەریلایی ڕاهێنراون، بەوە حکوومەت 85%ی هێزە چەکدارەکانی، یان نزیکەی 50 هەزار لە سەربازەکانی لەبەرەی جەنگ دایە، بەمەش باقی وڵات بە کردەوە چۆڵ بووەتەوە (چەند کەتیبەیەکی پیادەڕۆ و زرێپۆش لە بەغدا، لیوایەکی پیادەڕۆش لە بەسرە) هەیە.

ئەم سوپایەی (عێراق) هۆیەیلی میکانیکی بەرچاوی نییە، هیچ ئەزموونێکی زۆری لە شەڕدا نییە لە ناوچە چیاییەکان، و ئاشنا نییە

بـە کردارەیلـی هاوبەشـیی چەکـی جۆراوجـۆر. بۆیـە کێشـەی تەقەمەنـی و کەرەسـتەی جەنگیـی کـە لـە بنەڕەتـدا سـۆڤیەتیین لـە دواڕۆژدا توونـد دەبێتـەوە.

ورەی مۆراڵیـی دەسـتەی ئەفسـەرەکان بەهـۆی پاکتاوکردنـی یـەک لـە دوای یەکـەوە داڕووخـاوە، هەروەهـا ورەی لەشـکرەکانیش، کـە تێگەیشـتنێکی وای نییـە کـە بۆچـی شـەڕ لـە دژی برایانـی کـورد دەکـەن، ورەیـان زۆر نزمـە هـەر وەک ئـەوەی لـەو هەڵتنانـەی کـە لـە چەنـد مانگـی ڕابـردوودا، کـە چەنـد هێنـدە زیادیـان کـردووە، دەردەکـەوێ. بەشـێکی بەرچـاوی پێکهاتـووی ئـەو هێـزە لـە توخمەیلـی کـورد پێکهاتـوون.

بۆیـە دەتوانیـن بـە دڵنیاییـەوە بڵێیـن کـە تواناکانـی هێرشـبەریی سـوپای عێراقـی زۆر لاواز و سـنووردارە بەهـۆی ئـەو شـەڕ و پێکدادانانـەی کـە لـەم دواییانـەدا ڕوویـان دا، بـە دانپیانانـی دەسـەڵاتکارانی بەغـدا، بەتایبەتـی ئـەو شـەڕەی کـە لـە 8ی حوزەیـران ڕووی دا (تێلێگرامـی ژمـارە 351 م)، کـە بووەتـە هـۆی پێگەیاندنـی زیانێکـی زۆر بـۆ هێـزە نیزامییـەکان.

وا دیـارە دەسـتەی گشـتیی ئەرکانـی سـوپا بـە پلـەی یەکـەم پشـت بـە هێـزی ئاسمانیـی دەبەسـتێ، کـە پێـشتر بـەو پـەڕی دڕندەییـەوە چۆتـە شـەڕەوە (تەلەگرامـی ژمـارە 353 -م). بـەڵام کاریگەریـی بۆردومانـی ئاسمانیـی بـە لەبەرچاوگرتنـی سروشـتی زەوی و جووڵـەی هێزەکانـی دوژمـن مایـەی گومانـە.

لـە لایەکـی دیکـەوە بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی کـە لـە سـەرچاوە ڕۆژئاواییەکانـەوە پێـم دراوە، ئـەو سـەد فڕۆکـەی جەنگییـەی کە لەبەردەستی هێـزی ئاسمانیـی عێراقدایـە، هەموویـان بەهـۆی کەمـی فڕۆکەوانـەوە ناتوانرێـت بەکاربهێنرێـن. بەپێـی زانیارییـەکان، لـە میانـی کۆبوونەوەیەکـی ئـەم دواییـەی نێـوان سـووریە و عێراقـدا تاوتـوێ ئـەوە کراوە هاوکاریـی لـە هێـزی ئاسمانیـی سـووریەوە وەربگـرن.

دووەم: لـە لایەنـی سیاسیشـەوە هاوسـەنگیی هێـز زیاتـر لـە دژی حکوومـەت دایـە.

جەنـگ - شـەڕی سەرتاسـەریی، پێشـبینیکراو، پـیلان بـۆ دارێـژراو لـە

2) لایـەن بەغـداوە ، زۆرینـەی زۆری دانیشـتوانی کـورد لـە دەوروبـەری گروپـی نەنـاسراو)[55] بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆدەکاتـەوە. مـەلا مستەفا، بـەڵام هەمـوو کـوردەکان لـە دەوروبـەری ئـەودا کۆدەبنـەوە ئەگـەر شـەڕ دەسـت پـێ بکاتـەوە، وەک ئـەوەی چەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە ئێستە یەکێـک لـە نوێنەرەکانـی ناوەنـدە میانڕەوەکانـی کـورد ئاوهـای پـێ وتـم.

لـە لایەکـی دیکـەوە بیروڕای جەمـاوەری عێراقـی دوورە لـەوەی لـە پشـت حکوومەتـەوە گردببنـەوە. کـوردەکان هاودۆسـتییەکی بـە ژمـارە زۆریـان هەیـە بەتاییـەت لـە لایـەن شـیعەکان، مەسـیحییەکان و هەروەهـا لەنـاو هەمـوو خەنیمەکانـی لایەنەکانـی ڕێژیمـی بەعـس.

بـە لێهاتووییەکـی بەرچـاوەوە، سـەعدی دوێنـێ لەبـەردەم ڕۆژنامەنووسـەکاندا دانـی بـەوەدا نـا کـە تێهەڵچوونـەوەی شـەڕ پێویسـتی بـە خەرجییەکـی دارایـی قـورس دەبێـت کـە لەسـەر وڵات دەکـەوێ. هەرچـی لـە دەرەوەیـە ئـەوا کاری دڵڕەقانـەی حکوومـەت هاوسـۆزییەکی ئـاوای لەگەڵـدا نابێـت کـە شـایانی بـاس بێـت. بەغـدا تەنیـا دەتوانێـت پشـت بـە دیمەشـق ببەسـتێت و، بـێ گومـان ئەنقەرەیـش. هەرچـی قاهیرەیـە لـە ڕێگـەی پەخشـی ئێسـتگە بـە زمانـی کـوردی، بـە تەواوەتـی دژایەتـی خـۆی لەگـەڵ سیاسـەتی عێـراق نیشـان داوە. هەمـان شـت بـۆ دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتیـش ڕاسـتە. هەڵوێسـتی ئێـران، وەک لێـرەوە وا دەبینرێـت، لانیکـەم وادیـارە جێگـەی گومـان بێـت، دەشـێ بوارێکـی بەرفراوانـی ئەگـەری مانۆڕکردنـی ببـێ بـۆ یەکێتیـی شـوورەوی-، کـە، هـەر وەک لەناوەنـدە دیپلۆماتیکییەکانـی ڕۆژئـاوا پێیـان وایـە، کـە ڕیسـکی ئـەوە نـاکات لـە ئاسمانـەوە چـەک بـۆ ناوچـە پارێزراوەکان بـە پاراشـووت بخاتـە خـوارەوە. بـە فڕین بەسـەر ناوچەییەکـی پارێزراوی ناتـۆ یان سـەنتۆ، بـەڵام دەتوانێـت بـە باشـی چـەک لـە ڕێگـەی چیاکانـی کوردسـتان (ڕانیـە)وە بگەیەنێـت.

سـێیەم: پەرەئەسـتاندنی ڕووداوەکان، لـەم هەلومەرجانـەدا، ناکـرێ لەگـەڵ پلانەکانـی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتیی عێراقـی بگونجێـت. کـە ئەمڕۆژانـەی دوایـی جەنـەڕاڵ تاهیـر یەحیـا، سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتیی سـوپا، پێشـوازیی لـە قوماندانـی وەحـدەکان کـرد. پێشـبینی

[55] دوو وشەی نەناسراون و تەنیا لایەنی وەرگر زانیویەتی کە وشەکان چین (وەرگێڕ).

(هەڵمەتێکی لەناوبردنی کرد، کە لە ماوەی دوو تا سێ هەفتە) بە کۆتایی بێت.

بێ گومان کوردستان وێران دەبێت و دانیشتوانەکەی زۆر زەرەمەند دەبن. ئەو دروێنەیەی کە لە ئارادایە، دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە یان تەنانەت لەناوچوونیش (ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی سەروبەندی هێرشی حکوومەت). دەبێت چاوەڕوانی کۆچێکی بەکۆمەڵی دانیشتوان بکەین بۆ ناوچە هەرە سەختە شاخاوییەکان بۆ پلانی تاکتیکی بایاری(!) (بڕوانە تەلێگرامی ژمارە ٢٧٥م. وە هەڵکوتانە سەر کاروانە سەربازییەکان، کەمپ و ئەمبارەکانی چەک، هەڵکوتانە سەر ناوچە عەرەبییەکان، و ڕەنگە - بێ گومان- دواجاریش (کوردەکان) ڕێگەی دژی دامەزراوە نەوتییەکان بگرنە بەر، هەروەها ئاگەدارکرامەوە کە کوردەکان هەوڵدەدەن تا ئەو کاتەی دەتوانن، لە شاری سلێمانی پایتەختی خۆیان، بەرگریی بکەن و بەجۆرێک کە تا ئێستە بە ئازادی و بە هێزەوە جولاونەتەوە. ئەوان هەوڵیان دەدا، لە ڕێگەی ئەم بەرخۆدانەوە، کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی جیهانیی دروست بکەن.

ڕاستییەکەی ئەمە لە ڕاستیدا یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی کوردەکانە، کە زۆر پشت بەو هاوسۆزییە دەبەستن کە لە ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش لە ئەوروپا هەیانە، بۆ ئەوەی ناچار نەبن پەنا بۆ کۆمەگیی سۆڤیەتیی ببن و وەک دەزانین ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە پەنا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ببەن.

ڕەنگە دوای هەندێک سەرکەوتنی سەرەتایی کە هێزە عێراقییەکان بەدەستیان هێنا بێت، لەوانەیە پارتیزانەکان (پێشمەرگەکان و) بتوانن شکستی گورچکبڕ بە هێزە نیزامییەکان بهێنن وێرای ئەوەی کە تووشی شکستی قورس دەبن. بەڵام وێرای کاردانەوەی دەرەکی نابێ پاشەکشە بکەن، مەترسی ئەوە هەیە شەڕەکە درێژخایەن بێ و یەکلایینەکرێتەوە و پڕ بێ لە ئاڵۆزیی بە هەموو جۆرەکانییەوە. تەنیا دەتوانێت بە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتێکی نوێ لەژێر هەلومەرجێکدا کە بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر بووبێ بۆ بەغدا کۆتایی پێ بێت، ئەمجارە لەسەر تەوەری مافی چارەی خۆنووسین دانوستان بکەن.

سەرکردەکانی بەعس ملیان وەبەر سەرەڕۆییەک ناوە، کە دەتوانێت، ببێتە مایەی ڕوخانیان وەک چۆن بۆ ڕێژێمی جەنەڕاڵ قاسم وابوو، بەدوور نازانرێت کە ببێتە هۆی کۆتایی هاتنی پرۆژەکانی یەکێتی عەرەبی کە سەرکردەکانی بەعس دەستیان داوەتێ.

## لۆ گۆرییێرێک

تێبینی بەشی شیفرە خوێندنەوە: بڕگە بردراوەکان: بەپەلە لە بەغدا داوا کراون و لە کاتی وەرگرتنیشیدا دابەش دەکرێت.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 27

باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئێران

پۆستی ئەتاشەی سەربازیی زەریایی وە هێزی ئاسمانیی.

ژمارە: IR / /AM 367

(نهێنی)

تێبینی هەواڵگریی

بابەت/ کاروباری کورد

کۆپی ژمارە 5/2

تاران، 15ی حوزەیرانی 1963

بەگوێرەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی کە لە تاران کۆکراونەتەوە، تێهەڵچوونەوەی شەڕ لە کوردستان کە پێش چەند ڕۆژێک بوو ڕاگەیەندرا و، کە بە بڕوای هەندێک کەس هەرگیز شەڕ بە تەواوی ڕانەوەستا بوو، ئەم هەواڵە لە لایەن حکوومەت و دەستە و دایەرە سەربازییەکانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی بایەخەوە سەیر دەکرێت.

ئەوان لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستە نواندنەی عێراق بە نیشانەی دوژمنایەتیی بەرامبەر دوژمنەکەیان ناسر دەزانن، پاش ئەوەی کە ئەمەی دووەمیان بە هەموو خۆشنوودییەوەکەوە پێشوازی لە کۆلۆنێل تاڵەبانی کرد، کە بارزانی ناردبووی بۆ لای ناسر[56]. جگە لەوەیش، ئێرانییەکان هەرگیز بەڕاستی نەیانویستووە سەربەخۆیی بە کورد بدرێت، کارێک کە دەشێ ئەمە کوردەکانی ئێران هان بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکوومەتەکەیان.

## کۆلۆنێل فۆگاس

ئەتاشەی سەربازی و زەریایی و ئاسمانیی لە ئێران

نوسخەی نێردراو بۆ:

وەزارەتی جەنگ/سەرۆکی ئەرکانی تایبەتیی سەرۆکوەزیران/ سەرۆکی ئەرکانی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم/ بەڕێز سەرۆک وەزیران/ سکرتایەتیی گشتیی بەرگریی ئاسایشیی نەتەوەیی/ بەشی ئەرشیڤەکان.

---

[56] جەمال عەبدولناسر حوسێن (1918-1970). سیاسەتوان و دووەمین سەرکۆماری میسر بووە دوای شۆڕشی 23 ی تەمموز. لە ساڵی 1956 تاوەکوو ساڵی 1970 سەرکۆماری میسر بووە. ئەفسەری سیاسیی و پیاوی دەوڵەت و ڕێبەری یەکێتیی عەرەبیی ئیشتیراکی بوو، کە بانگەوازی بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی عەرەب دەکرد (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 28

## سەرۆکوەزیران

## S.D.E.C.E

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

15ی حوزەیرانی 1963

ژێدەر: D 24442/A

(نهێنی)

ناسر و کورد[57]

(حوزەیرانی 1963)

## B/3

بەگوێرەی هەندێک دەستە و دایەرە لە قاهیرە، نزیک لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ناسر لە کاتی دیدارەکانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بەوەندە دەستبەردار بووە کە دانی بە ڕەوایەتیی داواکارییەکانی کورد داناوە. بە ئاخیوەرەکەیان ڕاگەیاندووە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگەی دانوستانەوە کارێکی مومکینە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کارە وەدی بێت، دەبێ حکوومەتی بەغدا نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی هەبێت، کە بۆ ئێستە ئەو نوێنەرایەتییە ئامادە نییە.

---

[57] Cf. Informations N° D 24218/A du 10 Juin 1963 et précédentes.

«ڕەیس»[58] بەڵێنی ئەوەی دا کە دوای دامەزراندنی «فیدراسیۆنی عەرەبی»، مافەکانی گەلی کورد زامن دەکرێن، بەو مەرجەی ڕاشکاوانەیەی، کە سەرکردەکانی شۆڕشەکە نەچنە ناو هیچ پابەندبوونێک لەگەڵ «بەعسییەکان» لە بەغدا.

[58] مەبەست لەوە سەرۆک عەبدولناسر، سەرۆکی میسرە (وەرگێڕ)

# بەڵگەنامەی ژمارە: 29

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

(گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات)

(17 ی حوزەیرانی 1963)

مۆسکۆ، 15ی حوزەیرانی 1963

لە ١٥ی حوزەیرانی 1963 ، سەعات 18 و 00 خولەک گەیشتووە

ژمارە 3172/3170

من ئاماژە بە تێلێگرامی ژمارە (3108) م دەکەم.

جگە لەو وتارگەل یان نامە زۆر و زەوەندانەی کە لەوەتای 10ی حوزەیرانەوە چاپەمەنیی سۆڤێیەتی بۆ کێشەی کوردی تەرخان کردوون، ڕۆژنامەی(ئیزڤێستیا) ڕۆژی 14ی حوزەیران بەڵگەنامەیەکی نوێی لەسەر مەلەفی کوردیی بڵاو کردۆتەوە، کە لەلایەن ب. کودریافتیس[59] نووسراوە.

وتارەکەی بە ناوی «مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە» تیشک دەخاتە سەر هەندێک لەلایەنەکانی کێشەکە و بەڕوویەکیی تایبەتیش:

---

[59] B. Kudriavtse

1. ئـەو داپڵۆسـینەوانەی کـە دەسـەڵاتکارانی ناوەندیـی ئەنجامـی داون، چ لـە ساڵی 1943 یا لـە ساڵی 1945 ، شکستیان هێنـاوە، سـەرەڕای ئـەو هاوکارییـە سـەربازییەی بەریتانیایش کـە پێشکەش بـە نـوری سـەعید دەکرا و، خـۆی بـە ئیمپریالیزمـی بەریتانیایـی فرۆشـتبوو.

2. هەمـوو ئـەو گوناهـی کوشـتارانەی کـە ئەمـڕۆ کـورد لەلایـەن بەغـداوە پێـی تۆمەتبـار دەکرێـن، ڕاسـتییەکەی گوناهـی سـەرکردەکانی بەعس خۆیانـن: لـە هەوڵـدان بـۆ ناکۆکـی درووسـتکردن لەنـاو خێڵـەکان، هەوڵدانێـک بـۆ گەمەکردنـی شـیعەکان دژ بـە سـوننەکان، پەیوەندییەکـی نزیکیـان بـە ئیمپریالیزمـەوە هەیـە. ئـەم ئیمپریالیزمـە، وەکـوو کودریڤتسـێڤ دەنووسـێت، بۆنـی نەوتـی لێدێـت کـە کەوتۆتـە بندەسـتی ئالیکارەکانییـەوە.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 30

## دیمانەی ڕۆژنامەوانیی جەلال تاڵەبانی لە پاریس

ڕۆژنامەی «کۆمبا Combat »، پێنجشەممە، 20 ی حوزەیرانی 1963

« بۆ خەبات لە پێناو بوونی خۆی، گەلی کورد ناچارە هەموو یارمەتییەك کە پێشکێشی بکرێ بۆ مانەوەی خۆی قەبووڵی بکات، کۆلۆنێل تاڵەبانی، نوێنەری جەنەڕاڵ بارزانی و سەرکردەی گشتیی سوپای شۆڕشگێڕی کورد، ئاوهای بە ڕۆژنامەی « کۆمبا» ی ڕاگەیاند».

(وتەکە لە لایەن ژان پییێر کۆرنێت وەرگیراوە)

کۆلۆنێل تاڵەبانی هەر لەسەرەتای شۆڕشی کوردەوە، لە پێش دوو ساڵدا، یەکێك لە دڵسۆزترین پاڵپشتەکانی جەنەڕاڵ بارزانی بووە. دوای ئەوەی سەرکردایەتیی دوانزە هەزار پێشمەرگەی کردووە لە بەرەکانی جەنگ دژ بە سوپای قاسم، کۆلۆنێل تاڵەبانی سەرۆکی وەفدی دەستکراوە بووە بۆ وتووێژ لەگەڵ حوکوومەتی بەغدا لەبارەی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ کوردستان.

دەوروبەری 35 ساڵی تەمەن[60]، وشیار، ئاشکرا و ورد، کۆلۆنێل تاڵەبانی بەشێوەیەکی نایاب ئامانج و خواستەکانی گەلی کوردی بۆ دەستنیشان کردین. تاڵەبانی پێشوازی لە ڕۆژنامەی (کۆمبا Com- bat) کرد، یەکەمین ڕۆژنامەیەك کە بۆ سەلماندنی ناوەکەی دەستی کردووە بە خەبات لە پێناو سەرکەوتنی پرسێکی دادپەروەرانەدا.

---

[60] ڕاستییەکەی ئەوکات مام جەلال تەمەنی (٣٠) ساڵان بوو (وەرگێڕ).

**پرسیار: ئامانجی ئێوە لەسەردانیکردنی قاهیرە و ئەورپا چی بوو؟**

وەڵام: قاهیرە ئامانجی سەرەکی سەردانەکەم بوو، پێویستیش بوو ڕووە حەقیقییەکانی کێشەکەی خۆمان بۆ سەرۆك ناسر بخەینە ڕوو، لە قاهیرەوە چووم بۆ بەیروت و ویستم بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، بەڵام لەوکاتەدا زانیم کەوا تەواوی ئەندامەکانی وەفدی کوردی کە هاتبوون بۆ بەغدا بۆ مفاوەزە لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هۆتێلێکدا دەستبەسەرکراون و لەژێر چاودێریی پۆلیس دان.

لەم ڕەوشەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی داوایان لێ کردم سەردانی ئەوروپا بکەم بۆ دروست کردنی پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژنامەکان، ناوەندە کوردییەکان و ڕەوشی ئێستەی گەلەکەمان بۆ ڕای گشتیی ڕوون بکەمەوە. بۆ سەرۆك ناسر وتارێکمان لەبارەی داخوازیەکانمان پێشکێش کرد، بە تەواوی تێبینی ئەوەم بۆ ڕوونکردەوە کەوا گەلی کورد دژایەتی گەلی عەرەب ناکات و بیرۆکەی جیابوونەوەی لا نییە، هەموو ئەوەی کە ئێمە داوای دەکەین ئۆتۆنۆمییەکە لە چوارچێوەی عێراق و ئەگەر حکوومەتی عێراقی ددان بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد دابنێ[61] ئەوا دەوڵەتی عێراق بەوە بەهێزتر دەبێت.

سەرۆك ناسر داواکانی ئێمەی ئاقلانە بینی و ئامۆژگاری کردم کە هەوڵبدرێ چارەسەرێکی ئاشتییانە بدۆزرێتەوە. سەرۆك ناسر جارێکی دیکە گوتی کە پشتیوانی لە هەموو چارەسەرێك دەکەم کە زامنی دۆستایەتی و ڕێکەوتن بێت لەنێوان کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقدا.

**پرسیار: چ پێوەندییێك لەنێوان کوردەکان و کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هەیە؟ ئێوە وادیارە پێتان وایە کەوا کۆمپانیای نەوتی عێراق ددانی بە پرسی نەتەوایەتی کورد ناوە؟**

وەڵام: پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە کەوا کوردەکان خاوەنداری چاڵە نەوتەکانن کە لە دەوروبەری کەرکووك تا عێنزالە و خانەقیندا هەن و

[61] ناسر پەیمانی دا کە ئەو کارە بکات... (تێبینی دەستەی نووسەران).

کۆمپانیا نەوتییەکان دەریدەهێنن. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی عێراق ئاسایی نییە، بەو مانایە کەوا وێرای ئەوەی ئێمە خاوەنی ئەم بیرە نەوتانەین، کەچی دوژمنەکانمان داهاتەکەی و حەقی ئیمتیازەکەی وەردەگرن. ئەم ڕەوشە پێویستە ڕاست بکرێتەوە. ئەگەر کۆمپیانییەکان ئاگەداری ئەو خەباتە بن کەوا گەلی کورد دەیکات قەبووڵیان نەدەکرد حەقی ئیمتیاز بە حوکوومەتی بەغدا بدەن، کە بۆ کڕینی چەکسازیی، تێکدانی ئاواییەکانمان، شارەکانمان، کولتوورمان و قەتڵوعامکردنی ژن و منداڵەکانمان بەکاری دەهێنێ.

هەر کاتێك ڕەوشەکە ئاسایی بۆوە، ئێمە بڕیارمان داوە ڕێز لە مافی کۆمپانیا نەوتییەکان بگرین. ئێمە ئێستەکە بڕیارمان داوە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق بگەینین کە دەبێ ڕێز لە مافەکانی خاوەندارێتی بگرێ، ئێمە ناتوانین هەرگیز ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئەم داهاتی نەوتانە ببێ بە تانك، بۆمباهاوێژ و...تاد، ئەوە پێچەوانەی دادپەروەریی و ئاڕاستەی درووستە، کە ئەم داهاتانە لە بڕێتی ئەوەی ڕووناکی، ئاوەدانی و پێشکەوتنمان بۆ بهێنێ، کەچی بەکاردەهێنرێ بۆ تێك و پێکشکاندنی ئێمە.

**پرسیار: کاردانەوەی ئێوە چییە لە بەرانبەر هەڵویستی تازەی یەکییێتیی شوورەوی لە بەرانبەر ئێوەدا؟**

وەڵام: ئەم شەڕە بۆ ئێمە شەڕی مان و نەمانە، دوژمن نەك هەر تەنیا هەڕەشە لە پێشمەرگەکانمان دەکات، بەڵکوو هەڕەشە هەتا لە بوونی نەتەوەکەشمان دەکات. ئێستەکە 150000 کورد ناچارکراون کەرکووك و ئاواییەکانی دەوروبەری بەجێبهێڵن. سەرباری ئەوە بەڕێز میشێل عەفلەق[62] بەناوی حزبی بەعسەوە ڕایگەیاندووە کە: «ئەوان

[62] مێشیل عەفلەق (1910-1989). ڕووناکبیری عەرەبی سووری و کریستیانی ئارتۆدۆکس بووە و دامەزرێنەری سەرەکی حیزبی بەعس بوو، کە دواتر دوای ئەوەی لەگەڵ حیزبی عەربی ئیشتراکی ئەکرەم حۆرانی ساڵی 1952 یەکیان گرتووە، بووە بە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و عەفلەقیش بووە بە سەرۆکی ئەم حیزبە. عەفلەق خوێندنی زانکۆیی لە پاریس، لە زانکۆی سۆربۆن تەواو کردووە و لە 23 شوباتی 1966 دوای کودەتا سووریەی بەجێهێشتووە و چۆتە لوبنان و دواتر چووە بۆ عێراق. لە پاریس کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ بەغدا (وەرگێڕ).

دەیانـەوێ گەلـی کـورد بکـەن بـە عـەرەب». وەك چـۆن گەلـی کـورد ناچـارە خەبـات لـە پێنـاو بوونـی خـۆی بـکات، بۆیـە ئێمـە پێشـوازی لـە هەمـوو یارمەتییـەك دەکەیـن کـە پێشـکێشمان بکـرێ. وەك ئـەوەی ئێمـە گەلێکـی دیموکراتخـواز و ئاشـتیخوازین و کۆمۆنیسـت نیـن، ئێمـە داوای یارمەتیـی لـە هەمـوو گەلانـی جیهـان دەکەیـن. ئـەو ڕۆژەی کـە کـوردەکان مافـی خۆیـان دەسـێنن، ئێمـە قەناعەتمـان وایـە کـەوا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت توخمێکـی نوێـی سـەقامگیری بـۆ زیـاد دەبـێ.

هێشـتە جارێکـی دیکـە، چونکـە ئێمـە بـۆ مانـەوەی خۆمـان خەبـات دەکەیـن، هیـچ هۆیـەکمان نییـە بـۆ بەچاوسـووککردنی ئـەو یارمەتییـەی کـە پێشـکێشمان دەکـرێ. ئێمـە هەروەهـا ناشـاد نیـن بـەوەی کـەوا ڕووسـەکان ئـەو زەبروزەنـگ و وەحشـیگەرایەتییە ڕیسـوا دەکـەن کـەوا دەسـەڵاتکارانی بەغـدا دژ بـە گەلەکەمـان پیـادەی دەکـەن و ئێمـە دەزانیـن کـەوا ئێمـە لەبەرانبـەر بەیاننامـەی ئـەوان هیـچمان نییـە پێشکێشـیان بکەیـن...

**پرسیار: ئایا عێراق چەکی لە بەریتانیاوە بەدەست گەیشتووە؟**

وەڵام: بەریتانیا چـەك و چـۆڵ بـە حوکوومەتـی بەغـدا دەدا و بـە تاییەتـی بۆمباهاوێژ و ڕاهێنـەری ئینگلیـز بـۆ دەسـت پێکردنـی هێزەکانـی ماریشـال عـارف بـۆ بەکارهێنانـی ئـەم چەکانـە ڕەوانەکـراون.

**پرسیار: هەڵوێستی ئێران لەبەرانبەر ئێوە چییە؟**

وەڵام: مـن وا هەسـتدەکەم کـە ئامـۆزا ئێرانییەکانمـان بـۆ ئێمـە هەڵوێسـتێکی تێگەیشـتوویان هەیـە، چونکـە مەسـەلەکە دادپەروەرانەیـە و لەبـەر ئەوەیـش کـەوا تـاران دژی پان-عەرەبیزمـی لـە چەشـنی بەعسیسـتە.

**پرسیار: ئەی گەلی تورك؟**

وەڵام: دەمانـەوێ بـە تورکـەکان بڵێیـن کـە ئێمـە برایـن و ئەگـەر کـوردەکان مافـی خۆیـان وەدەسـت بهێنـن، ئـەوە بـۆ گەلـی تـورک تەنیـا قازانجبەخـش دەبـێ نـەوەکا زیانبەخـش، کـە هاوسـێی عەقڵانـی دەبـێ نـەك هاوسـێی

دنـەدراوی بەعسیسـت.

**پرسیار: چ دەگێڕیتەوە لەبارەی گەشتی مانەوەتان لە فەرەنسا؟**

وەڵام: ئـەو پێوەندیـەی کـە لەگـەڵ گەلـی نەجیبـزادەی فەرەنسـا بـووم، لەگـەڵ ڕۆژنامەوانـەکان، لەگـەڵ ناوەنـدە جیاجیایـەکان، قەناعەتیـان پێکـردم کـەوا یارمەتـی مەعنـەوی کـە پێشکێشـیان کردیـن بەهایەکـی ئەوهێنـدە گـەورەی هەیـە کـە ناکرێ بـە هیـچ کۆمەگیەکـی ماددیـی پێوانـە بکـرێ. ئـەم کۆمەگییـە مەعنەوییـە، گەلـی کـورد لـە درێژەدانـی خەباتـی خۆیـدا بەهێـز دەکات. بەخشـندەیی و تێگەیشـتنێك کـە مـن لـە فەرەنسـا بینیـم لـە ئـاوات و خەونـی مـن تێپەڕیـان کـرد.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 31

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

توونس، 22 ی حوزەیرانی 1963

ڕۆژی 22 ی حوزەیران سەعات 21 و 15 خولەك گەیشتووە.

NR 1907

ڕێگە بەخۆم دەدەم ئاماژە بۆ وەزارەتی دەرەوە بکەم کەوا چاوپێکەوتنێکی سەرنجڕاکێش لەبارەی کێشەی عێراقی-کوردی کە لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی کراوە و لە ڕۆژنامەی (Combat) بڵاوبۆتەوە و ئەمڕۆ دووبارە لە ڕۆژنامەی توونسیی (La Presse)دا دووبارە بڵاو کراوەتەوە.

**سۆڤگانگروس**

## بەڵگەنامەی ژمارە: 32

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

IR-5-8 Kurdes

تەلەگرامی گەیشتوو

(گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات)

(29 ی حوزەیرانی 1963)

قاهیرە، 28ی حوزەیرانی 1963

لە 29 ی حوزەیرانی 1963 ، سەعات 8 و 16 خولەک بڵاوکراوەتەوە

لە 29 ی حوزەیرانی 1963 ، سەعات 8 و 04 گەیشتووە.

ژمارە: 268-270 هەیکەل لە ئیدیتۆریالی (سەروتاری) هەفتانەی ئەمڕۆی خۆیدا هەڵوێستی وڵاتانی یەکگرتووی عەرەبی سەبارەت بە کێشەی کورد شی دەکاتەوە، بە تایبەتیش هێرش دەکاتە سەر بەڕێز عەلی ئەلسەعدی[63] کە گاڵتە بە گەنجیی و بێ ئەزموونیی ئەو دەکات.

---

[63] عەلی ساڵح ئەلسەعدی (خالیس 1928-لەندەن 1977)، یەکێک بوو لە یەکەم سەرکردەکانی حزبی بەعس لە عێراق. لە ساڵی 1955 کۆلێژی بازرگانی و ئابووری زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، نوێنەرایەتی ئەو کوتلە توندڕەوەی ناو حیزبی بەعسی دەکرد، کە لە بزووتنەوەی 8ی شوباتی1963دا (ئەوەی پێی دەوترێت شۆڕشی ڕەمەزان) ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم، سەرۆکوەزیرانی عێراقی ڕووخاند. لە 9ی شوباتی 1963 تا حوزەیرانی 1963 وەزیری ناوخۆ و لە 9ی شوباتی 1963 ەوە جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق بووە و هاوکات لە حوزەیران تا تشرینی دووەمی 1963 وەزیری ئیرشاد بووە. سەرکردایەتیی ئینشیقاقی کرد لەناو حیزبی بەعس، کە ڕووداوەکانی حەرەسی قەومی لێ کەوتەوە و دواتر لە 18ی تشرینی دووەمی 1963 لەلایەن سەرۆک عەبدولسەلام عارفەوە بەهۆی لابردنی بەعس لەسەر حوکم، نەفی کرا بۆ ئەسپانیا و بەهۆی نانەوەی ئینشیقاق لەناوی حیزبەکەی دەرکرا. لایەنگیریی لەسێدارەدانی عەبدولکەریم قاسم بوو لە دوای موحاکەمەکردنی لە باڵەخانەی تەلەفزیۆندا. لە 19ی ئەیلوولی 1977 لە

ئیدیتۆریالەکە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات، کە حەقیقەتی نەتەوەیی کورد بوونی هەیە و لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە بەیاننامەی 9ی ئاداری ڕابووردوودا ددانی پێیدا نراوە. پاشان نووسیاری ئەو ئیدیتۆریالە پشت بە کۆنووسی دانوستانەکانی عێراقی و میسری لە 23 و 24ی شوباتی ڕابووردوو دەبەستێت بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی وڵاتانی یەکگرتووی عەرەبی سەبارەت بەم بابەتەوە. لەم کۆنووسانە ئەوە وەدیاردەکەون، کە پێش چاوپێکەوتنی بە گفتوگۆکارە عێراقی و کوردەکان، سەرۆک ناسر پێی ڕاگەیاندوون، کە ئەو هەر چەشنە جیابوونەوەیەکی کوردەکان قەبووڵ ناکات. بەڕێز تاڵەبانی ئەو دڵنیاییانەی پێی داوە کە ئەو داوای کرد بوو، بە تایبەتی تاڵەبانی باسی لەوە کرد بوو، کە کوردەکان تەنیا بە داخوازیی ئۆتۆنۆمی دەستبەردار دەبن و بزووتنەوەی کورد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو گرووپەدا نییە، کە لە ڕاگەیەندراوێکدا، کە لە سوێسرە بڵاو کرایەوە، داوای دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و چۆڵکردنی خاکی کوردەکان دەکات لەلایەن سوپای عێراقەوە.

لە دوابەدوای کۆتایی کۆبوونەوەکە، سەرۆک ناسر سیاسەتێکی گرتەبەر کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: داوای سەربەخۆیی کوردیی ڕەتدەکاتەوە بەڵام هانی هەردوولا دەدا لەسەر ئەوەی کە چارەسەرێکی دانوستانکاریی بۆ کێشەکە بدۆزنەوە بۆ ئاسانکاریی لە گەڕان بەدوای چارەسەریی دۆزینەوەدا.

لە لایەکی دیکەوە قاهیرە داوای لە بەغدا کردووە پرۆژەیەکی لامەرکەزیی ئامادە بکات بۆ بردنەپێشەوەی دانوستانەکان بۆ پێشەوە و لە لایەکی دیکەشەوە هاوکاری سەربازیی پێشکەش بە حکوومەتی عێراق کردووە بۆ بەهێزکردنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی نەیارەکانی. لەچاوی ئەلئەهرام خەمی قاهیرە لە دوورکەوتنەوە لە شەڕی چەکداریی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتی گشتی.

---

لەندەن کۆچی دوایی کردووە (وەرگێڕ).

بـە پلـەی یەکـەم مەسـەلەکە ئەوەیـە کـە بیانوویـەک نەدرێتـە دەسـت یەکیێتیـی سـۆڤیەت بـۆ دەستێوەردان لە کاروبـاری عەرەبی، نـە کاردانەوەی دوژمنکارانەیشـی لێـی بورووژێنرێـت لـە کاتێـکدا کـە پشـتیوانیکردنی سـۆڤیەت بـۆ جیهانـی عەرەبـی پێویسـتە بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی دەستڕۆیشـتوویی ئیسرائیـل بەسـەر ئەمریـکا، کـە لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا تـا دێـت بەهێزتـر دەبێـت.

## دۆندۆنە

## **بەڵگەنامەی ژمارە:** 33

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.چ )

(بڵاو نەکرێتەوە)

-نهێنی-

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

25ی حوزەیرانی 1963

ژێدەر: D 24638/A

### کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و  پرسی کورد

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

**یەکەم:** لە 10ی حوزەیران، فەرماندەیی باڵای میسر لە قاهیرە ئەم بۆچوونەی خوارەوەی سەبارەت بە تێهەڵچوونەوەی شەڕی نێوان هێزەکانی عێراق و کورد دەربڕی:

### A/1

- شەڕ تەنیا نزیکەی دوو مانگ دەخایەنێت. ئەو ناوچانەی ئێستە لەژێر دەستەڵاتی کوردەکان دان، پێش کۆتایی ساڵ کۆنتڕۆڵ دەکرێنەوە؛

- تێهەڵچونەوەی شەڕ دەبێتە پێدانی سووتوو بۆ ئەو هەڵمەتانەی کە کۆمۆنیستەکان، ڕۆژئاوا و زایۆنیستەکان دەستیان پێ کردووە؛

- یەکێتی سۆڤێیەت و ئەگەری ئەوەیش هەیە، کە بەریتانیا لەڕووی داراییەوە هاوکاری کورد بکەن لە هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ.

**دووەم:** دەسەڵاتدارانی قاهیرە هەست بە سەغڵەتیی دەکەن لە داواکارییەکانی تاڵەبانی بۆ هاوکاریی و پێیان وابوو کە پرسی کورد تەنیا پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، ئەوان بڕیاریاندا بە ئاشکرا پاڵپشتی یاخیبوونەکە نەکەن و حکوومەتی بەغداش ئاگادار بکەنەوە (لە ڕێگەی ئەلبەززاز)[64] کە ئەوان پشتگیریی ئەلبەززاز[65] دەکەن لە شەڕی دژ بە شۆڕشگێڕەکان.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان- سکرتایەتیی گشتی.

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

---

[64] باڵیۆزی عێراق لە قاهیرە.

[65] عەبدولڕەحمان ئەلبەززاز (1913-1973). نووسەر، سیاسەتوان و ئەکادیمکار. لە دایکبووی بەغدا و لە دەورانی شانشینییدا، عەمیدی کۆلیژی حقوق بووە دواتر دوور خراوەتەوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆمار (1958) گەڕاوەتەوە بۆ پۆستی عەمیدی لە کۆلیجی حقوق. دوای کودەتای بەعس کراوە بە باڵیۆزی عێراق لە قاهیرە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ لەندەن. لە 24ی ئەیلوولی 1965 تا 18ی نیسانی 1966 سەرۆکایەتیی یەکەم کابینەی وەزاریی کردووە و دواتر لە 18 ی نیسانی 1966 بە تەکلیفی عەبدولڕەحمان عارف تا 16 ی ئاگستۆسی 1966 هەر سەرۆک وەزیران بووە. دوای مردنی عەبدولسەلام عارف یەکێک بوو لە سێ کاندیدە جێگرەوەکەی سەرۆکۆمار، بەڵام دواتر بە قازانجی عەبدولڕەحمان عارف خۆی کێشایەوە. کاتێک کودەتای 17ی تەممووزی 1968 ڕووی دا، بەززاز لە لوبنان بوو و ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ عێراق و لە کۆشکی (النهایة) زیندانیی کرا و زۆریان ئەشکەنجەدا. لە 28 ی حوزەیرانی 1973 لە بەغدا کۆچی دوایی کرد (وەرگێڕ).

## بەڵگەنامەی ژمارە: 34

کاروباری دەرەوە

تەلەگرامی گەیشتوو

ڕێکخستن: AL 20 AL AL/2

IP/3

بەغدا، 25ی حوزەیرانی 1963

ڕۆژی ١ی تەمووزی 1963 لە سەعات 11:08 بەیانی گەیشتووە.

تەلەگرامێکی غەیرە شیفرەکراو بە پۆستەدا.

جانتای دیپلۆماسیی پاریس

ژمارە 396

تەلەفزیۆنی بەغدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سێ جار فیلمێکی سەبارەت بە «دڕندەیی فەرەنسایییەکان لە جەزائیر» نمایش کردووە، کە وەک بەدیاردەکەوێ شرۆڤەیەکی زۆر سووکایەتیپێکەرانەی بە فەرەنسای لەگەڵدا بووە.

وادەبێ ئەم پەخشکردنە بتوانێ ببێتە پێشقەرەوڵی هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە لە وڵاتەکەمان لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کە ڕۆژنامە و ئێستگەکانی فەرەنسا بۆ پاڵپشتیی کورد گرتوویانەتە بەر و هەندێک ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا، ئیدیتۆریالی (سەروتاریی سەرەکی) دوێنێی ڕۆژنامەی (ئەلجەماهیر) هەواڵێکی

ئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگواستۆتەوە، کە بەپێی ئەو هەواڵە کۆلۆنێلێک لە سوپای عێراق ڕای کردووە و پەیوەندی بە هێزەکانی بارزانییەوە کردووە، ڕۆژنامەکە بە توندی هێرشی کردۆتە سەر ئاژانسی هەواڵەکەمان و ڕۆژنامەگەریی «ئیمپریالیستی و شیوعیی»ی بە «پیلانگێریی دژی عەرەب» تۆمەتبار کردووە.

## بەی

## بەڵگەنامەی ژمارە: 35

کاروباری هەندەران

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرە کردنەوە

مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات

(3ی تەمموزی 1963 گەیشتووە)

بەغدا، 2ی تەمموزی 1963: سەعات 15 و 30 خولەك

لە 2ی تەمموزی 1963: سەعات 18 و 25 خولەك گەیشتووە

ژمارە : 401/400

بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە بانگهێشتی کردم بۆ ئەوەی پێم بڵێت کە حکوومەتی عێراق نیگەرانی لەو چالاکییە، کە بەڕێز تاڵەبانی لە فەرەنسا بەڕێوەی دەبات و هەروەها ئەو پێشوازییە باشەی کە ڕۆژنامەوانان لێیان کرد لە بەیاننامەکانی کە دەرهەق بە یاخیبوونی کوردەوە داویەتی. پرسیاری لێ کردم کە ئایا حکوومەتەکەمان دەتوانێت چاودێریی بەرژوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکات و بیر لەوە بکاتەوە کە لە داهاتوودا چوونە ناو خاکی فەرەنسای لێ قەدەغە بکات یان لانیکەم ڕادەیەك بۆ چالاکییە سیاسییەکانی دابنێت.

پێم وابوو کە من دەسەڵاتم هەبێ وەڵامی بدەمەوە کە بە گوێرەی ئاگەداری من بەڕێز تاڵەبانی تەنیا کارێکی کردووە لە چوارچێوەی ئازادی بیروڕا، کە بۆ هەموو کەسێک لە فەرەنسا گەرەنتی کراوە بەبێ ئەوەی سنوورەکان ببەزێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەستبەجێ ڕاپۆرت دەدەم بە وەزارەتەکەم سەبارەت بەو خواستانەی کە لەلایەن حکوومەتی عێراق لەسەر ئەم بابەتە پێم دراوە.

من سوودم لەو دەرفەتە وەرگرت کە بەمشێوەیە بۆم هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی سەرنجی قسەکەرەکەم ڕابکێشم بۆ سروشتی ئەوپەڕی سووکایەتیپێکردانەی کە بۆ وڵاتەکەمان کرا لە پەخشەکانی ئەم دواییەی تەلەفزیۆنی بەغدا، کە تەرخان کرا بوو بۆ درندایەتییەکانی فەرەنسا لە جەزائیر (بڕوانە تێلێگرامی ژمارە 396 م)، ئەویان لە وەڵامدا وتی کە ئەو خۆی بەرامبەر بەو بەرنامانە ،نارەزایەتی لە لای لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربڕیوە و ئەو لە لای خۆیەوە پێی وایە کە ئەوە ئیدی کاتی بەسەرچووە (ئەناکرۆنیکە) و «بە مایەی سەلیقەیەکی خراپ»ی دەزانێ و دڵنیایشی کردمەوە کە ئیدی ئەوە دووبارە نابنەوە.

**بەی**

# بەڵگەنامەی ژمارە: 36

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

تەلەگرامی گەیشتوو

IR-5-8 Kurdes

بالیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(15 ی تەمموزی 1963)

بەغدا، 10ی تەمموزی 1963

لە 15 ی تەمموزی 1963 ، سەعات 15 و 33 گەیشتووە

تەلەگرامی غەیرە شیفرەکراو بە پۆستەی دیپلۆماتی پاریس ژمارە 429 نێردراوە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە ئەم باڵیۆزخانەیە کۆی کردۆنەتەوە، ئەندامانی وەفدی کوردی بۆ دانوستانەکانی بەغداد، کە لە سەروبەندی تێکچوونەکەدا، لە ٧ی حوزەیران، لە بڕیاری حکوومەت ئاگەدارکراونەتەوە بۆ ڕێگەپێدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ باکوور بە فڕۆکە و پەیوەندیکردنەویان بە مەلا مستەفا بارزانی، لە ڕاستیدا زیندانیی کراون و بە خراپیی مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. وەک زۆرێک لە نەیارانی دیکە، کە هەندێکیان ناچار کراون لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەربکەون، لەوێ دانیان بە «تاوانەکانیان»دا ناوە.

ئەم وەفدە، جگە لە بەڕێز تاڵەبانی کە وەک ئەوەی ئێمە دەزانین نەگەڕاوەتەوە بۆ عێراق، بریتی بوون لە بەڕێزان ساڵح یوسفی (پارتی

دیموکراتـی کوردسـتان)، بابەکـر[66] (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان)، عەگیـد[67] (پارتـی)، شـێخ حوسـێن[68] (سـەربەخۆ)، و مەسـعوود[69] (سـەربەخۆ) پێکهاتبـوون.

سـەرکردە بەڕێـز یوسـفی ئێسـتە بـاری تەندروسـتی زۆر ناجـۆرە، لـە نەخۆشـخانەیەک لـە باکـوور چارەسـەر وەردەگرێـت.

## لۆ گۆرریریک

[66] بابەکـر مەحمـوود ڕەسـووڵ ئاغـا پشـدەری (1937-2020). لـە کۆنفرانسـی کۆیـە (18-22) ی ئـاداری 1963 بەشـدار بـووە و ئەندامـی ئـەو وەفـدە میللییـە بـوو، کـە پێکهاتبـوو لـە هـەژدە کـەس بـۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ حکوومەتـی بەعـس دوای کودەتـای 8 ی شـوباتی 1963. لـە سـاڵی 1975 تـا 1977 سـەرۆکی ئەنجوومەنـی یاسادانانی کوردسـتان بـووە. لـە 23 ی کانوونـی دووەمـی 1977 لـە شـوێن عیـززەت مسـتەفا ئەلعانی،کـراوە بـە وەزیـری کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی لـە حکوومەتـی عێـراق و تـا ڕۆژی 3ی کانوونـی دووەمـی 1989 هـەر لـە پۆسـتی وەزارەتـدا ماوەتـەوە. دوای داگیرکردنـی کوێـت بەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی کەوتـووە و سـاڵی 1991 لـە شـاری عـەممان هەوڵـی تیرۆرکردنـی درا لەگـەڵ خێزانەکـەی شیرین حەیـدەری و بـرای خێزانەکـەی شێروان حەیـدەری. لـە 17ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی 2020 کۆچـی دوایـی کـردووە (وەرگێـڕ).

[67] عەگید سەددیق (وەرگێڕ).

[68] حوسێنی خانەقا (وەرگێڕ).

[69] مەسعوود محەممەد (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 37

کاروباری دەرەوە

( بە بێ شیفرە)

تەلەگرامی گەیشتوو

IR-5-8 Kurdes

بالیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات

(27 ی تەمموزی 1963)

بەغدا، 23ی تەمموزی 1963

لە 27 ی تەمموزی 1963 ، سەعات 11 و 21 خولەک گەیشتووە

تەلەگرامی غەیرە شیفرەکراو بە پۆستەی دیپلۆماتی پاریس ژمارە ٤٧٥ نێردراوە.

چوار ئەندامی وەفدی کوردی بۆ دانوستانەکانی بەغدا لەم دواییە بە بڕیاری حاکمی عەسکەری گشتیی ئازاد کراون. ئەوانیش بریتین لە بەڕێزان مەسعوود محەممەد و بابەکر محەممەد[70]، کە لە تەلەگرامی ژمارە (429) مدا باسم کردوون و هەروەها دووو کەسی دیکە.

لە بەیاننامەکەدا کە سەبارەت بەم ئازادکردنانە دەرکراوە باس لەوە دەکات کە ئەو کەسایەتییە کوردییە ناوبراوانە، «تێگەیشتنێکی گەورەیان بۆ دیدگای حکوومەت نیشان داوە و نیازپاکیشیان نیشان داوە بۆ

[70] ڕاستییەکەی بابەکر مەحموود ڕەسووڵ ئاغای پشدەری بوو (وەرگێڕ).

گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەکە. هەروەها هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ کە دەبێ ببێتە هۆی وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی لەم بەستێنەدا».

ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم بڕیارە (کە بەڕێزان ساڵح یوسفی و شێخ حوسێن و عەگید ناگرێتەوە) هێشتە ڕوون نییە. هەروەها ئەگەری ئەوەیش هەیە کە حکوومەت هەوڵی ئەوە بدات یان بازنەکانی بزووتنەوەی کورد دابەش بکات یان ئەوەتا بۆ دوارۆژ «وتوێژکاری گونجاو» بۆخۆی دەستەبەر بکات.

## لۆ گۆرییێرێک

## بەڵگەنامەی ژمارە: 38

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.چ )

ناونیشانی وەرگر: 541

٢٤ی تەمووزی 1963

ژێدەر: A/25411

(بۆ بڵاوکردنەوە نییە /نهێنی )

عێراق، ئوردن و یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەتی.

پەیوەندییەکانی ئوردن و کورد

(ڕۆژ : بڕوانە دەقەکە)

### A/1

لە ماوەی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1963، جەلال تاڵەبانی[71] لەگەڵ هەندێک بەرپرسی ئوردنی گفتوگۆی کردووە.

---

[71] کۆلۆنێل، سەرۆکی وەفدی کوردی بەرپرسیار لە دانوستان، بە نوێنەرایەتیی مستەفا بارزانی، لەگەڵ حکوومەتی عێراق و لەگەڵ عەبدولناسر.

ئەو ڕێبەرە کوردە داوای پشتیوانی لە دەسەڵاتدارانی ئوردنیی کردووە و وتووێژکارانی دڵنیا کردۆتەوە، کە سەرکردە شۆڕشگێرەکان سەرەڕای پێشنیازەکانی یەکێتی سۆڤییەت بۆیان بەڵام لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەت ناچنە ناو هیچ پابەندییەکەوە.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان-سکرتایەتیی گشیتی.

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

## بەڵگەنامەی ژمارە: 39

**سەرۆکوەزیران**

**( S.D.E.C.E) خ.ب.د.د.چ**

ناونیشانی وەرگر: 541

31ی تەمموزی 1963

ژێدەر: D 25504/A

ئێران-عێراق- یەکێیتی سۆڤیەت

(نهێنی)

**لەبارەی پرسی کوردەوە**

A 887 578

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

**B/2**

لە بازنەی ناوەندەکانی نزیک لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران زانراوە، کە پێدەچێت بەڕێز ئەنیسیمۆڤ[72]، شارژ دەفێری سۆڤییەت لە ئێران، ڕێنمایی لە مۆسکۆوە بە مەبەستی هێورکردنەوەی نیگەرانییەکانی سەرکردایەتیی ئێران وەرگرتبێت، ئەمەش دوابەدوای ئەو یاداشتەی کە ڕۆژی 9ی تەمموز سەبارەت بە پرسی کورد بە باڵیۆزی ئێران لە مۆسکۆ درا بوو. دەگوترێ بەڕێز ئەنیسیمۆڤ بە بەڕێز ئەنساری، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری دەرەوەی وتووە کە ئەم یاداشتنامەیە لە ڕاستیدا تەنیا مەبەست لێی ڕاکێشانی سەرنجی حکوومەتی تاران

[72] ANISSIMOV

بـووە لەبـارەی پرسـی کـوردەوە، هەروەهـا هیـچ پابەندبوونێکـی بەسـەر ئـەودا نەسـەپاندووە بـۆ وەڵام دانـەوە. جگـە لەوەیـش لـە چوارچێـوەی نزیکەکانـی دەوروبـەری وەزیـری دەرەوەی ئێران پێشنیاز دەکرێت کە تا ئـەو کاتـەی ڕاوێژکارییەکانـی ئـەم بابەتـە لەگـەڵ حکوومەتـی تورکیا کۆتایـی پـێ نەیـەت، هیـچ وەڵامێـک بـە یەکێتـی سـۆڤیەت نەدرێتـەوە.

جگـە لەوەیـش، بەڕێـز ئادەمیـات، باڵیـۆزی ئێران لـە مۆسـکۆ، دڵنیایـی لـە وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەت وەرگرتـووە، کـە یەکێتیـی سـۆڤییەت دەسـت ناخاتـە نـاو باکـووری عێـراق و بـەردەوام دەبێـت لـە بانگـەواز بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان تاوەکـوو حکوومەتـی بەغدا هەڵوێسـتێک بەرامبـەر بـە کـورد دەگرێتەبـەر کـە هاوتەریـب بێـت لەگـەڵ پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان.

وەزارەتـی دەرەوە لـە هەڵوێسـتیدا خۆپارێـزە. پێدەچێـت پشـتی بـە دڵنیاییەکانـی بەغـدا بەسـتبێت بـەوەی چارەسـەرێکی خێرا بـۆ کێشـەی کـورد دەدۆزرێتـەوە. وا بـاوەڕ دەکـرێ، کـە جـەلال تاڵەبانـی ڤیـزەی چوونـە نـاو ئەمریکای پـێ نـەدراوە. ئەمریکاییـەکان لـە ڕاستیدا پێیان وایە کـە گفتوگـۆ لەگـەڵ نوێنـەری شۆڕشـگێڕەکان لـە واشـنگتۆن زیانـی بـۆ پرسـی کـورد دەبێـت. دەگوترێـت ئـەوان دڵنیاییـان بـە تاڵەبانـی داوە کـە هیـچ سـوودێکی نییـە پرسـەکە بهێنرێتـە سـەر شـانۆی نێودەوڵەتیـی مـادام بەغـدا بەڵێنەکانی سـەبارەت بـە پێدانـی ئۆتۆنۆمـی بـە گەلـی کـورد جێبەجـێ بـکات.

لـە تـاران پێیـان وایـە کـە تەنهـا کۆنتێکسـتی (ڕەوشـی) دەرونی لە ئێستەدا لـە بەرژەوەنـدی بەغـدا دایـە، بـەو پێیـەی زلهێزەکانـی ڕۆژئـاوا و وڵاتانـی نـاو ڕێکخـراوی سـەنتۆ[73] خوازیـاری چارەسـەری خێـرای پرسـی کـوردن. بەڕاسـتی گوماناوییـە کـە هێزەکانـی حکوومـەت یـان هێزەکانـی بارزانـی بتوانن لەسـەر زەمینـدا سـەرکەوتنی یەکلاکـەرەوە بەدەسـت بهێنـن.

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێرانییـەکان ترسـیان لـەوە هەیـە کـە یەکێتیـی سـۆڤیێت لـە پێنـاو پێداویسـتی سیاسـەتی خۆیـدا، بـە شـێوەیەکی ماددیـی هـاوکاری ڕاپەڕینـی کـورد بـکات و داوایـان لێبـکات بـە وریاییـەوە ئـەم هاوکارییـە بەنهێنـی بهێڵنـەوە. ڕەتکردنەوەیـان دەیانخاتـە بـەر دۆخێکـی

---

[73] CENTO

سەختەوە، چونکە پێشتر کۆمەگیی لەو شێوەیە بە ڕەزامەندی ئەمریکاییەکان بە بارزانی دراوە.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان/ دایەرەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات (یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەت)

بەشی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات

بەشی لۆڤان.

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

## بەڵگەنامەی ژمارە: 40

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر: 541

3ی ئاگستۆسی 1963

ژێدەر: D 25563/A

(بڵاونەکرێتەوە/ نهێنی)

### ئێران-عێراق-ئوردن

### ئوردن و کێشەی کورد

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

### A/1

لە کۆتایی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی تەمموزی ساڵی 1963، بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئوردن لەگەڵ بەڕێز کازم نیامیر[74]، باڵیۆزی ئێران لە عەممان، لەبارەی کێشەی کوردەوە گفتوگۆیان کردووە.

(74) Kazem NIAMIR

وتووێژکارەکە لەو پێوەندییانەی کە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و بڕێک سەرکردەی دیکەی کورد هەیبووە ئاگەداری کردۆتەوە[75]. هەروەها ئاگەداری کردۆتەوە لە داواکاری سەرکردەکانی شۆڕش بۆ هاوکاری و پێویستییان بە کەرەستەی جەنگیی ( لەناویاندا 150 چەکی دژە تانک و ئێستگەی ڕادیۆ و هتد).

ئەو بەرپرسە ئوردنییە، دوای ئەوەی ڕوونی کردەوە کە وڵاتەکەی نەیتوانیوە داواکارییەکی لەو شێوەیە جێبەجێ بکات، خواستی خۆی دەربڕی بۆ زانینی تێڕوانینی حکوومەتی تاران سەبارەت بە سوودی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ شۆڕشگێڕە کوردەکان. ئەو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئاسانکاریی بۆ ئەگەری پەیوەندییەکانی نێوان ئەمانەی دواییان و دەسەڵاتدارانی ئێران، بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرن تا ڕێبەرانی شۆڕشگێڕەکان ڕوو لە یەکێتیی سۆڤیەت یان ناسر نەکەن؛ ئەم ئەگەرەی دووەمیان بە گوتەی ئەو «خراپترین» ئەگەرە بۆ هەردوو وڵاتی ئێران و ئوردن.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان-سکرتایەتیی گشیتی

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

---

[75] سەیری زانیارییەکانمان بکە ژمارە D 25411/4 لە 24.7.63سەیری زانیارییەکانمان بکە ژمارە D 25411/4 لە 24.7.63

## بەڵگەنامەی ژمارە: 41

### کاروباری دەرەوە

### تەلەگرامی گەیشتوو

باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە عێراق

ڕێکخستن: AL AL AL ٢

SC SC ٣

بەغدا، 20ی ئاگستۆسی 1963

لە ڕۆژی 24ی ئاگستۆسی 1963 لە کاتژمێر 11:28 ی بەیانی وەرگیراوە.

تەلەگرامی شیفرەنەکراو لە ڕێگەی پۆستەی دیپلۆماسییەوە.

پاریس ژمارە 542

بە بایەخێکی زۆرەوە وتارەکەی بەڕێز ئێریک ڕۆلۆ[76] -م لە ڕۆژنامەی «لۆمۆند»ی 15ی ئاگستۆسدا خوێندەوە، بە ناونیشانی «بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی-کوردی لە دژی ڕێژێمی بەعس لە عێراقدا گەڵاڵە دەبێ».

بە شێوەیەکی گشتیی، ئەو زانیاریانەی کە لە وتارەکەدا هاتوون، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن ئەم باڵیۆزخانەیەوە بە وەزارەت

[76] Éric ROULEAU

ڕاگەیەنـدراون یەکدەگرنـەوە، بەتایبەتیـش سـەبارەت بـە:

ئەلیـف) سروشـتی لەبەرچاوگیـراوی ئـەو ئۆپەراسـیۆنانەی کـە لەلایـەن دەسـتەی ئەرکانیـی گشـتیی عێراقـەوە دژی شۆڕشـگێرانی کـورد دەسـتی پـێ کـردووە؛

بێ) فراوانیی ئەو کەرەستگەلانەی کە بەکارهێنراون؛

جیم) هێزی بەرگریی بارزانییەکان.

سـەبارەت بـەوەی پەیوەندیـی بـە پەیوەندیگرتنەکانـی نێـوان کـوردە ناسیۆنالیستەکان و شیوعییە عێراقییەکانـەوە هەیە- کـە بەپێـی ئاگـەداری مـن هـەر لـە سـەرەتای مانـەوەی بەڕێـز تاڵەبانـی لـە پاریـس دامـەزراون- ڕۆژنامەنووسـەکەی لۆمۆنـد چەنـد وردەکارییەکـی سەرنجڕاکێشـی تایبـەت دەخاتـە ڕوو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن گومانـم هەیـە، سـەرەڕای ئـەو هاوپەیمانییـە دیفاکتۆیـەی کـە ئەمـڕۆ لەنێـوان پارتی دیموکراتی کوردسـتان و حیزبـی شـیوعیی عێراقـدا هەیـە، بـەوەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی چەکدارە شـیوعییەکان لەنـاو هێـزە چەکدارەکانـی قەبـووڵ بـکات؛ پێچەوانەکـەی لـەم دواییانـەدا لـە سـەرچاوەیەکی تاڕادەیـەک متمانەپێکـراوەوە بـۆم دووپـات کرایـەوە.

بەڕاسـتی ئۆپۆزسـیۆنی بەعسـییەکان، کـە کـوردەکان و شـیوعییەکان دەگرێتـەوە بـە ناسیۆنالیسـتە عێراقیشـەکانیشـەوە، پێشـکەوتنیان لەبەرانبـەر ناسرییـەکان لـە عێـراق بەدەسـتهێناوە. بـەڵام زۆر گوماناوییـە کـە ناسرییـەکان «دەسـتی بـۆ درێژکـراوە»ی ئـەو کەسـانە قەبـوڵ بکـەن کـە هەمیشـە بـە سەرسـەختترین دوژمنـی خۆیانیـان زانیـوە. لـە لایەکـی دیکـەوە، لـە کاتێکـدا کـە ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان ڕقیـان لە بەعسـە، بەڵام تاکـە شـتێک کـە لێیـی خـۆش دەبـن- یـان هەتـا تەنانـەت بـە ڕەسـمیش پەسـەندی دەکـەن- ئـەو شـەڕەیە کـە لـە دژی کـورد دەکرێـت. گومانـی تێدا نییـە کـە زۆرێـک لـە ئەفسـەرە ناسرییـەکان، دوژمنایەتـی دەسـەڵاتی ئێسـتە دەکـەن، بـە سـۆنگەی «نیشـتمانپەروەریی» دوودڵ دەبـن لـە پەیوەسـت بـن بـە کارێکـەوە، کـە ئەگـەری ئـەوەی هەبـێ زیـان بـە پرسـی عەرەبایەتیـی لـە کوردسـتان بگەیەنێـت.

# لۆ گۆریێرێک

بڵاوکراوەی ڕاستەوخۆ.

بە جانتای دیپلۆماسی گواستراوەتەوە بۆ:

عەممان/

بەیرووت/

دیمەشق/

قاهیرە/

# بەڵگەنامەی ژمارە: 42

کاروباری دەرەوە

شیفرە خوێندنەوە

تەلەگرامی گەیشتوو

واشنگتۆن، 17ی ئەیلوولی 1963

لە ڕۆژی 18 ی ئەیلوولی 1963، سەعات 00:٦ بەیانی وەرگیراوە.

ڕێکخستن: / SC SC SC٢

AL AL AL /3

ژمارە: 40-5338.-

بڵاوکراوەی نیویۆرک 294

بڵاوکراوەی لەندەن 2601-03 لەڕێگەی وەزارەتەوە

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە ( 17605) تان لە ڕۆژی 1963/16/9 دەکەم.

بەوەی کە وەزارەتی دەرەوەی مەنگۆلیا داواکەی خۆی بۆ خستنەڕووی پرسی کورد لە کارنامەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کشاندەوە، پێدەچێت بەهۆی ئەو دژایەتییە توندەوە بێ، کە دەستپێشخەرییەکەی لەناو گروپی ئاسیا-ئەفریقادا وروژاندی، وەزارەتی دەرەوە پێی وایە کە ئەم پرسە هیچ چانسێکی نییە کە لەم دانیشتنەدا گەڵاڵە ببێت.

بـەڵام شـارژ دەفێـری (بەرپرسـی کاروبـاری) عێـراق بـە یەکێـک لـە هاوکارەکانمـی وتـووە، کـە بـە دڵنیاییـەوە واپێدەچێت وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا دژی تۆمارکردنـی گەڵاڵەنامەکـە دەنـگ بـدا. بـە پێچەوانـەی ڕەوتـە باوەکـە، هۆکارەکانـی ئـەم هەڵوێسـتەی ئەمریکییـە کـە دژایەتـی هیـچ بەرفراوانکردنێکـی سیسـتێمەکە نـاکات پێدەچێـت ئەمانـەی خـوارەوە بـن: لـە لایەکـەوە، لـە ڕوانگـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، چانسـی چارەسـەرکردن بـۆ پرسـی کـورد لـە ئەنجامـی پەیوەندییەکانـی نێـوان حکوومەتـی بەغـدا و سـەرکردەکانی کـورد دایـە. چـاکتر وایـە چاوەڕێـی کاتێکـی گونجـاو بکەیـن بـۆ دانوسـتانێکی لـەو جـۆرە و، خۆمـان لـە هـەر دەسـتێوەردانێکی دەرەکـی بـەدوور بگریـن، کـە تەنیـا دەتوانێـت تەگـەرە بـۆ چارەسـەرکردنی بابەتـە دروسـت بـکات یـان ئاڵۆزتـری بـکات.

لـە لایەکـی دیکـەوە ئەمریکاییـەکان نایانەوێـت لەگـەڵ بیـروڕای گشـتی عەرەبـی ڕووبـەڕوو ببنـەوە، کـە بـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی هەسـتکردن بـە هاوکاریـی ئیتنیکـی بـۆ ئیدانەکردنـی ئـەو بزووتنەوەیـە جوداخـوازە کـەم تـا زۆر بـە ئاشـکرایە کـە بارزانـی سـەرکردایەتی دەکات، دەیجولێنـێ.

واشـنگتۆن ئامـاژە بەوەیـش دەکات کـە سـۆڤێیەتەکان لەلایـەن خۆیانـەوە، پڕوپاگەندەکانیـان لـە بەرژەوەنـدی کـورد بـەرز کردۆتـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەسـەڵاتدارانی ئەمریـکا پێویسـتی نازانـن کـە پێویسـت بـێ ڤیـزە بـۆ تاڵەبانـی و ئاخێوەرەکانـی دیکـە ڕەتبکرێتـەوە، ئـەوە سـەرەڕای داخوازییەکانی باڵیـۆزی عێراق لـە واشـنگتۆن بـۆ ڕێگریـی لـەو کوردانـەی کـە دەیانـەوێ بچـن بـۆ نیویـۆرک.

## ئەلفەند

# بەڵگەنامەی ژمارە: 43

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

9ی کانوونی دووەمی 1964

ژێدەر: D 29298/1

(نهێنی)

## عێراق

## لەبارەی کێشەی کوردەوە

(کانوونی دووەمی 1964)

## B/3

بەگوێرەی هەندێک ناوەندیی ئێرانیی، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەتەواویی لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە دووبارە رێکخراوەتەوە، بەتەواوی سەرکردایەتیی راپەڕینەکەی گرتۆتە ئەستۆ، کە تا ئێستە مەلا مستەفا بارزانی وەک «ئاڵاهەڵگر»ی ئەو ڕاپەڕینە ماوەتەوە.

ئێستە کۆکردنەوەی دڵسۆزانی بارزانی و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو بووە و یەکگرتنیان بە باشی بەڕێوەیە دەچێ.

لێژنەی ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بڕیاریدا بە

دامەزراندنـی نـۆ بەتالیـۆن و هێـزی کۆمانـدۆ بـە ئامانجـی ئەنجامدانـی بەجێگەیاندنـی ئۆپەراسـیۆنی گەورەیـە دژی هێزەکانـی حکوومەتـی عێـراق لـە بەهـاری داهاتـووەوە.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

بەشی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات.

دایەرەی ڕۆهەڵات

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

# بەڵگەنامەی ژمارە: 44

باڵیۆزخانەی فەرەنسا

لە ئێران

IR-5-8 Kurdes

تاران، 18ی کانوونی دووەمی 1964.

ژمارە AL/81

ئەفریقا -ڕۆژهەڵات

(گەیشتن: 21ی کانوونی دووەمی 1964)

(نهێنی)

لە مسیۆ ڕێنۆ سیڤان، باڵیۆزی فەرەنسا لە ئێران، بۆ مەعالیی وەزیری دەرەوە لە پاریس.

بەڕێوەبەرایەتیی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات

خزمەتگوزاری ڕۆژهەڵات

# سەبارەت بە: ڕەوشی کوردستانی عێراق.

بە ئەرکی خۆم دەزانم کە سەرنجی وەزارەت بۆ هێڵە گشتییەکانی ڕاپۆرتێک ڕابکێشم، کە ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانیایی لە کاتی گەڕانەوەی لەم دواییانەدا لە سەفەرێکی بۆ کوردستانی عێراق ئامادەی کردووە. من بە شێوەیەکی ئاسایی خۆی، ئەم زانیارییانە دەگوازمەوە ئێرە لەگەڵ ئەوەی وەک ئاسا خۆیان لێ دەبوێرم و سوپاسگوزاریش دەبم ئەگەر وەزارەت هەر بە نهێنی بیانهێڵێتەوە.

دەوترێت کە هەندێک ناکۆکی لەناو بزووتنەوەی ڕاپەڕیوەکاندا سەری هەڵداوە. بەپێی زانیارییەکان دەوترێت کە، مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتیی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی «کوردستانی ئازاد»ی لەدەست داوە بە قازانجی جەلال تاڵەبانی.

ناوەندی بەرگریی کورد لە ئێستەدا دەکەوێتە ناوچەی سلێمانی لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک و بنکەی فەرماندەیی تاڵەبانی دەکەوێتە گوندی مەریوان (ڕۆژهەڵاتی سلێمانی).

هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ڕابووردوو لێژنەی تەنفیزی کۆبووەتەوە و، دەوترێت دەستەی سەرکردایەتیی کوردستانی ئازاد، وێرای تاڵەبانی ئەمانە لەخۆوە دەگرێت:

**جەنەڕاڵ فەتاح**[77] کە دەوترێت چەند مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ 70 ئەفسەر، ڕیزەکانی سوپای نیزامی بەجێهیشت و دەوترێت ئەرکی مەشقپێکردنی کادیرە یاخیبووەکانی لە ئەستۆ دایە.

**نوری سدیق،** بەرپرسی پەیوەندییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی بەرگریی.

**مستەفا ئەحمەد،** بەرپرسی کاروباری ناوخۆ.

---

[77] بەڕاستی دڵنیا نەبووم داخۆ مەبەستی لە général Fatha جەنەڕاڵ فاتح-ە یا جەنەڕاڵ فەتاح -ە(وەرگێڕ).

**ئیبراهیـم ئەحمـەد**[78]، بەرپرسـی پەیوەنـدی لەگـەڵ هێـزە بێگانەکانـی دەرەوە.

دەوترێـت «کوردسـتانی سـەربەخۆ» بـە دنەدانـی ئیبراهیـم ئەحمـەد پەیوەندییەکـی بەرهەمـداری لەگـەڵ ئیسرائیـل دامەزرانـدووە.

جگـە لەوەیش دەوترێـت، کـە تاڵەبانـی لـە دواییـن سـەفەری بـۆ ئەوروپا، پاڵپشـتی ڕەونـدە هەمەچەشـنەکانی جولەکـەی لـە فەرەنسـا و سـویسرا و نەمسا بەردەستخسـتووە بـۆ دابینکردنـی چـەک و کەرەسـتەی سـەربازیی.

جگـە لەوەیـش بەگوێـرەی زانیارییـەکان تـا ئێسـتەیش هەندێـک قاچاخچێتیـی چـەک و تەقەمەنـی لـە کوردسـتانی ئێرانـەوە (سـنە) بـەردەوام هـەر هەیـە.

دەوترێـت هێزەکانـی تاڵەبانـی بەهـاری داهاتـوو ئۆپەراسـیۆن لـە دژی هێڵەکانـی پەیوەندیـی لـە نێـوان ئێـران و عێـراق و بـەرەو ئاڕاسـتەی مووسـڵ و کەرکـووک دەسـت پـێ دەکـەن. دەوترێـت ئامانجـی سـەرەکی داگیرکردنـی سـلێمانی و کردنیەتـی بـە پایتەختـی کوردسـتانی سـەربەخۆ.

دەگوتـرێ لەنـاو ناوەنـدی شۆڕشـگێڕەکاندا، حسابێکـی زۆریـان بـۆ دۆخـی هەڵوەشـاندنەوەی سـوپای عێـراق کـردووە. لـە ئێسـتەدا سـەربازانی نیزامـی لـە تەماسـی بـەردەوام دان لەگـەڵ یاخیبـووەکان و هیـچ دەسـتدرێژییەک لـە ئێسـتەدا نیشـان نـادەن.

---

[78] ئیبراهیـم ئەحمـەد (1914 - 2000). ڕۆژنامـەوان، نووسیار و سیاسـەتوان. دەرچووی کۆلیـژی حقـوق- زانکـۆی بەغـدا (1934-1937). لـە سـاڵی 1947 ەوە پەیوەنـدی بـە (پارتـی دیموکراتـی کـورد)ەوە کـردووە. لـە ساڵی 1933 لـە بـواری ڕۆژنامەنووسـیی کاری کـردووە و ڕۆمـان نـووس و سیاسـەتوان و نووسـەرێکی دیاری کـوردە. سـاڵی 1961 سکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردستان و سەرنووسیاری ڕۆژنامـەی (خەبـات) بـووە. لـە 1964 تـا 1970 سـکرتێری باڵـی مەکتەبی سیاسـیی/ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە (وەرگێڕ).

## بەڵگەنامەی ژمارە: 45

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر:ژمارە 541

25ی شوباتی 1964

ژێدەر: D 29877/A

(قەدەغەیە بۆ هاوپەیمانان بنێردرێت/ نهێنی)

### لەبارەی پرسی ڕاپەڕینی کوردەوە

(ڕۆژ ، سەیری دەقەکە بکە)

895 951

### B/6

چاودێرێکی ڕۆژئاوایی کە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1963 سەردانی کوردستانی عێراقی کردبوو، ئەم وردەکارییانەی لەسەر بارودۆخی شۆڕشگێرەکان ڕاگەیاندووە:

1. مەلا مستەفا بارزانی چیتر سەرکردەی سەرەکی شۆڕشی کورد نییە. دوای ئەوەی ڕۆڵێکی فەخریی پێ بەخشرا، ئێستە دەوترێت کە تەنیا لە ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەکە زیاتر نییە.

## B/3

2. کوردەکان ناوەندیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانییان لە باکووری عێراقەوە بۆ ناوچەی سلێمانی گواستۆتەوە. دەگوترێ بارەگەی نوێی فەرماندەیی کورد لە گوندی بچووکی مەریوانە کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە هەڵکەوتووە. دەوترێت ئەو چەکانەی لەم بارەگەیەدا کۆدەکرێنەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان بریتین لە ١١ بازووکا و ڕەشاش و چەکی میترالیۆز (لەوانەش بۆمباهاوێژی برێن گەنز[79]).

3. پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوەتی لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە ڕێکخراوەتەوە، کە ئێستە ڕێبەریی «کوردستانی ئازاد» دەکات.

ڕێکخراوە نوێیەکە لەلایەن کۆمیتەیەکی جێبەجێکارەوە سەرۆکایەتیی دەکرێت کە حکوومەتێکە لە سەروبەندی درووست بووندایە. ئەم ناوانەی خوارەوە لەناو ئەم کۆمیتەیە دان:

- جەنەراڵی بریگارد (عەمید) **فەتاح**[80]، کە نزیکەی پێنج مانگ لەمەوبەر لەگەڵ ٧٠ ئەفسەری عێراقی بەڕەچەڵەک عەرەب یان کورد لە بەغداوە هەڵاتووە. سەرۆکایەتیی ناوەندێکی مەشق و ڕاهێنان دەکات و ئەرکی ڕاهێنانی کادیرانی سوپای نوێی کوردی لە ئەستۆیە تاوەکوو پلەی سەربازیی کۆلۆنێل.

-هەروەها بەرپرسی دامەزراندنی نۆ بەتالیۆنی کوردی و چەندین یەکەی کۆماندۆیە.

---

[79]Bren Guns

[80] دەبێ ئەم جنەراڵی بریگارد (عەمیدە) سەربازییە کە تەنیا ناوەکەی ئاوا نووسراوە (Général de brigarde FATHA)، کە لە دەوروبەری کۆتاییەکانی مانگی ئاگستۆسی ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد بێت، گومان دەکەم بەلای زۆرییەوە دەبێ مەبەست لێی هەر فەتاح ئاغا محەممەد ئەمین بێ، یا جەنەڕاڵ فاتح ناوێک بێ (وەرگێڕ).

**- نـووری سـددیق،** کـە بەرپرسـە لـە پەیوەندییەکانـی نـاوەوەی ناوچـە کوردییـەکان و پەیوەنـدی نێـوان هـۆز و چیـن و توێـژە کۆمەڵایەتییـە هەمەچەشـنەکانی نـاو کوردسـتانی عێـراق.

**مستەفا ئەحمەد،** کە وەک وەزیری ناوخۆی کورد کاردەکات.

**ئیبراهیـم ئەحمـەد،** بەرپرسـیارە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هێـزە بیانییەکانـی دەرەوە.

## B/6

4/- پەیوەندییەکانـی نێـوان «کوردسـتانی ئـازاد» و وڵاتانـی بێگانـە تاڕادەیـەک بـە خێرایـی پـەرە دەسـەنن و بەتایبەتـی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئیسرائیـل بـە سـەرکردایەتیی ئیبراهیـم ئەحمـەد درووسـت بـووە.

## تێبینی:

لـە دوایـین گەشـتیدا بـۆ ئەوروپـا، جـەلال تاڵەبانـی پێـشتر پاڵپشـتی دارایـی چەنـدین کۆمەڵـگـەی ڕەوەنـدی جولەکـەکان بـە تایبەتـی لـە فەرەنسا و سـوێسرە و نەمسـای دەسـتەبەر کـرد بـوو، کـە دەتوانرێـت لێیـەوە چـەک و کەلوپـەل بـۆ ئـەو یەکانـەی کـە پێکهـێنراون بەدەسـتبهێنرێت.

## B/3

5/- یەکگرتنـەوەی «پاسـەوانی کـۆن»ی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هێـزی نیزامـی لـە دانیشـتوانی کوردیـی ناوچـەی سلێمانی بەردەوامـە.

سـەرکردە کـوردەکان پلانیـان هەیـە لـە بەهـاری داهاتـودا ئۆپەراسیۆن لـە دژی ڕایەڵەکانـی پەیوەنـدی نێـوان ئێـران و عێـراق لـە لایـەک و لـە لایەکـی دیکـە لـە دژی مووسـڵ و کەرکـووک و سـلێمانی دەسـت پـێ بکـەن.

فەرماندەیی کورد هیواخوازە کە لە هاوینی ساڵی 1964دا ئەم شارەی دوایی (سلێمانی) داگیر بکات و بیکات پایتەختی کوردستانی سەربەخۆ.

6/سەبارەت بە سوپای عێراق، کە لە ماوەی دوو ساڵ و نیو بەرەو ڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆتەوە لە لەشکرکێشیی و ئۆپەراسیۆنی پاکتاوکردن بەهۆی ناسەقامگیریی باری سیاسیی وڵاتەوە، پێناچێت توانای ئەوەی هەبێت سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی هێرشێکی جددی بێتەوە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە.

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

بەشی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات.

دایەرەی ڕۆژهەڵات

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

# بەڵگەنامەی ژمارە: 46

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

واشنگتۆن، 4ی ئاداری 1964

گەیشتوو لە 5ی ئاداری 1964، سەعات ۱ ی شەو و 15 خولەک

ژمارە 1698-99

ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە ئاسۆی هەلی ڕێککەوتنی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندیی دەگات، مایەی ڕەشبینییە، لە کاتێکدا کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێش ئاگربەستەکە هەندێک گەرەنتی دیاریکراویان لە بەغداوە وەرگرتووە سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان و، لەسەر ئەم بنەمایە داوای کردنەوەی دەرگەی دانوستانەکان دەکەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی حکوومەت ڕایدەگەیەنن کە هیچ بەڵێنێکیان نەداوە جگە لەو بەڵێنە زۆر گشتیانە نەبێ، کە لە بەیاننامە ڕەسمییەکەی ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەڕدا هاتووە و ئەوان تا ئێستە خۆیان لە داخوازینامەکانی بارزانی دەدزنەوە.

بەگوێـرەی ئاخێوەرەکەمـان مەترسییەکە لەوەدایـە، کە ماریشـاڵ عارف[81] ڕازییـە بـەوەی لەڕێگـەی کۆتاییهێنـان بـە شـەڕەکان جەماوەرییەتییەکـەی خـۆی زیـاد بـکات، هـەوڵ دەدات زیاتـر پرێسـتیژی خـۆی بەهێـز بـکات بـە پێنەدانـی هیـچ شـتێکی جەوهەریـی بـە کەمینـەی باکـوور.

بـەڵام سـەرکردە کوردەکان بە ڕوونـی ئاماژەیـان بـەوە کـردووە، کـە ئـەوان تـا خواسـتەکانیان قەبـووڵ نەکرێـت چـەک دانانێـن. دەگوتـرێ تاڵەبانـی بـە ڕوونـی بـە ڕۆژنامەنووسـانی ڕۆژئاوایـی ڕاگەیانـدووە کـە لـەم دواییانـەدا توانیویانـە سـەردانی باکـوور بکـەن، کـە ئاگربەسـت تەنیـا لـە حاڵەتێکـدا دەبێتـە ئاگربەسـتی کۆتایـی، کـە گەلـی کـورد دادپەروەریـی وەربگرێـت. چەکـدارەکان لـە هـەر کاتێکـدا ئامـادەن کـە تێهەڵبچنـەوە نـاو شـەڕ.

## ئەلفەند

[81] ماریشـاڵ عـارف (عەبدولسـەلام عـارف) (1921-1966). دەوڵەتـدار و پیـاوی سیاسـیی عێـراق. عەبدولسـەلام ڕۆڵێکـی گرینگـی گێـڕا لـە کودەتـای 8 ی شـوباتی 1963 و دواتـر کـرا بـە سـەرۆکی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش پێـش ئـەوەی لـە 20 ی تشرینـی دووەم ببـێ بـە سـەرکۆمار. عـارف ناسریـی بـوو هـەرزوو بـوو بـە نەیـاری بەعسـییەکان. لەنـاو هەلیکۆپتـەر لـە بـەسرە لـە تەمەنـی (45) سـاڵیی و ڕۆژی 13ی نیسـانی 1966 سـەری تێـدا چـوو و دوای خـۆی براکـەی، عەبدولـڕەحمان عـارف شـوێنی گرتـەوە (وەرگێـڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 47

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

11ی ئازاری 1964.

ژێدەر: D 31128/A

(نهێنی)

## عێراق

## لەبارەی «ئاگربەست»ی نێوان عێراق و کوردەکان

(هەواڵەکان)

## B/3

یەکەم: هەڵوێستی سەرکردەکانی شۆڕش.

سەبارەت بە ڕاستیی و درووستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ بەغداد، بۆچوونی جیاواز لەناو ڕێبەرانی شۆڕشگێڕانی کورددا سەریهەڵداوە. لە کاتێکدا وا دیار بووە، کە مەلا مستەفا بارزانی ترسی لە بەردەوامیی شەڕەکە هەبوو، بەڵام سەرکردەکانی دیکەی کورد، لەناویشیاندا جەلال تاڵەبانی، تەواو بە

پێچەوانـەوە پێیـان وابـوو، کـە لـە بەرژەوەنـدی ئەواندایـە کـە ڕێگـە بـدەن هێـزە عێراقییـەکان تـا بەهـار «پێشـڕەویی» بکـەن لەنـاو چیـا بەفراوییەکانـدا.

پێدەچێـت تاڵەبانـی متمانـەی سـنووردارییان بـە کەسـایەتیی ماریشـال عـارف هەبێت، ڕێوشـوێنی پێویستیشـی گرتبێتەبەر بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگـەری دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ. بەشـێوەیەکی تایبەتـی، چەکدانانـی هێـزە کوردییـەکان نایەتـە دانـان (نزیکـەی ١٠ هـەزار چەکـدار کـە بەسـەر نـۆ دەسـتەی سـەربەخۆدا دابـەش کـراون)، بـەڵام ئـەو چەکدارانـە بـە نـۆرە و بـە مۆڵەتـی پشـوودان ڕەوانـەی گونـدەکان دەکرێـن و بـەم شـێوەیەش ژمارەیـەک بانگەشـەکار بـۆ شۆڕشـەکە پێکدەهێنـن.

A 967/711

## B/2

### دووەم: یەکێتی سۆڤییەت و «ئاگربەست» لە کوردستان.

لـە پاشـکۆدا وەرگێڕانـی یادداشـتنامەیەکی تێدایـە کـە لەلایـەن باڵیۆزخانـەی یەکێتیـی سـۆڤییەت لـە بەیـروت ئاڕاسـتەی سـەرکردەکانی حزبـی شـیوعیی لوبنـان کـراوە سـەبارەت بـە «ئاگربەسـت» لـە کوردسـتان و بارودۆخـی ناوخـۆی عێـراق.

# پاشکۆ

(وەرگێڕاوی جێی متمانە)

(نهێنی)

1. حاشا هەڵنەگرە کە ئەو ئاگربەستەی بەری لەو شەڕە خوێناوییە گرت، کە لە دژی کوردستانی عێراق بەڕێوە دەچوو، لەلایەن بیروڕای گشتی عەرەبی و جیهانییەوە پێشوازییەکی باشی لێکرابێت.

2. ئەو بڕیارە ژیرانەیەی حکوومەتی کۆماری عێراق کۆتایی بە تاوانێک دەهێنێت کە سەرەتا لەلایەن نوری سەعیدەوە ئەنجام درا و عەبدولکەریم قاسم تێهەڵچۆوە ناوی و پاشان بەعسییە فاشیستەکان قۆستیانەوە بۆ ئەوەی هەموو ڕق و کینەیان بەرامبەر گەل بڕێژن.

3. داننان بە مافەکانی گەلی کورد، پایەی عێراق مکوم دەکات و یەکڕیزیی لەنێوان ڕیزەکانیدا دەستبەر دەکات، ئەم یەکڕیزییە حەتمییەی کە لە مێژە هەموو هاوڵاتییەکی دڵسۆز خوازیاری بووە بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە خەباتی شێلگیرانەی خۆی بدات دژی ئیمپریالیزم.

4. دوابەدوای ئەم هەنگاوە حەکیمانەیە، ڕای گشتی عەرەبی هیوادارە ببینێت کە حکوومەتی عێراق دەست بکات بە پاکسازیی لەناو سوپا و کارگێریی لە هەموو توخمە بەعسییەکان کە تا ئێستەیش هەر بەردەوامن لە پیلانگێڕیی دژی گەل و بەرژەوەندییە زیندووەکانیان. ئەم گرۆ بەعسییانە بەداخەوە لە هەندێک داوودەزگەی حکوومەتیی و یەکەکانی سوپادا زۆرن و مەترسییەکی زۆر بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت و بۆ یەکییێتی ڕیزەکانی پێکدەهێنن. بۆ نموونە لە فیرقەی دوودا هێشتە ئەفسەرگەلێکی وەک عەلی ئەنوەر ئەلفارس، عەبدولکەریم ڕەعد، عارف ئەلگەزاز، نورەددین سەری و ئەفسەرانی دیکە هەن کە لە دوای شۆڕشی 14ی ڕەمەزان لە ساڵی 1963 بەشدارییەکی زۆر چالاکانەیان کردووە لە شەڕ دژی توخمە نەتەوەپەروەرەکان و نیشتمانپەروەرەکان، خەڵک پێیان سەیرە و دەپرسن کە چۆن ئەو جۆرە ئەفسەرانە و شوێنکەوتووانیان لە دوای ئەو بزووتنەوەی شکۆمەندی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری پیرۆزدا تا ئێستەیش هەر لەناو ڕیزەکانی سوپادا ماونەتەوە.

تـا ئێسـتەیش لـە ئیدارەکانـی حکوومەتـدا دەبینیـن کـە بەعسـییەکان شۆڕشـی 14ی ڕەمەزانیـان لـە دژی ڕێژیمـی قاسـم دەقۆزنـەوە. بەڵکـوو دەبینیـن لـە ڕاسـتیدا زۆرێـک لـە بەعسـییەکان هێشـتە پێگـەی گرینـگ و هەسـتیاریان لـە بندەسـت دایـە. ئەمانـە دەبێـت لەنـاو سـوپا و لـە ئیـدارەدا دوور بخرێنـەوە. دەبێـت بـەو توندییـە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت کـە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت لە سەرکردەکانی وڵاتدا دەیخوازێ.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

بەشی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات.

دایەری ڕۆژهەڵات

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

# بەڵگەنامەی ژمارە: 48

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر:ژمارە 541

20ی نیسانی 1964.

ژێدەر: D 32086/A

(نهێنی)

A 979 720

B/3

## عێراق

## دانوستانەکانی عێراق و کورد

بەشێک لە کەسایەتییە سیاسییە عێراقییەکانی تاراوگە لە بەریتانیا پێیان وایە لە دەوروبەری 25ی ئادار، مەحموود عەبدولڕەززاق[82] پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە ڕانیە کۆبووەوەتەوە.

دەوترێت گفتوگۆکان لەسەر بارودۆخی کوردستان بووە، دوابەدوای ئەو ڕێوشوێنانەی ئەم دواییەی حکوومەتی بەغدا گیراونەتەبەر:

---

[82]عەبدولڕەززاق سەیید مەحموود لە (1963/6/6-1964/12/7 ( پارێزگاری سلێمانی بووە (وەرگێڕ).

- ئازادکردنی زیندانیانی کورد؛

- گەڕاندنـەوەی موڵـک و ماڵـی سـەر بـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی و بنەماڵەکـەی و کەسـایەتییە کوردەکانـی دیکـە؛

- دروسـتکردنی کۆمیسـیۆنێک بـە سـەرۆکایەتیی جەنـەڕاڵ نایـف حەمـوودی، کـە ئەرکـی ڕێکخسـتنەوەی باکـووری وڵاتـی پـێ سـپێر دراوە.

لـەم گفتوگۆیانـەدا پرسـی لامەرکەزیـش خراوەتـە بـەر بـاس و جـەلال تاڵەبانـی دووپاتـی دژایەتیـی کـوردی بـۆ ئـەو مەرسـومەی ئـەم دواییـەی حکوومەتـی عێـراق کردۆتـەوە، کـە بـە ڕیشـەیی دەسـتکاریی دابەشـکارییە هەرێماتییەکانـی وڵات دەکات و کەرکووکیـش لـە زۆنـی کوردییـەوە دوور دەخاتـەوە.

بەگوێـرەی هەمـان سـەرچاوە، حکوومەتـی بەغـدا پێیوایـە تـا ئێسـتەکە بەڵگـەی پێویسـتی لەسـەر نیازپاکـی خـۆی خسـتووەتە ڕوو، لەوانـە: کۆتاییهاتنـی ئابڵوقـەی ئابووریـی سـەپێنراو بەسـەر ناوچـەی باکـوور، گەڕاندنـەوەی موڵـک و ماڵـی کـوردەکان، ئازادکردنـی زیندانیانـی سیاسـی و دیلەکانـی جەنـگ، هەڵوەشـاندنەوەی ئەحکامـی عورفـی لـە وڵاتـدا، ئازادیـی تەواوەتـی هاتوچـۆ، هەروەهـا فەرمـان دەرکـردن بـۆ دەسـتەی ڕێکخسـتنەوەی کوردسـتان کـە بنکەکـەی لـە کەرکووکـە، بـۆ ڕەچاوکردنـی هـەر داواکارییـەک بـۆ قەرەبووکردنـەوەی زیانەکانـی جەنـگ.

هەرچـی لـە لایـەن کوردەکانەوەیـە پێیـان وایـە ئـە گـەر باشتربوونـی ئێسـتەی پەیوەندییەکانی نێوان نوێنەرانـی کـورد و عێراق لـە ڕانیە بـەردەوام بێـت، ئـەوا دەتوانێـت دەسـتپێکردنەوەی گفتوگـۆکان لـە بەغـدا خـۆی دەسـت پـێ بکرێنـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تـا ئێسـتەیش سـوورین لەسـەر ئـەوەی مـل کـەچ نەکەیـن، یەکـەم لەسـەر پرسـی کەرکـووک و دووەم لەسـەر پـێ دانـی 30٪ی داهاتـی نـەوت بـۆ کوردسـتانی ئاینـدە.

نوسخه بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانه)

بەشی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات.

دایەری ڕۆژهەڵات

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

# بەڵگەنامەی ژمارە: 49

## سەرۆکوەزیران

## (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر:ژمارە 541

(ناشێ بڵاو بکرێتەوە)

ناونیشانی ژمارە: 541

17ی حوزەیرانی 1964

ژێدەر: D 33621/A

## عێراق-ئێران

## زانیاری لەبارەی کێشەی کوردەوە

(نهێنی)

(ڕۆژ: سەیری دەقەکە بکە)

یەکەم: هاوکاری ئێران بۆ کوردانی عێراق

## A/I

لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی 1964، دەزگەی هەواڵگریی ئێران[83] نوێنەری خۆیان لە بەغدا ئاگەدار دەکەنەوە کە بەم زووانە سەرکردەکانی کورد بڕی 10 هەزار دینار و 100 تفەنگ[84] وەردەگرن،

---

(83) ساواک

(84) لەگەڵ 100 گوللە تەقەمەنی بۆ هەر چەکێک.

که له ماوەی مانگی ئاداردا بەڵێنیان پێ درا بوو.

## A/2

دووەم: سەبارەت بە ڕێبەرە کوردەکان

لـە دەوروبـەری ناوەڕاسـتی مانگـی ئایـاردا، حکوومەتـی تـاران پێـی وابـووە کە؛

1. **عومـەر دەبابـە**[85] بەهـۆی هەندێـک هەڵـە کردبـووی لـە «مەکتەبـی سیاسـیی»[86] دەرکـراوە و گواستراوەتـەوە بـۆ یەکەیەکـی جەنگیـی لـە ناوچـەی پێنجویـن.

2. **ئەحمـەد تۆفیـق**[87] وەک «بەڕێوەبـەری زیندانـەکان» دەستنیشـان کـرا بـوو.

3. مەکتەبی سیاسی[88] پێک دێ لە:

-ئیبراهیم ئەحمەد

- جەلال تاڵەبانی

عەزیز گەیلانیزادە[89]

نوری سددیق[90]

عەلی عەبدوڵڵا[91]

---

[85] بڕوانە پاشکۆ.

[86] سەیری زانیارییەکانمان بکە ژمارە D32524/A لە 2.5.1964.

[87] بە پێچەوانەوە نەزانراوە.

[88] سەیری زانیارییەکانمان بکە ژمارە D 32524/A لە 2ی ئایاری 1964.

[89] بڕوانە پاشکۆ.

[90] بە پێچەوانەوە نەزانراوە.

[91] بڕوانە پاشکۆ.

# (پاشکۆ)

## عومەر مستەفا ئاغا دەبابە

- خەڵکی دەڤەری سلێمانییە.

- بڕوانامەی قانوون - پارێزەر.

- ئەندامی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو.

- لـە سـاڵی 1950 بـە تاوانـی چالاکـی تێکدەرانـە لەلایـەن دادگای سـەربازییەوە سـزا دراوە.

- لـە 13ی ئـازاری سـاڵی 1962، وەکـوو ئەندامـی لێژنـەی بەڕێوەبەریـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا.

-دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و پێکدادانـەکان لـە کوردسـتان لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی 1963 دەسـت بەسـەر سـەروەت و سـامانەکەیدا گیـرا.

## عەزیز گەیلانیزادە

-لـە ڕیزەکانـی «سـوپای کـورد» لـە سـاڵی 1945 [92] بـە پلـەی لیۆتینـان-کۆلۆنێـڵ خزمەتـی کـردووە.

-پەنـای بـۆ ئێـران بـردووە، پاشـان بـۆ یەکێێتـی سـۆڤێیەت، بـۆ مـاوەی 12 سـاڵ لـەوێ ماوەتـەوە.

-لەساڵی 1985 گەڕایـەوە عێـراق و بووەتـە پرۆفیسـۆری زمانـی ڕووسـی لـە ئەکادیمیـای سـەربازیی بەغـدا (عەبدولکەریـم قاسـم بـە پلـەی موقـەددەم هێشـتییەوە).

لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی 1962 گواسترایـەوە بـۆ ئامێـدی و ئامـادە نەبـوو بچـێ بـۆ سـەر پۆسـتە نوێیەکـەی و زیندانـی کـرا.

---

[92] لە سەردەمی دەوڵەتی جوانەمەرگی قازی محەمەد

-دوای شۆڕشی بەعس لە شوباتی 1964 ئازاد کراوە، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە.

-چەندین ئەرکی لە ئێران لە برێتی مەلا مستەفا بارزانی ئەنجام داوە.

**عەلی عەبدوڵڵا**

-لە بنەڕەتدا خەڵکی دەڤەری هەولێرە.

-ئەندازیار.

-ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1959.

-بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارە لە بەشی «گەنجان» لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکاتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (2 دانە)

کاروباری بێگانان-سکرتاریەتیی گشتیی

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

کۆمسیۆنی ئۆقیانووسی هیندی

## بەڵگەنامەی ژمارە: 50

**سەرۆکوەزیران**

**( خ.ب.د.د.ج S.D.E.C.E)**

ناونیشانی وەرگر: ژمارە ٥٤١

یەکی ئاگستۆسی 1964

ژێدەر: A/34398

عێراق

(قەدەغەیە بە هاوپەیمانان بدرێت)

(نهێنی)

### بارودۆخی لە ناو شۆڕشگێرانی کورد.

(ناوەڕاستی تەمموزی 1964)

هەڵوێستی شێلگیرانەی مەلا مستەفا بارزانی بەرامبەر بە نەیارانی لە کاتی کۆنفرانسی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان:

- هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی،

دەرکردنی 14 ئەندامی سەرەکی[93] لە پارتی دیموکراتی کوردستان،

[93] سەیری زانیارییەکانمان بکە، ژمارە D 34 289/A لە 25.7.64. بۆ زانینی لیستی ئەندامانی دەرکراو و ناوی هەندێک لە جێگرەوەکان سەیری پاشکۆکە بکە.

- نوێکردنەوەی لیژنە مەحەلییەکان،

- ئاڕاستەکردنی تۆمەتی پیلانگێڕیی لەگەڵ هێزی بیانی بۆ نانەوەی شەڕی براکوژی لەناو چوارچێوەی شۆڕشدا، خرانە پاڵ هەندێک لە ڕێبەرانی حیزب،

- دروستکردنی «ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش» بە سەرۆکایەتیی بارزانی، کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقی دەبێت لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە.

- یاداشتێکی نوێ بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق،

- دەرکردنی ئەو خێزانە عەرەبانەی لەناو خاکی کورد نیشتەجێ بوون،

ئەمەش بەبێ دروستبوونی ئاستەنگی لەناو یاخیبوونی کورددا تێپەڕ نەبوو. دەگوترێ پێکدادان لەنێوان لایەنگرانی بارزانی و لایەنگرانی ئەو حزبە ڕووی داوە، ئەوەش دوای هاتنی سەرتەکیی خەلیل شەریف [94] کە یەکێک لە نەیارانی مەلا مستەفا بوو، سەرتەکیی ڕەتیدەکاتەوە ناوچەکە بەجێبهێڵێت و لەگەڵ 150 کەسەکەیدا لەلایەن هێزەکانی بارزانییەوە گەمارۆ دراون. لەهەردوولا چەند کەسێک کوژران و بریندار بوون.

بەگوێرەی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی عێراق، بارزانی تا ناوەڕاستی مانگی تەممووز ناوچەکانی هەڵەبجە، پێنجوین، قەڵادزێ و هەروەها بەشێک لە چوارتا و قەرەداغی داگیر کردووە، لەکاتێکدا ئەو حزبە لە قەرەداغ، ماوەت، زێوە، چەمی ڕێزان، ئاغجەلەر، تاسوڵجە، بەرزنجە، جاف و زەنگەنەی لە بندەستدا بووە. جگە لەوەیش، دەگوترێ بارزانی فەرمانی چەککردن و دەستگیرکردنی هەشت پێشمەرگەی داوە کە لە نێویاندا موقەددەم سەیید عەزیز گەیلانی[95] و عەلی عەبدوڵڵا بوون.

---

[94] ناوەکە لە دەقەکەدا بەشێوەیەکی زۆر سەیر بەم جۆرە نووسراوە (SARTAK de HELLI CHARIP) ، کە لە ڕێگەی هەموو سەرچاوە و سۆرغەکانەوە نەگەیشتم بە هیچ ناوێکی ئاوا و بۆیە پێم وایە نزیکترینیان لەوە (سەرتەکیی خەلیل شەریف) بێ، دواتر ئەگەر هەڵە بووین و ناوەکەیمان بە درووستی دۆزییەوە، بۆ چاپەکانی داهاتوو ڕاستی دەکەینەوە (وەرگێڕ)

[95] اریدەدەری متمانەپێکراوی پێشووی بارزانی و زۆر وابەستەی ئێران بوو.

لـه میانـی دەسـتبەکاربوونی بارزانـی ڕۆژی ١٣ی تەممـووز، لـە ڕادیـۆی کوردسـتان، مـەلا قـادر، خەڵکـی ئاگـەدار کردۆتـەوە کـە بارزانـی بـەڕەو ئـەو ناوچانـەی ژێـر کۆنتڕۆڵـی حـزب[96] دەڕوا و داوای لێکـردن چ لـە نـاوەوە و چ لـە دەرەوە لـە دژی دوژمنـان یەکبگـرن.

[96] سەیری زانیارییەکانمان بکە ژمارە D 34 289/A لە 25ی تەمموزی 2014.

## (پاشکۆ)

## (نهێنی)

ئەلیف) ئەو ئەندامانەی کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکران:

1. جەلال تاڵەبانی
2. عومەر دەبابە
3. ئیبراهیم ئەحمەد
4. نووری شاوەیس
5. نووری ئەحمەد تەها
6. عەلی عەبدوڵڵا
7. مەلا عەبدوڵڵا
8. حیلمی عەلی
9. عەلی شەریف
10. محەممەد حاجی تاهیر
11. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەدی
12. عیسا زەبیحی
13. عەلی عەسکەری

و چواردەهەمیشیان هێشتە ناوەکەی نەزانراوە[97]

---

[97] ئەندامی چواردەمین بە دڵنیاییەوە، سەیید عەزیز سەیید عەبدوڵڵا شەمزینی بووە (وەرگێڕ).

بێ) ئەندامانی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان

1. شێخ لەتیف بەرزەنجی[98]

2. کۆلۆنێل باڵتە[99]

3. جەنەڕاڵ تەها مستەفا بامەڕنی، یاریدەدەری بارزانی[100]

نوسخە بۆ:

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (٢ دانە)

کاروباری بێگانان-ئەفریقا-ڕۆژهەڵات(لۆڤان).

سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپای زەوی/ بیرۆی دووەم

کۆمسیۆنی ئۆقیانووسی هیندی

---

[98]Cf nos diffusions n° 37 014/A du 29.10.60 et D 22864/A du 26.4.63.

[99] کۆلۆنێـل باڵتـە: Colonel BALTAH (جـەلال محەممـەد مەحمـوود باڵتـە (1918-2006) لـە عشـیرەتی مـزووری و لـە دایکبـووی دهۆکـە. دەرچـووی کۆلێـژی سـەربازی (1938) بـوو بـە پلـەی مولازمـی دووەم. لـە 1962/1/8 بـە پلـەی عەقیـد (کۆلۆنێـل) خانەنشـین بـوو. دوای کودەتـای 8ی شـوباتی 1963 پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی کـوردەوە دەکات و لـە 1968/9/26 لەڕیزەکانـی شـۆڕش دێتـە دەرەوە (وەرگێـڕ).

[100] Cf notre information n° D 34 158 du 16.7.64.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 51

کاروباری هەندەران

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەکردنەوە

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

٥ی ئاگستۆسی 1964

(مۆری گەیشتوو)

تاران، ٤ی ئاگستۆسی 1964: سەعات 18 و 55 خولەك

لە ٤ی ئاگستۆسی 1964: سەعات 20 و 25 خولەك گەیشتووە

ژمارە : 556

(بڵاوکردنەوەی تایبەت)

(بەپەلە)

(تایبەت)

لە سەرچاوەیەکی زۆر جێی متمانەوە زانیاریم بەدەست گەیشتووە کە هەردوو سەرۆکی کورد: تاڵەبانی و ئیبراهیم[١٠١] ئەحمەد پەنایان

[101] لە بەڵگەنامە فەرەنسییەکەدا نووسراوە (ئیسماعیل ئەحمەد)، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە

بردۆتـە بـەر ئێـران بـە خۆیـان و بـە ٧٠٠ کـەس لـە پێشـمەرگەکانیان و داوای پەناهەنـدەی سیاسـییان کـردووە. حکوومەتـی ئێـران لـە بەرانبـەر ئـەم ڕەوشـەدا تـا ڕادەیـەك لـەڕوودا مـاوە و لـە ئێسـتەدا بـە نیـازە وەریـان بگـرێ.

مـن پێـم وایـە کـە تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد نێـردراون بـۆ تـاران، بـەڵام نازانـم داخـۆ هێشـتە هـەر لـەوێ ماونەتـەوە یـان نـا.

## گیرودۆن

---

هەڵەی تایپ بووە (وەرگێڕ).

# بەڵگەنامەی ژمارە: 52

کاروباری دەرەوە

تێلێگرامی گەیشتوو

شیفرەخوێندنەوە

ڕێکخستن: 2-AI-AI-AL

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

بەغدا، 6ی ئاداری 1964 ، لە سەعات 15 و 30 ی خوولەک.

گەیشتوو لە ٦ی ئاداری 1964، سەعات 15 ی شەو و 58 خولەک

ژمارە 117-119

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە ( 116 )-م دەکەم

پێش دەرکردنی، نوێنەری ئاژانسی ڕۆیتەرز لە عێراق، ڕاپۆرتی تەواوی گفتوگۆکانی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی بە باڵیۆزخانەکەی گەیاندووە، کە پوختەکەی بەم شێوەیەن:

1. دانوستاندنەکانی ڕانیە لە ئەنجامدا دوو ڕێککەوتنی نووسراوی لێ کەوتۆتەوە، کە یەکێکیان بەنیازە دەستبەجێ بڵاوبکرێتەوە و ئەوی دیکەیان نهێنییە، کە لە ١١ مادە پێکهاتووە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی گفتوگۆی زیاتر. بەپێی زانیارییەکان سەرۆکی حکوومەت و وەزیری ناوخۆ ڕێککەوتوون بەم نزیکانە سەردانی ڕانیە بکەن بۆ دەستپێکردنی ئەو گفتوگۆیانە، بەڵام تا ئێستە وادەی سەردانەکەیان دیاری نەکراوە.

2. دەوترێت بارزانی داوای کردووە کە کۆمیسێرەکانی حکوومەت، یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت و یەکێتی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی وەک چاودێر بانگهێشت بکرێن بۆ دانوستانەکانی

داهاتـوو. بـەڵام حکوومـەت ئـەوەی ڕەت کردۆتـەوە، بـەڵام سـەرکردەکانی کـورد بڕیاریـان دووبـارە ئـەو داوایـە دووبـارە داوا بکەنـەوە ئەگـەر لـە گفتوگۆکانـی داهاتـوودا ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ ببنـەوە.

لـە هـەر حاڵەتێکـدا، ئیـرادەی ئـەو بـۆ بەدەسـتهێنانی دانپێدانانـی ڕاستەقینە بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد، هـەر بـە نەگۆڕیـی دەمێنێتـەوە.

3. ئـەوە ڕاسـت نییـە کـە کـوردەکان ڕازی بـوون چەکەکانـی خۆیـان ڕادەسـت بکـەن. بەرەڵلاکـردن (تەسریـح)ی هێزەکانـی شۆڕشـگێران بەنـدە بـە جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ئـەو ڕێککەوتنانـەی کـە ئەنجامـدراون لەلایـەن حکوومەتـەوە. تەنیـا ئـەو چەکانـەی کـە لەلایـەن کەسـانی هەڵاتـووی نـاو سـوپای عێراقـەوە گەیەنراونەتـە دەسـت شۆڕشـگێڕەکان، دەگەڕێندرێنـەوە بـۆ دەسـەڵاتگەلی سـەربازیی.

## دیومارکای

## بەڵگەنامەی ژمارە: 53

کاروباری هەندەران

تێلیگرامی گەیشتوو

شیفرەکردنەوە

ڕێکخستن:

2-AI-AI-AL

3-SC-SC

[مۆری دیپارتومانی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات]

[14ی ئاگستۆسی 1964]

(مۆری گەیشتوو)

بەغدا، 13ی ئاگستۆسی 1964: سەعات 15 و 55 خولەك

لە 13 ی ئاگستۆسی 1964: سەعات 16 و 49 خولەك گەیشتووە

ژمارە 459-460

دەگەڕێمەوە بۆ سەر تێلێگرامی ژمارە (424)م.

بەگوێرەی چەند زانیارییەك، کە لە سەرچاوەگەلی هەمەجۆرە بەردەستم کەوتوون، بزووتنەوەی بەرگریی کورد بەم دواییە ئۆلتیماتیۆمێکی کۆتایی داوەتە حکوومەت، کە تێیدا داوای جێبەجێکردنی داخوازینامەکانی دەکات. لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی داخوازینامەکانی لە ماوەی وادەیەك کە لە ١٥ی سێپتامبەر کۆتایی دێ،

ئـەوا بزووتنەوەکـە شـەڕ دژی بەغـدا دەسـت پـێ دەکاتـەوە.

مـەلا مسـتەفا بارزانـی داوای لـە هێزەکانـی کـردووە کـە سـەنگەرەکانی خۆیـان قایـم بگـرن. دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەی کـە بـە ئاسـانی دەسـت پێڕاگەیشـتیان ئاسـانە فەرمانیـان بـۆ هاتـووە بـە خۆیـان و چەکوچۆڵەکانییانـەوە بکشـێنەوە بـۆ نـاو ئاوایيەکانـی نـاو چیاکان و چونکـە یەکەکانـی سـوپای (عێـراق) کـە لـە ناوچەکانـی شـیمال جێگـرن هەمـوو جوولەیەکـی پارتیزانـەکان (پێشـمەرگە) کـوردەکان قەدەغـە دەکـەن.

لـە لایەکـی دیکـەوە وادیـارە بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی ئاشـتبوونەتەوە و ئـەوەی دوایـی، کـە ماوەیـەك پەڕیـوەی ئێـران بـوو بـوو، پەیوەنـدی بـە هێـزە شۆڕشـگێڕەکانەوە کردۆتـەوە.

## دیومارکای

# بەڵگەنامەی ژمارە: 54

ئازادی، یەکسانیی و برایەتی

کۆماری فەرەنسا

وەزارەتی کاروباریی هەندەران

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی

ئەفریقا-ڕۆژهەڵات

سێرڤیسی ڕۆژهەڵات

پاریس، 14 ی حوزەیرانی 1963

## تێبینی

## لەبارەی چاوپێکەوتنی کۆلۆنێڵ تاڵەبانی

کۆلۆنێڵ تاڵەبانی، نوێنەری سەرۆکی کورد، مەلا مستەفا بارزانی، بە هاوەڵیی میر بەدرخان سەردانی لقی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کرد. ڕوانینی هاوچەشنەی ئەوەی کە پێشتر لەماوەی ڕاگەیەندنە تازەکانی بۆ چاپەمەنی ڕایگەیاند بوو، پێشکەش کرد و چەند وردەکارییەکی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بەدەستەوە دا.

لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك ناسردا، تاڵەبانی پێی وتووە کەوا کوردەکانی عێراق دژی پرەنسیپی یەکێتیی عەرەب نین بەڵام ڕازیش نین لەکاتی دەنگدانی ڕیفراندۆم لەسەری ئەگەر گەرەنتی بەرچاو و

ڕاستەقینەیان لەبارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەناو فیدراسیۆنی عەرەبیدا پێ نەدرێت، دەنگی بۆ بدەن.

لە لایەکی دیکەوە کۆلۆنێل تاڵەبانی پێی وایە کەوا بە تێهەڵچوونەوەی شەڕ، ڕێژیمی عێراق مەحکوومە بە لەناوچوون و کودەتایەکی نوێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوو دەدات، بەڵام هیچ وردەکارییەکی لەبارەی ئەو ڕەوتانە بەدەستەوە نەدا کە لەناو ئەم ڕێژیمە نوێیەدا سەردەکەون.

تاڵەبانی ئەوەی لێکدایەوە کەوا سەروبەندی هەڵبژێردراو لەلایەن حکوومەتی بەغدا بۆ پساندنی گفتوگۆ و تێهەڵچوونەوەی هێرشی سەربازیی لەو هەستەوە سەرچاوە دەگری، کە دەسەڵاتکارانی عێراق هەیانە بەوەی دەسەڵاتیان لەبەریەك هەڵدەوشێتەوە و کات لە قازانجی ئەوان نییە و دواتریش چونکە حەزدەکەن ڕێگە لە جوتیارانی کورد بگرن بۆ ئەوەی دروێنەی بەروبوومەکانیان نەکەن.

تاڵەبانی لای وایە کەوا تورکەکان وەك بانگەشە دەکرێ ئەو هێندە دوژمن نین بۆ بزووتنەوەی کوردیی عێراق مادام مەبەستەکە لێی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی نییە. ڕەوشی دەسەڵاتکارانی ئەنقەرە لەم بارەیەوە بڕێك پەرەئەستاندنی بەخۆیەوە بینیووە و کۆلۆنێل تاڵەبانی بە بڕێك ڕەزامەندییەوە تێبینی ئەوە دەکات، کە لە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا دوو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی ڕێگەیان پێ دراوە لە تورکیا بڵاو ببنەوە. ئەو پێی وانییە کەوا دەسەڵاتکارانی تورك بتوانن ئالیکاری عێراقییەکان بکەن لە شەڕیان دژ بە کوردەکان.

هەرچی سەبارەت بە ئێران بوو هەڵوێستی لە ئێستەدا مۆرکی چەند نەرمونیانییەکیان پێوەیە بۆ بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی.

کۆلۆنێل تاڵەبانی لە مشووری باسکردنی کێشەی هەڵویستی فەرەنسا لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورد، باسەکەی بۆ میر بەدرخان لێ گەڕا. ئەمەی دوایی لە کاتی قسەکانیدا زۆر میانڕۆیی نیشان دا. ئەو چاك دەزانێ کە فەرەنسا ناتوانی نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ دەخاڵەت لە کێشەیەك بکات، کە هەتا لە چاوی کوردەکان خۆیاندا – کە تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن- کێشەیەکی ناوخۆی عێراقە و لەگەڵ

ئەوەشدا ئەو پێی وایە کەوا ئەو میتۆدە زەبروزەنگاوییەی کە لە لایەن حکوومەتی بەغداوە پەیڕەو دەکرێ، عێراقیان بەڕاستی بردۆتە حاڵەتی شەڕ، کە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە ئاشتی دەکات و بەم ناونیشانەوە ناکرێ نەتەوە یەکگرتووەکان گوێی خۆی لێ کەڕ بکات.

کەوایە کوردەکان دەخوازن نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ناوەوە و هەر زۆر بە تایبەتیش وەك بەدیاردەکەوێ ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕێگەی دەوڵەتیکی بچووك و باشتریش وایە دەوڵەتیکی ئەفریقایی-ئاسیایی بێت، بێتە ناوەوە. هەموو ئەوەی کە لە ئێمەی داوا دەکەن لەو گریمانەیەدایە، کە گفتوگۆیەك لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە و پەیڕەوی لە هەڵوێستێکی ڕوون و کراوە بکات لە بەرامبەر خواستەکانی گەلەکەیان.

لە بەرانبەر ئەو وەڵامە زۆر وریایانەی کە پێی درا، میر بەدرخان هیوای ئەوەی خواست کە بتوانێت لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەڕێوەبەری سیاسیی گفتوگۆ بکات.

لەکاتی هەڵساندا، ئاماژەیەکی کورتی بۆ ئەو نیگەرانییە کرد بۆ وەرگرتنی مانەوەی بوورسی (زەمالەی) خوێندن کە درابوو بەو قوتابیە عێراقییانەی کە بەڕەگەز کورد بوون و داوای کرد ئەگەر بکرێ ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە سوودمەند دەبن لە هاریکاری حکوومەتی فەرەنسا زیاد بکرێ، لەسەر ئەم خاڵەی دوایی وەڵامی درایەوە کەوا داواکەی بە ڕۆحێکی چاکەخوازانە لێی دەکوڵدرێتەوە.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 55

چوارشەممە، 19 ی حوزەیرانی 1963

## تێبینی دەربارەی چاوپێکەوتنی کەسیی لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی، نوێنەری سەرۆکی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد، جەنەڕاڵ بارزانی

لای بەرێز کۆلۆمب[102]، بەڕێوەبەری گۆڤاری «Orient» چاوپێکەوتنێکی سێ سەعاتی تا دواڕادە سەرنجڕاکێشم لەگەڵ «کۆلۆنێل تاڵەبانی»، نوێنەری سەرۆکی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد، کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکە هاتۆتە پاریس، ئەنجام دا. من خۆم وەکوو پسپۆڕێکی پرسی زانستە سیاسییەکان پێشکەش کرد نەك وەك کارمەندێکی دەوڵەتی فەرەنسی. ئەم چاوپێکەوتنە بە ئامادەبوونی کەسێك ئەنجامدرا کە ناوەکەیم لە یاد نییە و پێیان وتم کەوا نوێنەری کابینەی بەڕێز سەرکۆمارە.

بۆ ئەوەی ئەم چاوپێکەوتنە خەسڵەتیی زیندووی خۆی لەدەست نەدات، هەوڵ دەدەم بەڕێز وەکوو چۆن پرسیار و وەڵامەکان ئاڕاستە کراون ئاوها بیاننووسمەوە.

**پرسیاری یەکەم: هۆکانی ئەم هێرشەی ئێستەی عێراق چین؟**

وەڵام: حیزبی بەعس لە عێراق زۆر لاوازبووە و جەنەڕاڵ قاسم لایەنگرێکی زۆری هەیە و لە کاتێکدا بەشێکی دیکە هاوسۆزییان بۆ کۆلۆنێل ناسر هەیە. بەعس لای وایە کەوا دەبێ ڕەزامەندیی بەشکۆی سوپا بدرێ بۆ دووپاتکردنەوەی دەسەڵاتەکەی. بێگومان سیاسەتی

---

[102] مارسێل کۆلۆمب Marcel Colombe: بەڕێوەبەری گۆڤاری (Orient) و مامۆستای قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بوو لە پاریس، (وەرگێڕ).

نـوێ، کـه بەعـس پەیڕەوی لـێ دەکات لەبەرانبـەر ڕاپەڕینـی چەکداریـی کـورد بـه هێرشـی زۆر و زەوەنـدە، بـه ڕەزامەنـدی زۆرینـە نەبـووە لەنـاو حزبـدا.

**پرسـیاری دووەم: ئایـا کـوردەکان لـه پرسـی هێرشـی بەعسـدا نیگەرانـن؟**

گفتوگۆکارەکـەم تێبینـی ئـەوەی بـۆ کـردم کـەوا سـوپای عێـراق لەوەتـای دواییـن کودەتـاوە تـا دواڕادە لاواز بـووە. 1200 ئەفسـەر لـە زینـدان دان و لەوانـە 60 یـان کـە بریتیـن لە نیوەی تاقمـی ڕاهێنانی هێزە ئاسمانییەکانن، تـەواوی ئەفسـەرە کـوردەکان وەلا نـراون یـان لـە زینـدان ئـاخنراون، ئـەو کەرەسـتە سـەربازییەی کـە لەلایـەن یەکێتیـی سـۆڤییێتییەوە بـە سـوپای عێـراق دراون خالیـن لـە پارچـەی جێگرتنـەوە. کەرەسـتەگەلی نوێـی ئینگلیـز لەڕێگـەی گەیشـتن دان بـەڵام ئـەم کەرستانە کاتیـان پێویسـتە بـۆ ئـەوەی بزانـرێ چـۆن لـە لایـەن سـوپاوە بەکاردەهێنرێـن.

**پرسیاری سێیەم: ڕەوشی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد لە کوێ دایە؟**

وەڵامدەرەوەکـەم لەسـەر نەخشـە ئـەو ناوچانـەی بـۆ دیـاری کـردم کـە لەلایـەن کوردەکانـەوە کۆنترۆڵکـراون کـە بـە شـێوەیەکی گشـتیی سـەرلەبەری باکوور-ڕۆژهەڵاتیـی وڵات دەگرێتـەوە، پێدەشـت و چیـاکان دەگرێتـەوە بێجگـە لـە شـارەکان نەبێـت. چەکوچۆڵـی شۆڕشـگێرەکان پێش هەمـوو شـتێك ئـەو چەکانـەن کە لـە سـوپای عێراقییـەوە دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێ. ئـەو تەکنیکـەی کـە بەکاردەهێنرێ بریتییـە لـە تەکنیکـی شـەڕی گەریلایـی، پێچەوانـەی شـەڕی بەرەیـی. بـە بـێ هێنانـە بەرچـاوی ئـەوەی نیگـەران بـن و سـڵ لـە مـەرگ بکەنـەوە، کـوردەکان بڕیاریـان داوە وەسیلەگەلی کار (ئەکسیۆن) بە هەر وەسیلەیەکەوە بیت چ لە ڕۆژهەڵات و چ لـە ڕۆژئـاوا بێـت وەبندەسـت بخـەن. کوردەکان سـوورن لەسـەر ئـەوەی ڕیـز لـە ڕێککەوتنامـە نەوتییەکان بگرن و تەنیا داوای دابەشکردنی باشترینی داهاتەکانـی وەبەرهێنانـی نـەوت دەکـەن لـە چوارچێـوەی عێراقـدا. ئـەوە وەبیردێنینـەوە کـە کـوردەکان دانیشـتوانێکی 2 ملیـۆن کەسـین لـە کـۆی 7 ملیـۆن عێراقـی و ژمارەی شـیعەکان کـە دژی سـوننیەکانن، کـە ئێسـتە ئـەو سـوننانە حکوومەتیـان بەدەسـتەوەیە بـەلای کەمییـەوە 3 ملیـۆن کـەس دەبـن. مەسیحییەکان تەرەفداری کوردەکانـن و 300.000 کـەس دەبـن،

کە 1000 پێشمەرگەیان لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا هەیە.

**پرسیاری چوارەم: ئایا کوردەکان خۆیان لە مەترسیدا نابیننەوە لەوەی لە سۆنگەی متمانەکردنی زۆریان بە ویصایەی یەکێتیی شوورەوییە بەرەو ڕووی ببنەوە.**

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو هەستەی پێ دام کەوا ئەم مەترسییە بە هیچ شێوەیەک لای سەرکردایەتیی کورد نادیدە نەگیراوە. وەڵامدەرەوەکەم باسی نامەیەکی بارزانی کرد کە سێ ڕۆژ پێشتر بەدەستی گەیشتووە و تێیدا نووسیویە «نامەوێ کۆیلایەتییەک بە کۆیلایەتییەکی دیکە بگۆڕمەوە».

**پرسیاری پێنجەم: هەڵویستی کوردەکان بەرامبەر بە ناسر چییە؟**

بەڕێز تاڵەبانی بە کەسیی، خۆی لەگەڵ کۆلۆنێل ناسر چاوپێکەوتنی بووە و ئەو چاوپێکەوتنانەی بۆ گێڕامەوە و هەستی ناخی خۆی پێ وتم: ئەگەر بەعس بە قازانجی ناسرییەکان وەربگەڕێ، ئەوا کوردەکان وەڵامدەرەوەیەکی زۆر لەوە تێگەیشتووتر لە بەغدا نابیننەوە، ئەوە بۆیە کوردەکان دەیانەوی سەربکەون پێش ئەوەی نەک گۆڕانکاریی بێتە ئاراوە و گەڕان بە دوای دابینکردنی چەک بە ئامانجی چاککردنی بەرگرییان نییە، بەڵکوو بۆ بەردەوامبوونە بۆ هێرش بردن، بۆ یارمەتیدانی شیعەکانە لەوەی ڕابپەڕن، بۆ داگیرکردنی بەغدا (بەم شێوە) و پێکەوەنانی حکوومەتێکی «دیموکراتی» واتە حکوومەتێک کە نوێنەرایەتیی زۆربەی زۆری دانیشتوان بکات و سوننەکان نوێنەرایەتیی کەمینایەتیی دەکەن.

تێبینی هەمەچەشنە: ژمارەیەک کورد کە لە یەکێتیی سۆڤییێتدا دەژین تەنیا 200.000 کەسن بەرانبەر بە ٤ ملیۆن کورد لە ئێران.

- دەسەڵاتکارانی تورکیە دەستیان کردووە بەوەی سیاسەتێکی فەرهەنگیی زۆر نەرمتر لە بەرامبەر کوردەکانی تورکیە بگرنە بەر و دژایەتی خۆشیان نیشان نادەن لە بەرامبەر کوردە شۆڕشگێڕەکانی عێراق، بە مەرجێک کەوا کوردەکانی عێراق ئامانجێکی عاقڵانە لەبەرچاو بگرن، واتە ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی لە چوارچێوەی عێراق بخوازن و نەوەکا داوای

لەدایکبوونـی نەتـەوە و دەوڵەتـی کـوردی بکـەن.

- حکوومەتـی عـارف گفتۆگـۆکارە کوردەکانـی زیندانی کرد بـە بەکارهێنانی شێوازێکی زۆر کۆن.

- گفتوگۆکارەکـەم کـە سـەرکردایەتیی دە هـەزار 10.000 چەکـدار دەکات لەناوچـە ڕزگارکـراوەکان، کـە ژمـارەی پۆتەنسـیەلییان 100.000 پێشـمەرگەی کـوردە (بێگومـان یەکـەکان لەنـاو چیاکانـدا بـە هـۆی کەمیـی چـەك زۆر لـە خـواروی ئـەم ژمارانەوەیـە. وەڵامدەرەوەکـەم باسـی تێلێگرامێکـی جەنـەڕاڵ بارزانـی کـرد کـەوا لەبـارەی پەرەسـەندنی ڕەوشـەکە وەسـپ دەکات و بـە تایبـەت تەوقکردنـی ژمارەیـەك ئۆردوو لەنـاو شـارەکان و ماوەتـەوە سـەر ئـەوەی بزانـێ داخـۆ گەمارۆدانەکە بـە واتەی عەسـکەریی وشـەکەیە یـان هـەر کۆنترۆڵکردنیکـی لاوەکییـە بەسـەر پەیوەندییەکانـی ئـەم ئۆردووانـە لـە لایـەن شۆڕشـگێڕەکانەوە.

- گفتوگۆکارەکـەم پێـی وایـە ئەسـتەمە عێراقییـەکان بتوانـن دانیشـتوان بـەو شـێوە تەکنیکییـە ڕێـك بخـەن، کـە ئێمـە (واتـە فەرەنسـییەکان. و) بەسـەرکەوتوویی لـە جەزائیـر پیادەمـان کـرد.

**ئەنجامگری:**

ئـەم چاوپێکەوتنـە بەشـێوەیەکی تـەواو تایبەتیـی ئەنجـام دراوە و لـەو ماوەیـەدا مـن خـۆم لـەوەدا سـنووردار کردبـوو لـەوەی گـوێ بـۆ وەڵامەکانـی ئـەو پرسـیارانە شـل بکـەم، کـە بەگوێـرەی ئـەو زانیارییـە ڕۆژنامەوانیانـەی کـە لـە ڕۆژنامەکانـی ڕۆژئـاوا بڵاو دەکرانـەوە، ئـەم تێبینیانـەی خـوارەوەی لا بەجێهێشـتم. ئەگـەر فەرەنسـا نایـەوێ ئەسـتێرەی نـاسر بـەرز بێتـەوە ئـەوا دەبـێ ئـەو مەترسـییەی کـە ئێسـتە لـە ڕەوشـی عێـراق لـە ئارادایـە لەبەرچـاو بگـرێ. ڕاستییەکەی ئەگـەر حیزبـی بەعـس لایەنگیری فیدراسیۆنی عەرەبی میانـڕۆ لـە دوای ئـەو شـەڕە لەنـاو بچـی کـە دژی کـورد بەرپـای کـردووە، ئـەوا ناسرییـەکان سـەرکەوتنیکی ئاسـان لـە عێـراق و پاشـان لـە سـووریە بەدەسـت دەهێنـن تەنیـا ئەگـەر کـوردەکان چارەسـەرێکی دەسـتووریی لـە عێـراق بچەسـپێنن و ئـەم دەوڵەتـە بکەنـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ.

لەسەرێکی دیکەوە مەترسی ئەوە هەیە ببینرێ کەوا ئەم سەربەخۆییە وەکوو دەورانی قاسم پەرەبستێنی و بەرەو برێک پێشکەوتنخوازی تەرەفداریی بۆ مۆسکۆ بڕواتە پێشەوە. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئەگەر کوردەکان نەپلیشێنەوە، ئەوا ژمارەیەک کەمینە نەتەوە کە لە جیهانی عەرەبیدا هەن ( عەلەوییەکان لە سووریە، سوننەکان لە عێراق، هەتا قەبیلەکانی جەزائیر) لە داخوازیکردنی خواستەکانیان کە لەگەڵ یەکێتیی عەرەبی دژبەرن پشتگەرمییەکیان دەبێ. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە کوردەکان لە سەردەستی حکوومەتی داهاتووی عێراقییەوە تیکشکان، کە گریمانەی ئەوە دەکرێ حکوومەتێکی ناسری بێ، ئەوا خەونی عەرەبی لە نفووزی خۆیدا پشتئەستوور دەبێ و مەترسی ئەوە هەیە ڕەوشی مەغریبی عەرەبی تێکبچێ. بە بێ زیادەڕۆیی لە توندوتۆڵیی پەیوەندییەک کە لەنێوان ڕەوشی نیسبی لە کوردستان و ئەو ڕەوشە هەیە کە جێگەی بایەخە بۆ فەرەنسا، واتە بەشێوەیەکی تایبەتی باکووری ئەفریقیا لە بنەڕەتدا، واتە دەبێ لەوە بێ ئاگا نەبین لە شوێنکار و دەنگدانەوەی ئەم دوو حاڵەتە جیاکەرەوەیەدا، کە یەکیان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 56

12/6/63

# کێشەی کورد

## چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنەڕاڵ جەلال تاڵەبانی لەگەڵ «ئیزڤێستیا”.ی ڕووسی

ئاژانسی هەواڵی تاس بە زمانی ڕووسی – 63/6/11 – 3:10– (PLA/E) ی پاشنیوەڕۆ

ئیزڤێستیا ئەمڕۆ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جەنەڕاڵ جەلال تاڵەبانی ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردۆتەوە، کە ماوەیەک پێش ئێستا لەگەڵ پەیامنێری ئیزڤێستیا لە بەغدا، ک.ڤیشنێڤسکی ساز درا بوو. لێرەدا دەقی ئەم چاوپێکەوتنە دەخەینە ڕوو:

**پرسیار:** ئەمڕۆ زۆر باس و نوسین لەسەر «پرسی کورد» دەکرێن و دێنە بەرباس. سروشتی ئەم پرسە چییە؟ بۆچی بەڕای ئێوە ئەم بابەتە ئەوەندە سەرنج ڕادەکێشێت؟

**وەڵام:** پرسی کورد کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردە. لە دوو لایەندا خۆی دەخاتە ڕوو. یەکێکیان خەباتی گەلەکەمانە بۆ مافە نەتەوەییەکانی. ئەوی دیکەیش خەبات بۆ ڕزگاری کوردستانمان لە دەستی داگیرکەرانی بێگانە. کوردەکان ساڵانێکی دووردرێژی کۆششیان کردووە و قوربانیان

بۆ ئەم خەباتە داوە.

"پرسی کورد» تەنانەت پێش شەڕی جیهانی یەکەمیش لەسەر شانۆی جیهانی وەدەرکەوت. وەفدێکی کوردی بەشداری لە بەستنی پەیماننامەی ئاشتیدا کرد، کە تیایدا مادەکانی 62 و 63 و 64 [103] سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد و مافی یەکگرتنەوەی بۆ هەموو کوردستان زامن کرد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کوردەکان باش درکیان بەوە کردبوو کە پەیماننامەکان بەتەنیا هەموو شتێک دەستەبەر ناکات و خەباتێکی شێلگیرانەیان بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپە ڕاگەیەندراوەکان دەست پێ کرد.

لە نێوان هەر دوو شەڕی جیهانیدا گەلی کورد چەندین ڕاپەڕیوە و سەرکەوتنی سەرنجڕاکێشی بەدەستهێناوە. بەم شێوەیە بۆ نموونە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1922دا، حکوومەتێکی کوردیی لە سلێمانی پێکهێنرا و عێراق و ئینگلتەرا ناچار بوون دانی پێدا بنێن.

سەرکردەی کورد شێخ مەحموود بانگ کرا بۆ ئەوەی بچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆ. بەڵام ئەو باش ئاگاداری تاکتیکی ئیمپریالیستەکان بوو، کە چەندین جار سەرکردەکانی شۆڕشەکانیان بانگ کردووە تەنها بۆ دەستگیرکردن و دواتر لەسێدارەدانیان.

شێخ مەحموود گوتی، کوردەکان پێویستیان بە گفتوگۆ نییە، بەڵکوو پێویستیان بە ئازادی و بەجێهێنانی داخوازینامە ڕەواکانیان هەیە. لە هەمان کاتدا نامەیەکی بۆ ڤلادیمێر لینین لە مۆسکۆ ناردووە و لەنامەکدا هاتووە، کە «ڕووسیا دۆستیایەتیی کورد دەکات".

دوای بڕانەوەی شەڕی دووەمی جیهانیی، بزووتنەوەی کوردایەتیی بۆ داخوازیکردنی مافەکانیان هێندەی دیکە بەهێزتر بوو.

[103] لە دەقە فەرەنسییەکە نوسرابوو (68) وەک چۆن بەدڵنیاییەوە، ئەمە هەڵە بوو، بۆیە ئێمە بەم جۆرە ڕاستمان کردەوە (وەرگێڕی کوردی).

تەواوی گەلی گرتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) دامەزرا و لەژێر دروشمی «بەیەکەوە لەگەڵ هەموو گەلانی دراوسێ و، لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم شەڕ بکەن»، دەستی بە چالاکی کرد.

لە عێراق لەگەڵ عەرەبەکان پێکەوە خەباتمان کرد دژی کۆلۆنیالیستەکان و ڕێژیمی پاشایەتی. شۆڕشی 1958 لوتکەی ئەم خەباتە هاوبەشە بوو. لە ماددەی سێی دەستووری نوێی عێراقدا مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی نەتەوەیی ڕاگەیاند.

زیندانیانی سیاسیی کورد ئازاد کران، قارەمانەکانی گەلی کورد لە دەربەدەریدا گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان. لە ناویاندا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لە یەکێتی سۆڤییەت گەڕایەوە.

گەڕانەوەی بارزانی بەتەک ئەو هەلومەرجە لەبارە کە لە مانگەکانی یەکەمی دوای شۆڕشی تەمموزدا هاتە ئاراوە، زیاتر بووە هۆی هاندانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. کوردەکان ڕاستگۆیانە، شان بە شانی گەلی عەرەب لە عێراق، بۆ چەسپاندنی ئازادییە دیموکراسیەکان لەو وڵاتەدا خەباتیان کرد.

بەڵام ئەمە لەگەڵ سیاسەتی قاسمی دیکتاتۆردا پێکەوە نەدەگونجا. قاسم دەستی کرد بە چەوساندنەوەی هێزە دیموکراسیەکانی کورد، وەک ئەوەی بەهێزترین هێزەکانی وڵات بوون. هەموو ڕۆژنامە کوردییەکان داخران، زۆرێک لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستبەسەر کران و هەموو لقەکانی حیزبەکەمان هەڵوەشێنرانەوە. هەر زوو قاسم دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد لە لایەن هێزی سوپاییەوە.

دەرەبەگەکان و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگری ئیمپریالیستەکان، کە کەم تا زۆر بەکرێگیراوی ڕۆژئاوا بوون چەکدار کران و کەشێکی ئیستفزازیی و تۆقینی دروست کرد. قاسم لە ئەیلوولی ساڵی 1959دا بە شێوەیەکی دڕندانە ڕاپەڕینەکانی جووتیارانی سەرکوت کرد، کە لە ناوچە

کوردنشینەکان دەستی پێ کرد بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی چەندین جار بانگەوازیان بۆ قاسم کرد بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بدۆزێتەوە. بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودە بوون. لە 18ی ئەیلولی ساڵی 1959 هێزەکانی حکوومەتی عێراق هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردییەکان و، بەوهۆیەوە وەک دەبینین کوردەکان ناچار بوون چەک هەڵبگرن، کە ئەمە تاکە ڕێگە بوو بۆ بەرگریکردن لە سەربەخۆیی خۆیان. یەکینەکانی بەرگریی بەشدارییان کرد و شەڕ دەستی پێ کرد.

**پرسیار:** ئایا دەتوانن وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەش بدەنەوە: بۆچی سەرنجی ڕای گشتیی جیهانیی لەسەر خەباتی کورد بۆ ڕزگاری و مافی چارەی خۆنووسین چڕ بووەتەوە؟

وەڵام: چونکە ئەمڕۆ کورد نوێنەرایەتی هێزێکی دیموکراسیی دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، نەک هەر داهاتووی عێراق بەتەنیا، بەڵکوو داهاتووی وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیەی جیهانیش، پەیوەستە بە چارەسەری کێشەکەمانەوە.

**پرسیار:** سەردانی قاهیرە و جەزائیرت کرد. ئایا هەروا سەردانێکی ئاسایی بوو، یان گرینگییەکی زیاتری هەبوو؟

وەڵام: بێگومان سەفەرەکە تەنیا هەر بۆ باوەگۆدانەوە[104] نەبووە، کە وای لێ کردبم ئەم سەفەرە بکەم. ویستم لەگەڵ سەرکردەکانی کۆماری یەکگرتوویی عەرەب و جەزائیر کۆببمەوە بۆ ئەوەی لە هەڵوێستی ئەوان لەسەر پرسی کورد تێ بگەم و پشتیوانیان وەدەستبهێنم. بەخۆشحاڵییەوە دەتوانم پێتان بڵێم، کە لێکتێگەیشتن و پشتیوانییەکی گەورەم لەلایەن سەرۆک ناسر و سەرۆکوەزیران بن بێلا بینی.

**پرسیار:** گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی نوێی عێراق چۆن کۆتاییان هات؟

---

[104] باوەگۆدانەوە: المجاملة.

وەڵام: حکوومـەت بەزارەکـی بەڵێنـی پێداویـن، چارەسـەرێک بـۆ پرسـی کـورد بدۆزینـەوە و داواکارییەکانمـان جێبەجـێ بکـەن. بـەڵام چاوەڕوانـیمان لـە حکوومـەت تەنیـا قسـە نییـە بەڵکـوو کـردارە.

**پرسیار:** ئەگەر گفتوگۆکان تێکبچن چی ڕوودەدات؟

وەڵام: شـۆڕش بـەردەوام دەبێـت. هەڵسـوکەوتی دەسـەڵاتداران لـە پایتەختـی عێراق بـە هیـچ شێوەیەک لەگـەڵ ئـەو بەڵێنانـەدا وێک نایەتەوە، کـە بـۆ لەبەرچاوگرتنـی خواسـتە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد داویانـە.

# بەڵگەنامەی ژمارە: 57

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرەخویندنەوە

تاران، 18 ی ئاگستۆسی 1964 لە سەعات 2ی پاشنیوەڕۆ ڕەوانەکراوە

سەعات 15 و 33 خولەك گەیشتووە.

ژمارە 570

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە ( 556)م

حکوومەتـی عێـراق داوای تەسـلیمکردنەوەی تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد دەکات.

هەڵبـەت مـن دەزانـم کـەوا دەسـەڵاتکارانی ئێـران بـەم دواییـە ڕێگەیـان بـە پەڕینـەوەی ئـەو چەکدارانـە داوە کـە لەگـەڵ ئـەم دوو سـەرکردەیەدا بـوون بـۆ نـاو سـنوور.

هەرچـی سـەبارەت بەوانەیـە کـە لـە تـاران لەلایـەن سـەرۆکی ئاژانسـی «سـاواك» ەوە دەسـتگیر کرابـوون توانیویانـە 13 ی ئاگسـتۆس لەگـەڵ سـێ پێشـمەرگەی دیکـە بگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتانی عێـراق.

**گیراودۆن**

# بەڵگەنامەی ژمارە: 58

کاروباری دەرەوە

تەلێگرامی گەیشتوو

گەیشتن بە نووسینگەی ئەفریقا ڕۆژهەڵات

(22 ی حوزەیرانی 1964)

IR-5-8 Kurdes

تاران، 21ی ئاگستۆسی 1964، 14 لە سەعات 14 نێردراوە

لە 21 ی ئاگستۆسی 1964 لە سەعات 17 و 16 خولەک گەیشتووە

-تایبەتی-

ژمارە 576

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە 570 دەکەم.

بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری دەرەوە پێی ڕاگەیاندم کە حکوومەتەکەی مەزەندەی تێهەڵچوونەوەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوپای عێراق و هێزە کوردییەکانی بارزانی، لە هەر ڕۆژێک بێ لە ئێستەوە پێشبینی دەکات.

پێدەچێت نزیکبوونەوەی شەڕ ئاسانکاریی کردبێ بۆ لێک نزیکبوونەوەی تاڵەبانی و بارزانی. دەسەڵاتکارانی ئێران لەوە ڕازین کە ئەمەی دووەمیان (بارزانی) توانیویەتی لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا تارادەیەک یەکگرتووییەکی دیاریکراو بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بگەڕێنێتەوە.

**گیراودۆن**

# بەڵگەنامەی ژمارە: 59

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرەخوێندنەوە

تاران، 29 ی ئاگستۆسی 1964 لە سەعات دووی پاشنیوەڕۆ ڕەوانەکراوە

بە بێ کات......گەیشتووە

ژمارە 582

دەگەڕێمەوە سەر تێلێگرامی ژمارە (572)م.

تاڵەبانی و ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرلەنوێ لە 26 ی ئاگستۆس لەگەڵ 300 پیشمەرگە پەنایان بردۆتە بەر ئێران. دەسەڵاتکارانی ئێران چەکیان لەم گرووپە وەرگرتووە.

## گیراودۆن

## بەڵگەنامەی ژمارە: 60

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر:ژمارە 541

16ی تشرینی دووەمی 1964

ژێدەر: D 37010/A

عێراق-ئێران

(نهێنی)

### دۆخی جیابووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

(13.11.64)

### B/1

بەپێـی زانیاریـی هەواڵگرییەکانـی ئێـران، نەتوانـراوە هیـچ ڕێککەوتنێـک لەنێـوان مـەلا مسـتەفا بارزانـی و جیابووەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی یەکگرتـوو بێتـە دی.

ئەوانـە نزیکـەی 300 کەسـن، کـە لـە ناویاندا جـەلال تاڵەبانـی و ئیبراهیم ئەحمەدیشـیان تێدایـە، کـە تـا ئێسـتەیش لـە ئێرانـن و لەژێـر چاودێریـی دەسـەڵاتدارانی سـنوورەوانیی ئێرانـی دان.

**تێبینی:** جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە مانگی تەمموزدا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکراون. لە ٢١ی ئاگستۆسدا پەنایان بۆ ئێران بردووە.

سەرەتای مانگی تشرینی دووەم، دەنگۆی ئەوە لە سووریە و لوبنان بڵاوبووەوە کە تاڵەبانی لای بارزانی بەخشراوە و پۆستێکی گرینگی لەناو فەرماندەیی کوردیدا پێ دراوە.

## بەڵگەنامەی ژمارە: 61

### سەرۆکوەزیران

### (S.D.E.C.E خ.ب.د.د.ج )

ناونیشانی وەرگر: ژمارە 541

27ی ئازاری 1965

ژێدەر: D 40069/A

### عێراق- ئێران- ئیسرائیل – کۆماری ئاڵمانی فیدراڵ و یەکێیتی سۆڤییێت

### لەبارەی پرسی کورد و ئاشتەوایی تاڵەبانی و بارزانی

(نهێنی)

(ئاداری 1965)

### B/3

جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٦٤وە لە ئێران جێنشین بوو، لەگەڵ بارزانی ئاشت بووەتەوە و نزیکەی بیست ڕۆژە لە عێراقدایە. ئەم ئاشتەواییە تازەیەی ئەم دواییەی نێوان بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەوترێت پاڵنەرەکەی ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** ئاگەدارکردنەوەی ڕەسمیی دوایی سەرۆک عارف، کە لەلایەن بارزانییەوە ڕەتکرایەوە.

**دووەم:** ئەو هەژموونەی کە لە باکووری موسڵ لەلایەن وەزیری

بەرگـری عێراقـەوە دراوە.

**سێیەم:** جموجۆڵی سەربازیی عێراق بەرەو هەولێر.

**چـوارەم:** ئـەوەی کـە تـاران وەڵامـی هەوڵەکانـی عێراقـی نەداوەتـەوە سـەبارەت بـە وەرگرتنـی دڵنیایـی لـە ئێـران لەبـارەی داخسـتنی سـنوور و هـاوکاری نەکردنـی کـوردەکان. بەپێچەوانـەوە، ڕاپۆرتـەکان ئـەوە دەگـەیەنن، کـە دوو یەکـەی مەشـق و ڕاهێنانـی کـورد کـە دەگوترێ بـە چەکـی سـووک، کـە بەشـێکی لـە لایـەن ئیسرائیلـەوە دابیـن دەکرێـت، لەنـاو خاکـی ئێـران ڕادەهێنرێـن.

جگـە لـەوەش دەوترێـت کـوردەکان فڕۆکەخانەیـەک (یـان ناوچـەی کەوتنەخـوارەوەی پاراشـوت)یان دانـاوە بـۆ وەرگرتنـی ئـەو کەلوپـەل و پێداویسـتیانەی کـە دەکرێـت لەلایـەن سـۆڤیەت بێـن.

نوسخە بۆ:

سەرۆکی ئەرکانیی گشتیی تایبەتیی سەرۆکایەتیی کۆمار.

سکرتاریەتیی گشتیی بەرگریی و ئاسایشیی نەتەوەیی (٢ دانە)

کاروباری بێگانان- لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات (یەکێتیی کۆمارە

